

یانزە هەفتەیە
بکوژانی سەردەشت نادیارن

# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات
نرخ 750 دینار
ژمارە (٥٩١) سێشەممە ٢٠/ ٧/ ٢٠١٠



عەبدوڵڵا مەلا نوری:

**بەبێ دەستکاریی (٧٥٪)ـی نەوتی هەرێم دەنێردرێتە ئێران**

6



جەوهەر نامیق:

**لوتکەی لیستی دەسەڵات بە خەتەرناکی مامەڵە لەگەڵ داهاتی کوردستان دەکات**

5

## لەپشتی د.بەرهەمەوە، ڕوونکردنەوەیەک بەناوی حکومەتەوە بڵاودەکرێتەوە

# پارتیو یەکێتی، مانگانە زیاتر لە (٢٥٠) ملیۆن دۆلار لە ئاودیوکردنی نەوتی «قاچاخ» بۆ خۆیان دەبەن

**ڕۆژنامە**

لەپشتی د.بەرهەمەوە، پارتی ڕوونکردنەوەیەک بەناوی حکومەتەوە سەبارەت بە ناردنە دەرەوەی نەوت بڵاودەکاتەوەو بڕی دەستکەوتی مانگانەش بۆ دوو هێزە دەسەڵاتدارەکە زیاترلە (٢٥٠) ملیۆن دۆلارە.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابـــردوو، کەناڵە ڕەسمییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەقی ڕوونکردنەوەیەکیان بەناوی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە دژی وەزیری نەوتی عێراقی بڵاوکردەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک، نە ئەو ڕۆژەو نە ڕۆژانی دواتریش، ئەو ڕوونکردنەوەیە نە لە سایتی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمو نە لە سایتو ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکانی یەکێتییەوە بڵاونەکرایەوە کە یەکێتی پێکهێنەرێکی سەرەکیی حکومەتە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ڕۆژنامە وتی: ئەو ڕوونکردنەوەیە لەلایەن بەرپرسێکی باڵای حیزبیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نێردراوە بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی پارتیو ئەو میدیایانەی لە پارتییەوە نزیکن، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی، هەربۆیە ڕوونکردنەوەکە لە میدیاکانی یەکێتییەوە بەهیچ شێوەیەک بڵاونەکرایەوەو تا ئێستا د.بەرهەمیش هەڵوێستی لەوبارەیەوە دەرنەبڕیوە.

هاوکات داهاتی هەرسێ کێڵگەی نەوتی (تەقتەق، کۆرمۆر، زاخۆ) کە لەلایەن کۆمپانیاکانی سەر بە پارتیو یەکێتییەوە دەفرۆشرێت، بەهیچ شێوەیەک ناچێتە ناو خەزێنەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمەوەو بەپێی ئەو بەدواداچوونەی ڕۆژنامە کردوویەتی، کۆی داهاتی یەک ڕۆژی هەر سێ کێڵگەکە دەکاتە (٨)ملیۆنو (٨٢٠)هەزار دۆلارو داهاتی فرۆشیش بۆ یەک مانگ لە هەر سێ کێڵگەکەدا، دەکاتە (٢٦٤)ملیۆنو (٦٠٠)هەزار دۆلار لەمانگێکدا.

زانیاری زیاتر لە ل٣ بڵاوکراوەتەوە



مەرزی پەروێزخان

فۆتۆ: تایبەت

2

**دەیان هەزار دەرچوو لە زانکۆو پەیمانگەکان وەرناگیرێن**

## داوادەکرێت متمانە لە حکومەت بسەنرێتەوە

**ڕۆژنامە**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان بە پێویستی دەزانێت متمانە لە حکومەت بسەنرێتەوە، لەبەرئەوەی «هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دواخستووە».

د. زانـا ڕەئـوف، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، دواخستنی هەڵبژاردن بە پاشەکشێ لە دیموکراسییەت لەقەڵەمدەداتو دەڵێت: «ئەمەش فاکتەرێکی گەورەی وەرگرتنەوەی متمانەیە لە حکومەت». ئەم بۆچوونەش لە میانی چاوپێکەوتنێکدا خراوەتەروو کە لەلاپەرە ١٢ی ئەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە.

بەپێی زانیارییەکان لە دوایین کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو پارتیدا، بڕیار لەسەر ئەوە دراوە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بۆ بەهاری ساڵی داهاتوو دوابخرێت.

دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەلایەن دوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە لەکاتێکدایە کە پەرلەمانی کوردستان لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوەو تاکە دەسەڵاتی شەرعییو یاسایی بڕیاردانە لە کوردستاندا.

## «ئەو کەسانەی کاری قورس دەکەن دەتوانن بەڕۆژوو نەبن»

**ڕۆژنامە**

یەکێتی زانایانی ئیسلامیی پێشنیاز دەکات ئەو کەسانەی بۆ بژێویی ژیانیان کاری قورسو ڕۆژانە دەکەن بەڕۆژوو نەبن.

جەعفەر گوانی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئیسلامیی ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە، کە بەهۆی ئەوەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان لەمساڵدا دەکەوێتە گەرمای هاوینەوە، ئەو پێشنیازەیان کردووە، وتیشی: «کۆمەڵێک فەتوا هەیە تائێستا خەڵک دوودڵە لەبارەیانەوەو پێویستە قسەیان لەسەر بکرێت، بۆیە بەباشمان زانی پێش هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان هەموو ئەو شتانە دیاری بکەینو بیدەینە لیژنەی باڵای فەتوا، تا ئەوانیش لەڕووی شەرعەوە فەتوای لەبارەوە بدەن، یەکێکیش لەو شتانە مەسەلەی بەڕۆژووبوونی ئەو کەسانەیە کە ڕۆژانە کاری قورس دەکەن».

بۆ ل ١٧




فۆتۆ: سیروان عەول



تارق حەرب:

**ئەرکی دادگای فیدراڵییە بڕیار لە بارەی کێشەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بدات**

11

## حکومەتی هەرێم، بە ناوی کۆمەکەوە، زیاتر لە یەک ملیار دۆلار لە دەرەوە وەردەگرێت

**ئەلەند مەحوی**

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هاوکاریو هەماهەنگیی پەرەپێدانی سەر بە وەزارەتی پلاندانان، ئاشکرای دەکات کە حکومەتی هەرێم بڕی (١,٠٨٧,١٢٨,٣٥٥)دۆلاری وەک کۆمەک لە (١٠)وڵاتی جیهان وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی ئاشکرای بکات کە ئەو پارەیە بۆچی خەرجکراوە.

لەئێستادا (١٢)لایەنی کۆمەکبەخش لە هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە، بەڵام بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هاوکاریو هەماهەنگیی پەرەپێدان، تەنها ناوی (١٠) لەو کۆمەکبەخشانەی ئاشکراکردووە کە کۆمەکبەخشی سەرەکیی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، کە ئەوانیش هەریەک لە (ئەمریکا، کۆریا، ژاپۆن، جایکا،

بۆ ل ٢

20



**نەبوونی بودجە یانەکانی سلێمانی بەرەو داخستن دەبات**

# لەپشتی د.بەرهەمەوە، ڕوونکردنەوەیەک بەناوی حکومەتەوە بڵاودەکرێتەوە
# پارتیو یەکێتی، مانگانە زیاتر لە (٢٥٠) ملیۆن دۆلاریان لە نەوتی «قاچاخ» دەستدەکەوێت

سیروان ڕەشید




دەسەڵاتی تەحەکوم کردن بەنەوتی هەرێمەوە لای کامیانە؟

فۆتۆ: سیروان

دروستبوونی هەڵایەکی ناوخۆییو دەرەکیی لەسەر قاچاخچێتیکردنی دوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم بە نەوتەوە، دامەزراوەی حکومەت ناچار دەکات، تەمسیلی سیاسەتێک بکات کە لە بەرژەوەندیی حیزبدا بێت، نەک لە بەرژەوەندیی میللەت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە مەزەندەدەکرێت، مانگانە پارتیو یەکێتی، بۆ هەر یەکێکیان (١٣٠)ملیۆن دۆلار قازانج لە ناردنی نەوتی هەرێم بۆ ئێران بکەن.

## چیرۆکی گۆڵکردنەکەی پارتی!

ڕۆژی پێنجشەممەی رابـردوو، کەناڵە ڕەسمییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (سەتەلایتی کوردستان، کەناڵی زاگرۆس، تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکانی پارتی، سایتی پەیامنێر، بۆ ڕۆژی دواتریش ڕۆژنامەی خەبات)، دەقی ڕوونکردنەوەیەکیان بەناوی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە دژی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی وەزیری نەوتی عێراقی بڵاوکردەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نە ئەو ڕۆژەو نە ڕۆژانی دواتریش ئەو ڕوونکردنەوەیە نە لە سایتی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمو نە لە سایتو ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بڵاونەکرایەوە، کە یەکێتی پێکهێنەرێکی سەرەکیی ئەم حکومەتەیە.

ئەو ڕوونکردنەوەیە کە میدیاکانی پارتی بە بایەخەوە گرنگییان پێداو بە زمانێکی توند نووسراوە، دەڵێت: «پێدەچێت، شەهرستانی بەم ڕەفتارە ڕاهاتبێتو بەسەر بڕگەکانی دەستووری عێراقدا بازدەدات، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەوییان دەکات، دەبوایە شەهرستانی وازی لە ئاڕاستەکردنی تۆمەتی ناڕەوا بهێنابایە».

هـەروەهـا ڕوونـکـردنـەوەکـە باس لەوەشدەکات: «حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتیی سەرۆکی هەرێم، پەیوەندیی بە هەموو کاروبارەکانی عێراقەوە هەیەو بەتەنگی سامانی گشتییو بەرژەوەندیی گەلی عێراقەوەیە».

ئەم ڕوونکردنەوەیە کە بە زمانێکی توند نووسراوە، چاودێران پێیانوایە؛ لە زمانی ڕەسمییو لە ئسلوبی موخاتەبەو وەڵامـدانـەوەی دامەزراوەیەکی بچووکی حکومیش ناچێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەنجومەنی وەزیـــران، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: ئەو ڕوونـکـردنـەوەیـە لـەلایـەن پارتییەوە نووسراوەو د. بەرهەم بەهیچ شێوەیەک بۆ نووسینی ئەو ڕوونکردنەوەیە ئاگادار نییەو پرسیشی پێ نەکراوە.

سەرچاوەکە وتیشی: ئەو ڕوونکردنەوەیە لەلایەن بەرپرسێکی باڵای حیزبیی پارتی دیموکراتی کـوردسـتـانـەوە نـێـردراوە بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی پارتیو ئەو میدیایانەی لە پارتییەوە نزیکن، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی، هەربۆیە ڕوونکردنەوەکە لە میدیاکانی یەکێتییەوە بەهیچ شێوەیەک بڵاونەکرایەوەو تائێستا د.بەرهەمیش هەڵوێستی لەوبارەیەوە دەرنەبڕیوە.

زیاتر لە پێنج ساڵە، پرسی بەقاچاخ نـاردنـەدەرەوەی نەوتی خـاوی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی خاڵە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەرانو باشماخو پەروێزخانەوە، لـەلایـەن بەشێک لـە میدیا ناوخۆییو جیهانییەکانەوە دەوروژێنرێتو لەئێستاشدا کە ئـەم مەسەلەیە هەڵایەکی گـەورەی ناوخۆییو دەرەکیی لێکەوتووەتەوە، پارتی دەیەوێت حکومەت ناچار بکات، بۆ خستنە بەردەمی واقیعێک کە کابینەی پێشوو تووشی بوو، ئەویش شەڕی وەزیری نەوتی عێراقیو سیاسەتی نەوتی حکومەتی بەغدایە.

یـەکـێـتـیو پـارتـی، چـەنـد ساڵێکە ڕێککەوتننامەی ستراتیژییان لەنێواندایە بۆ قۆرغکردنی هەموو کایە ئابوورییو سیاسییەکانی هەرێمو ئەم ڕێککەوتنە بەسەر بازرگانیی نەوتدا بۆ ئێرانیش جێبەجێدەبێت.

بڵاوکردنەوەی ئەو ڕوونکردنەوەیە بـەنـاوی حـکـومـەتـەوە، بـەبـێ ئـەوەی نـاوی وتـەبـێـژەکـەی حـکـومـەت (د.کـاوە مەحمود)ی لەسەر بێت، یاخود ڕوونکردنەوەکە لە کلێشەی ڕەسمیی حکومەتدا نووسرابێت، دەلیلی ئەوەیە کە لە ئێستادا بڕیارو هەڵوێستەکان سەبارەت بە پرسی نەوت لـەدەرەوەی حکومەتەوە دەدرێـنو حکومەت ناچار دەکرێت مل بۆ بەرژەوەندییەکانی حیزب بدات.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، هەفتەی رابـردوو لە ڕاپۆرتەکەیدا نووسیبووی: «د.بەرهەم ساڵحی سەرۆک وەزیرانی هەرێم، نیگەرانە بە ناردنەدەرەوەی نەوت بە ڕێگەی قاچاخ، بەڵام تەنانەت لەناو حیزبەکەی خۆیدا کە جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆمار ڕێبەریی دەکـات، تووشی بەربەرەکانی دەبێتەوەو کێشەکەی د.بەرهەم هێندەی تر ئاڵۆز دەبێت، بەهۆی پەیوەندییە خراپەکانی لەگەڵ ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکاندا کە لەلایەن مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمەوە پاڵپشتی دەکرێت».

بەگوێرەی وتەی سەرچاوە تایبەتەکەی ڕۆژنامە لە ئەنجومەنی وەزیران، کە لەبەر هەستیاریی بابەتەکە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، بەرهەم ساڵح لەحاڵەتێکی زۆر نـاڕەحـەتو سەغڵەتدایە سەبارەت بە فەرزکردنی ئەو واقیعەی کە بەلایەوە نەخوازراوە، ئەو سەرچاوەیە وتی: «ڕەنگە لەم ڕۆژانەدا د. بەرهەم هەڵوێستی بخاتەڕوو، کە تا ئێستا یەک وشەی دەرنەبڕیوە لەسەر فرۆشتنی نەوت بە ئێران».

## یەکێتی و پارتی، مانگانە چەندیان دەستدەکەوێت؟

سـەرچـاوەی ئـەو نـەوتـە خـاوەی دەفرۆشرێت بە ئێران، کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان: (تەقتەقو کۆرمۆرو زاخۆ)ن.

بازرگانیپێکردنی نەوتی هەرێم لەلایەن کۆمپانیاکانی (نۆکان، قەیوان-ەوەیە، کە نۆکان سەر بە یەکێتییەو قەیوان نزیکی بەرپرسانەو دوو کۆمپانیای تری سەر بە پارتی) پرۆسەی ڕەوانەکردنو فرۆشتنی بە ئێران قۆرغکراوەو لە هەر سێ خاڵی سنووریی (باشماخ، پەروێزخان، حاجی ئۆمەران)ەوە بۆ (بەندەرعەباسو بەندەرئیمام)ی ئێران ڕەوانە دەکرێت.

ئـەم کۆمپانیایانە ڕاستەوخۆ نەوت لەکۆمپانیای (عیراق ئۆیل) دەکرن. عێراق ئۆیل کۆمپانیایەکە لەسەردەمی کابینەی پێشوو دامەزراوەو مافی فرۆشتنی نەوتی لەهەموو کێڵگەکانی کوردستان دراوەتێ، وەک زانـراوە لەهەموو تەنێک نەوت بڕی (٣٥-٥٥) دۆلار قازانج دەکـات، لەکاتێکدا کەس نازانێت بۆچی ئەم مافە دراوە بەو تەنها کۆمپانیایە. کە هەندێک لەشارەزایان دەڵێن ئەم کۆمپانیایە بەشی هەرەزۆری هی پارتیەو بەشێکی کەمیشی بۆ ڕازیکردنی یەکێتی دراوە بە ئیدارەی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

داهاتی ئەو نەوتەی لەلایەن کۆمپانیاکانی سەر بە پارتیو یەکێتییەوە دەفرۆشرێت، بەهیچ شێوەیەک ناچێتە ناو خەزێنەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمەوە، هەروەک لەکاتی گفتوگۆی بودجەی ئەمساڵدا لە پەرلەمان، بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی وتی: «یەک دیناری نەوتی هەرێم، نەخراوەتە سەر حساباتی بودجە».

ئازاد کەمال، دانیشتووی شاری سلێمانی، ناوی خـوازراوی یەکێک لەشۆفێری ئەو تەنکەرانەیە کە لـەمـەرزی باشماخەوە «پێنجوێن»، نەوت دەگوازێتەوە بۆ ئێران، وتی: «من گرێبەستم لەگەڵ کۆمپانیای قەیوان هەیە، کە ڕۆژانە لەگەڵ دەیان تەنکەری نەوتی دیکە لەو سنوورەوە نەوت دەبەینە ئێران»، ئازاد هەروەها باسی لەوەکرد، کە سەرچاوەی گواستنەوەی ئەو نەوتەی دەیبەن بۆ ئێران نەوتی تەقتەقە، «بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەو لە عەمبارێک باری دەکات لە نزیکی تانجەرۆیەو دەکەوێتە خوار بازگەی سلێمانی عەربەت، کە لەلایەن کۆمپانیای نۆکانەوە دروستکراوە».

ئازاد کە ماوەی (٤) ساڵە، سەرقاڵی ئەو پیشەیەیە، سەبارەت بە نرخی ئەو نەوتەی دەیفرۆشن وتی: «کۆمپانیا ناهێڵێت ئێمە زۆر تەدەخولی ئەو شتانە بکەین، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندیمان لەگەڵ ئـەو برادەرەهەیە کە بەرپرسی حساباتە لەسەر مـەرز، بۆ هەرتەنێک کە دەیفرۆشین جۆری نەوتەکە دەیزانێت، بە (٣٦٠) دۆلار تاوەکو (٤١٠)دۆلار فرۆشراوە».

عەبدوڵڵا مەلانوری، ئەندامی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، وتی: «بەپێی ئەو لیستەی لای من هەیە، ئەو ڕۆژەی وەزیـری سامانە سروشتییەکان لەبەردەم پەرلەماندا لەسەر بودجە ڕوونکردنەوەی دەدا، (٣٨٤) تەنکەر لە کێڵگە نەوتی تەقتەقەوە ڕۆیشتبوو، هەر تەنکەرەو (٢٨)تەن باردەکاتو بۆ هەرتەنێک (٣٨٥)دۆلار وەردەگیرێت».

بەپێی زانیارییەکانی ئەو پەرلەمانتارە بێت، ئەگەر لە ڕۆژێکدا (٣٨٤)تەنکەر لە تەنها یەک کێڵگەوە «تەقتەق» ڕۆیشتبێت بۆ ئێرانو بڕی نەوتو نرخەکەی بەوشێوەیە بێت، بەوپێیە، مانگانە هاوکێشەیەکی حسابی سەیر دەچێتە حسابە نادیارەکانەوە!!...

گریمان، ڕۆژانە کەمتر لەو (٣٨٤)تەنکەرە دەربهێنرێتو (٣٠٠)تەنکەر بێت لە یەک کێڵگەو بە کەمتر لەو نرخەش بە (٣٥٠) دۆلار بفرۆشرێتو تەنها مەزەندەی ئەوەش بکەین کە هەردوو کێڵگەکەی دیکەش (زاخۆو کۆرمۆر)، ڕۆژانە (٣٠٠)تەنکەریان لێ ڕەوانە بکرێت، ئەوا کۆی داهاتی یەک ڕۆژی هەر سێ کێڵگەکە دەکاتە (٨)ملیۆنو (٨٢٠)هەزار دۆلارو داهاتی فرۆشیش بۆ یەک مانگ لە هەر سێ کێڵگەکەدا، دەکاتە (٢٦٤)ملیۆنو (٦٠٠) هەزار دۆلار لەمانگێکداو ئەم بڕە پارەیەش وەک داهاتی ڕاستەوخۆ، جگە لەوەی کە بەپێی کۆمەڵێک زانیاریی، گومانیش دەکرێت کە لەکۆی پرۆسەی گـەڕانو دەرهێنانی نەوتیشدا لەکێڵگەکاندا، پارتیو یەکێتی پشکیان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا هەبێت.

---

# پێنج مانگە (٢٧) فەرمانبەری وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەبێ مووچە لە کەرکوکن

هاوڕێ عەبدوڵڵا

مـاوەی پێنج مانگە (٢٧) فەرمانبەری سەر بە وەزارەتـی ڕۆشنبیریی هەرێم بۆ کەرکوک گواستراونەتەوەو تائێستا مووچەیان وەرنەگرتووەو کێشەکەیان بۆ چارەسەرنەکراوە.

بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیـرانـی هەرێمی کوردستان، کە لە (٢٠١٠/٣/٩)دا دەرچـووەو ئاراستەی وەزارەتـی ڕۆشنبیریی هەرێم کراوە، بڕیاردراوە بە گواستنەوەی (٢٧) فەرمانبەری سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێم، کە فۆڕمی خۆراکیان کەرکوکە بۆ بەڕێوەبەرێتی ماڵی ڕۆشنبیریی کەرکوک لە چوارچێوەی کارەکانی مادەی (١٤٠)دا.

یەکێک لەو فەرمانبەرانە کە نەیویست ناوی بهێنرێت وتی: «نزیکەی (٣٠) ساڵ خزمەتم هەیەو بژێویی ژیانم لەسەر کارەکەمە، کەچی ماوەی پێنج مانگە مووچەم وەرنەگرتووەو لە بەرامبەریشدا حکومەتی هـەرێـمو وەزارەتـــی ڕۆشنبیریی کەمتەرخەمبوونو هیچیان بۆ نەکردووین.

هاوکات هەڵگورد عەبدولوەهاب، بەڕێوەبەری گشتیی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: گواستنەوەی ئەو فەرمانبەرانە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ەو بەپێی نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ئێمە ئەو بڕیارەمان جێبەجێکردووە، هەندێکیان داوایانکرد پێداچوونەوە بە بڕیارەکەدا بکرێتو دوابخرێت، بەڵام نەکرا.

وتیشی: «تائێستا مووچەی ئەو فەرمانبەرانە یەکلایی نەبووەتەوەو کێشەکەیان لە وەزارەتـی دارایـی عێراقە، ئێمە هەندێک هەوڵی بچووکو نارەسمیان داوە، دەبێت لەوە زیاتر نەبنە قوربانیو زوو کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەین، چونکە ئەوان خاوەن هەقنو بژێویی ژیانیان لەسەر ئەو مووچەیە بەندە».

---

# هەرێم ئاگاداری دیوارەکەی ئێران نییە

سەنگەر جەمال

ئێران دیواربەندێک لەسەر سنوورەکانی هەرێم دروسـتـدەکـاتو مشتومڕ لەنێوان هـەردوو لایەن دەکەوێتەوەو هەرێمیش بێئاگایی خۆی لەوبارەیەوە دەردەبڕێت.

باڵیۆزی عێراق لە کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاند: لیژنەیەکی عێراقی لەگەڵ لایەنی ئێرانیدا تاووتوێی دروستکردنی دیـواری سنووریی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە سنوورەکانی هەرێمدا دەکاتو لە میانی لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئەسوات عێراق، وتی: «باسی هەموو ئەو دەنگۆیانە دەکرێت، کە دەوترێت ئێران دیواری جیاکەرەوە لەنێوان خۆیو هەرێمی کوردستاندا دروستدەکات، ئێمە بە فەرمیی پرسیار لەو بارەیەوە دەکەینو داوای ڕوونکردنەوەش دەکەین».

سنووری نێوان خاکی عێراقو ئێران زیاترە لە (١٣٣٦)کم، زۆربەی ئەو سنوورەش هاوتەریبی هەرێمی کوردستانە، بەڵام نازم عومەر، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئێران، بێئاگایی خۆی لە هەر هەوڵێکی لەوجۆرە دەربڕیو لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «تەنیا ئەوەندەی بیستوومانە لە ڕۆژنامەکانەوە ئەوەیە، کە لە سەفارەتی عێراقییەوە باس لەو مەسەلانە کراوە، لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی ڕەسمییەوە جەختی لەسەر نەکراوەتەوە».

ئەو باسی لەوەکرد: چەندجارێک لە ڕاگەیاندنەکانەوە قسەی لەسەر کراوە، بەڵام بە ڕەسمیی ئاگاداری نین، بۆیە «نە ئەوەیە قبووڵی بکەین، نە ڕەتیشی بکەینەوە»، هەروەک ئەوەی خستەڕوو کە بانگهێشتی ئەو کۆبوونەوەیەش نەکراون، کە باڵیۆزی عێراق باسی کردووەو وتیشی: «تەنیا گرفت ئەگەر هەبێت لەسەر دیاریکردنی سنوورو مەرز دەبێت، چونکە ئێمە چەندینجار خۆمان باسمان کردووەو داوامانکردووە لەجیاتی ئەوەی ئێران فشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەکرێت لەناو خاکی خۆیەوە سنوورەکانی قایم بکات، چونکە هەرێمی کوردستان لە توانایدا نییە کۆنترۆڵی ئەو سنوورانە بکات، لەبەرئەوە ئەوانیش چی بە بەرژەوەندیی خۆیان بزانن لەناو خاکی خۆیاندا ئازادن، بەڵام ئەگەر کاری واش بکرێت، تاکە گرفت دیاریکردنی ئەو سنوورەیە لەنێوان خاکی هـەردوو وڵاتـدا، کە پێویستی بە دیاریکردنی تەختیتی سنوور دەبێت لەو شوێنانەدا».

«قۆناغی سەربەخۆیی یەکێتیی نووسەران کۆتایی هات» 4

# هەوڵەکان هێشتا بێ ئەنجامن!!

**سەرنووسەر**

هەروەک چاوەڕوان دەکرا، کۆبوونەوەکەی دوێنێی کوتلە سیاسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بێ ئەنجام بوو، تەنیا بڕیارو دەستکەوت ئەوە بوو، کە کۆبوونەوەی داهاتوو خرایە رۆژی یەکشەممەی هەفتەی داهاتوو لەبری رۆژی دووشەممە!

کێشەکان هەروەک خۆیانن‌و لایەنە سیاسییەکان تادێت لەیەکتر دوورتر دەکەونەوەو بێ متمانەیی نێوانیان ئاڵۆزتر دەبێ‌و هەرلایەک پێیوایە، کە کات لە بەرژەوەندیی ئەو دەبێ‌و کوتلە سیاسییەکەی رکەبەری بەرەو لاوازبوون‌و هەڵوەشاندنەوە دەچێ‌و مەودای پەتپەتێنەکەی نێوانیان کەمتر دەبێت.

ئەمجارەیان چەند کەسایەتییەکی وەک ئەیاد عەلاوی‌و موقتەدا سەدر، روویان کردووەتە وڵاتی سوریاو نازانرێ، ئایا کەسایەتی دیکەی عێراقی شوێن پێیان هەڵدەگرن، یاخود تەنیا ئەو دوو لایەنە لەوێ هەوڵی دۆزینەوەی چارەیەک بۆ گرێکوێرەکانی خۆیان، نەک عێراق دەدۆزنەوە؟ رەوتی سەدر، یەکێکە لەلایەنە هەرە دژەکانی گەڕانەوەی حیزبی بەعس لەژێر هەر ناوو پەردەیەکدا بێت بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لەعێراق‌و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو رەوتە یەکێکە لەلایەنە هەرە دژەکانی کاندیدکردنەوەی نوری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق.

چوونی سەرۆکی رەوتی سەدر بۆ سوریا گەلێک لێکدانەوە هەڵدەگرێت، لەلایەک ئاماژە بە بێهودەبوونی هەوڵەکانی لیستە شیعەکان دەردەخات لەگەیشتن بەرێککەوتن لەناو خۆیانداو لەلایەکی دیکەش هەموو کارتەکان تێکەڵ بەیەکتر دەکات، بەشێوەیەک کە هەر لایەنێک وابیر بکاتەوە دوور لە هاوپەیمانێتییەکەی خۆی هەرچی زووترە فریای خۆی بکەوێ‌و ئەویش مانۆری خۆی دەستپێبکات‌و بەجێ نەمێنێت.

هیچ کات بێمتمانەیی‌و پەرتەوازەیی لایەنە سیاسییە عێراقییەکان لە پرۆسە سیاسییە نوێیەکەی عێراقدا نەگەیشتووەتە ئەم ئاستەی کە ئەمڕۆ تێیکەوتوون‌و تادێ ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتییەکان بەهێزتر دەبێ‌و تەنانەت ئەگەر هاتوو چەند لایەنێکیش بگەنە رێککەوتن لەنێوان خۆیاندا لە داهاتوودا ئەگەری هەڵوەشانەوە، یان لە پەرلەمانی عێراق لەئان‌و ساتدا دەبێت.

هەلومەرجی سیاسیی عێراق‌و ئاراستە جیاجیاکانی پێکهاتەو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان روو لە پەرتبوون‌و هەڵوەشاندنەوەی بەرەو هاوپەیمانییە ناکۆکەکانە رووەو قەبارەی بچووکتر، ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێ، کە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەناخی خۆیاندا هاوبیرو هاوخەم نین‌و یەک تێڕوانینی هاوبەشیان نییە بۆ ئێستاو بۆ داهاتووی عێراق.

# حکومەت دوور لە رێنماییەکان پلەو ناونیشانی کارگێڕیی دەبەخشێتەوە



**بەرهەم خالید**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لە دوو نووسراوی جیاداو بەدەر لە رێنماییە کارگێڕییەکان کەسێک لە یەکەم دامەزراندندا بە پلەی شارەزا (خبیر) دادەمەزرێنێت‌و لە دووەم نووسراویشدا بە فەرمانێک کەسێک لە (پلە٥/ مەرتەبە/٤)ەوە دەکاتە (پلە/٣مەرتەبە/١) لەکاتێکدا هەر پلەیەک چوار ساڵ‌و هەر مەرتەبەیەک ساڵێک خزمەتی پێویستە، پسپۆڕێکی کارگێڕییش باس لەوە دەکات: کە ئەوە بەپێی یاسا هەڵەیەو کەسێک بۆ گەیشتن بە پلەی شارەزا دەبێت لانی کەم (٢٠) ساڵ خزمەتی کارگێڕیی‌و توێژینەوەی هەبێت.

بەپێی فەرمانێکی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، کە بە ژمارە (٤٧٢٨) لە ٢٠١٠/٥/٣ لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە بە ئیمزای د.بەرهەم ئەحمەد سالح، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە، تێیدا هاتووە: کە بڕیار دراوە بە دامەزراندنی کەسێک بە ناوی د.سرمد محمود شەوکەت زەهاوی، پسپۆڕ لە بواری ڤێتێرنەری لەسەر میلاکی وەزارەتی کشتوکاڵ‌و سەرچاوەکانی ئاو/ بەڕێوەبەرێتی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی، بە ناونیشانی (شارەزا) واتە: خبیر، بە مووچەی شایستە وەک لە نووسراوەکەدا هاتووە.

د.کاوە قەرەداغی، پسپۆڕ لە بواری کارگێڕیی‌و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: کە بەهیچ شێوەیەک نابێت کەسێک لە یەکەم دامەزراندندا بە پلەی شارەزا دابنرێت‌و کەسێک بۆ گەیشتن بەو پلەیە لانی کەم دەبێت (٢٠) ساڵ خزمەتی هەبێت‌و کاری توێژینەوەی گرنگی لە بواری خۆیدا ئەنجام بدات، بۆیە ئەو حاڵەتە نادروستەو نایاساییە.

هەروەها بەپێی فەرمانێکی دیکەی سەرۆکایەتی دیوان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٤١٧)ی ٢٠١٠/٦/١، کە ئیمزای د.نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی لەسەرە تیایدا هاتووە: کە بڕیاردرا لەسەر گۆڕینی ناونیشانی دیاری محەمەد زاهد عومەر، کە فەرمانبەرە لەسەر میلاکی وەزارەتی رۆشنبیریی‌و لاوان لە (رئیس محررین) لە پلە (٥/ مەرتەبە/٤) بۆ (بەڕێوەبەر) لە پلە (٣/ مەرتەبە/١) بە مووچەی (٦٢١) هەزار دینار.

دەربارەی ئەو حاڵەتەش پسپۆڕەکەی بواری کارگێڕیی باس لەوە دەکات: کە ئەو حاڵەتەش بەپێی رێنماییە کارگێڕییەکان نابێت مەگەر لە حاڵەتێکدا ئەو کەسە کارێکی زۆر گرنگی ئەنجامدابێت، ئەوەش لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندایە، نەک سەرۆکی دیوان، بۆیە ئەم حاڵەتە پێچەوانەی رێنماییە کارگێڕییەکانە بەوپێیەی لە نووسراوەکەدا هیچ ئاماژەیەک نەدراوە کە بۆچی‌و لەبەر چ هۆکارێک ئەو پلەیە بەو شێوەیە بەرزدەکرێتەوە؟

# دوای پێنج رۆژ، لایەنە پەیوەندیدارەکان هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکەی ئوتێل سۆمایان رانەگەیاندووە

**سەنگەر جەمال**

دوای (٥) رۆژ بەسەر رووداوی کارەساتباری ئاگرکەوتنەوەکەی ئوتێل سۆما، هیچ ئەنجامێک لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەوە رانەگەیەنراوەو هۆکاری کەوتنەوەی ئاگرەکەش ئاشکرا نەکراوە.

سووتانی ئۆتێل سۆما لە سەعات (١٠,٤٥)ی شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینی رابردوو لەناوجەرگەی شاری سلێمانی گیانلەدەستدانی (٢٨) کەس‌و برینداربوونی (٢٢) کەسی لێکەوتەوەو لەو رێژەیەش (١٤)یان عێراقین کە تەنیا یەکێکیان عەرەبە، (١٤) قوربانیی تریشیان خەڵکی وڵاتانی بیانین.

### دوای زیانەکان دەکەونە خۆ؟!

دوای کارەساتەکەو گیانلەدەستدانی ژمارەیەکی بەرچاوی هاوڵاتی کوردو بیانی، کاربەدەستانی حکومەت کەوتنەخۆو بۆرۆژی دواتر لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە بە دوو فەرمانی جیاواز دوو لیژنە لە شاری سلێمانی پێکهات، کە یەکەمیان: تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی کەوتنەوەی ئاگرەکەو دیاریکردنی لایەنی کەمتەرخەم، لیژنەی دووەمیش: کە لە نوێنەرانی فەرمانگەکانی سنوورەکە پێکهاتووە بۆ پێداچوونەوە بەو تەلارو باڵەخانانەی لە سنوورەکەدا هەن، بە مەبەستی ئاگاداربوون لە پەیڕەوکردنی مەرجەکانی سەلامەتی.

لەم چەند رۆژەشدا لیژنەی دووەم رێنمایی تایبەتی دەرکردووە بۆ رەچاوکردنی مەرجی سەلامەتی لە ئوتێل‌و باڵەخانە گشتییەکانداو بەشێکی ئەو شوێنانەشیان بەسەر کردووەتەوە، بەڵام تائێستا لیژنەی یەکەم هیچ زانیارییەکی نەدرکاندووە.

عەقید دیار ئیبراهیم، نوێنەری بەرگریی شارستانی لەو لیژنەیەی بەدواداچوون بۆ ئوتێل‌و باڵەخانەکان دەکەن، ئەوە دەخاتەڕوو: کە لیژنەکەیان دەستبەکاربووەو لەوبارەیەشەوە وتی: «دەستبەکاربووین‌و رێنمایی تایبەتمان دەرکردووەو بەشێکی ئوتێل‌و باڵەخانەکان بەسەرکراونەتەوە، ئەو بینایانەش کە لەمەودوا دروستدەکرێت دەبێت رەزامەندیی ئێمەی بۆ وەربگیرێت بۆ ئەوەی مەرجی سەلامەتیان تێدا رەچاو بکرێت».

لای خۆشیەوە کەمال عەبدوڵڵا، نوێنەری گەشتوگوزار لە لیژنەکە، باسی لەوە کرد دوای دەستبەکاربوونیان مەرجەکان بەسەر ئەو شوێنە گشتیانەدا دەسەپێنن بە ئوتێل‌و مۆڵ‌و مارکێت‌و باڵەخانەی نیشتەجێبوون‌و فەرمانگە حکومییەکانیشەوە، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وتیشی: «دەسەڵاتی تەواومان پێدراوەو ئەو باڵەخانانە هەرکەموکوڕییەکیان هەبێت، دەبێت لەماوەی (٣٠) رۆژدا رێنمایی‌و مەرجەکان جێبەجێ بکەن، ئەگەرنا دادەخرێن».

لەبارەی کاری ئەو لیژنەیەشەوە کە لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی ئاگرکەوتنەوەکە دەکات کە پارێزگاری سلێمانی سەرۆکایەتی دەکات، توانا عەلی، سکرتێری رۆژنامەوانی پارێزگار، دووپاتی کردەوە کە ئەنجامی کۆتایی دەرنەکەوتووەو وتی «لێکۆڵینەوەکان وردن‌و پێویستیان بە کات هەیە».

### ئاگرکوژێنەوە ئامێری پێویستی نییە

هەرچەندە لەساتی کەوتنەوەی ئاگرەکەوە فەرمانگەی بەرگریی شارستانی رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە کوژاندنەوەی ئاگرەکەو هەوڵی رزگارکردنی کەسانی ناو ئوتێلەکە، بەشێوەیەک توانرا (٥٤) کەس رزگار بکرێن، بەڵام (٢٨)یش بوونە قوربانیی.

عەقید دیار، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو ئامێرانەی هەمانە مۆدێلی تازەیەو بەپێی ستانداردی جیهانییە، بەڵام وەک پێویست ژمارەیان زۆر نییە، ئەوەش بەهۆی فراوانبوونی شاری سلێمانییەوە، کە کۆمەڵێکی دیکەمان پێویستە، پێشتریش داوای ئەو پێداویستیانەمان کردووە، بەڵام تائێستا نەکردراون».

وتیشی: «بەرگریی شارستانی خێرا کۆنترۆڵی ئاگرەکەی کرد، بەوەی زۆرێک لە ژوورەکان نەسووتاون، بەڵام ئەو خەڵکەی گیانیان لەدەستداوە بەهۆی دووکەڵ‌و نەبوونی رێنمایی سەلامەتی‌و دەرچەوە بووە، کە لە بیناکەدا جێبەجێ نەکراوە».

زۆربەی ئەو باڵەخانانەی لە کوردستاندا دروستدەکرێن مەرجەکانی سەلامەتی‌و خۆشگوزەرانی تێدا رەچاو ناکرێت‌و باڵەخانەی بازرگانین، بەشێوەیەک ئەو باڵەخانانە بەبێ جێهێشتنی بۆشایی‌و بەتەنیشت یەکەوەن، جگە لەوەی زۆربەیان پارکی وەستانی ئۆتۆمبێل‌و دەرچەی فریاگوزاریی‌و سیستمی ئاگرکوژێنەوەو هەواگۆڕکێیان تێدا نییە، ئەو گرفتانەش وادەکەن لە رووداوێکی هاوشێوەی ئوتێل سۆمادا ژمارەی قوربانیی‌و بریندارەکان زۆربن.

کەمال عەبدوڵڵا، ئەو کەموکوڕییانە بۆ نەبوونی هەماهەنگی دەگەڕێنێتەوەو باسی لەوەکرد کە زۆرجار دوای دروستکردنی ئوتێل یان میوانخانەیەک ئینجا ئاگادار دەکرێنەوە، لەکاتێکدا پێویستە پێش دەستپێکردنی بیناکەو بۆ چەسپاندنی مەرجەکانی سەلامەتی ئاگاداربکرێنەوە، ئەوەشی خستەڕوو دوێنێ کە سەردانی هەشت باڵەخانەی کردووە تەنیا دووانیان مەرجی سەلامەتییان تێدابووە.

# دەیان هەزار دەرچووی پۆلی (١٢) لە زانکۆو پەیمانگەکان وەرناگیرێن

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

نزیکەی (٨٠) هەزار خوێندکاری (١٢)ی ئامادەیی بەشداریی تاقیکردنەوەیان کردووە، بەڵام زانکۆو پەیمانگەکان تەنیا (٢٠) هەزار خوێندکار وەردەگرن‌و دەیان هەزار خوێندکار لە زانکۆو پەیمانگە بێبەش دەکرێن.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە خولی یەکەمدا (٧٦) هەزارو (٤٣٣) خوێندکاری قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی بەشداریی تاقیکردنەوەیان کردووەو لەو رێژەیە (٢٢) هەزارو (٤٥٤) خوێندکار دەرچوون، (٥٣) هەزارو (٩٧٩) خوێندکار دەرنەچوون‌و ماونەتەوە بۆ خولی دووەم، هاوکات وەزارەتی خوێندنی باڵا ئاشکرایکردووە، کە زانکۆو پەیمانگەکان تەنیا (٢٠) هەزار دەرچوو وەردەگرن‌و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە چەند لیژنەیەک پێکهێنراوە.

د.جەبار قادر، راوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری خوێندنی باڵا بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەگەر رێژەی دەرچوون (٥٠٪) بێت لەم حاڵەتەدا (١٦) هەزار خوێندکار لە زانکۆو پەیمانگەکان وەرناگیرێن، ئەگەر رێژەی دەرچوون (٥٥٪) بێت نزیکەی (٢٠) هەزار خوێندکار وەرناگیرێن، جگە لەوە (٥) هەزار خوێندکار لە ساڵی پاردا ماونەتەوە، لەبەرئەوە پێدەچێت ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران لە زانکۆو پەیمانگەکاندا جێگەیان نەبێتەوە.

وتیشی: «ئەرکی حکومەتە بیر لە کێشەکان‌و چارەسەرکردنی بکاتەوە، لە ئێستادا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی پێکهێناوەو ئێمەی راسپاردووە، کە لێکۆڵینەوەی لەو مەسەلەیە بۆ بکەین‌و کۆمەڵێک پێشنیازمان پێشکەشکردووە».

## پاشماوەی... حکومەتی هەرێم، بە ناوی کۆمەکەوە، زیاتر لەیەک ملیار دۆلار...

UNDG، بانکی جیهانیی ITF، سوید، بەریتانیا، نەرویژ، دانیمارک)ن.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم بەڕێوەبەرێتییە روونی نەکردووەتەوە، ئەو کۆمەکانەی کە ئەو لایەنانە داویانە بە حکومەتی هەرێم، چۆن‌و بۆچی تەرخانکراون، تەنیا ئەوە نەبێت کە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هاوکاری‌و هەماهەنگیی پەرەپێدان، دەڵێت: «ئەو کۆمەک‌و یارمەتییانەی کە دەیبەخشن، تایبەتن بە پارەدان بە رێکخراوە ناحکومییە عێراقی‌و بیانییە جۆراوجۆرەکان، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی قەرز لە رێگەی قەرزپێدانی درێژخایەنەوە».

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هاوکاری‌و هەماهەنگیی پەرەپێدان، لە ماڵپەڕی رەسمیی خۆیدا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە بەخشینی کۆمەکبەخشەکان، تەنیا یارمەتی دارایی نییە، بەڵکو میهرەبانی‌و یارمەتی لۆجیستیکیش دەگرێتەوە.

بەڕێوەبەرێتیی ناوبراو، جەخت لەوە دەکاتەوە، سەرجەم ئەو کۆمەکانەی کە دراون بە هەرێمی کوردستان، بە (١,٠٨٧,١٢٨,٣٥٥) دۆلاری ئەمریکی دەخەملێنرێت، لەو برەپارەیەش (٧٦٣,٦٣٣,٧٥٨)، واتە (٧٠,٢٪) تائێستا لە پارێزگای هەولێرو بەشەکەی تر لە پارێزگای سلێمانی سەرف کراوە.

بەڕێوەبەرێتیی ناوبراو، ئەو برەکۆمەکە بەپێی پارێزگاکان روونتر دەکاتەوەو باس لەوە دەکات، کە ئەو برەپارەیەی بەخشین کە بۆ پارێزگای هەولێر تەرخانکراوە بریتییە لە (٤٧٣,٣٣٣,٤٢٨) دۆلاری ئەمریکی‌و برەبەشی تەرخانکراوی پارێزگای سلێمانیش، (١٥٩,٠٠٠,٢٤٨) دۆلاری ئەمریکییەو ئەو برەپارەیەی کە بۆ پارێزگای دهۆک تەرخانکراوە، بریتییە لە (١٠٧,٣٦٧،١٤٠) دۆلاری ئەمریکی.

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هاوکاری‌و هەماهەنگیی پەرەپێدان، تایبەتە بە پەرەپێدانی بەڕێوەبردن‌و کارگێڕیی گەشەپێدانی هەماهەنگیی‌و هاوکاری بۆ وەزارەتی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە جەختکردنەوە لەسەر بەندەکانی رێبەری ستراتیژی کاروباری پلاندانانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و بەخشەرەکان‌و پەرەپێدەرانی پرۆژە نێودەوڵەتییەکان‌و دەزگا جێبەجێکارەکان.

## جەوهەر نامیق:

# بەشێوازی پەنجا بەپەنجا، نەوت بە ئێران دەفرۆشرێت



سازدانی: ڕۆژنامە

**جەوهەر نامیق سالم، سیاسەتمەدارو سەرۆکی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان، لەم چاوپێکەوتنە تایبەتەدا، دەربارەی پرسی فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە ئێران‌و «نەبوون»ی پلان‌و ستراتیژی ئابووریی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ ڕۆژنامە دەدوێت.**

**ڕۆژنامە: لەم ڕۆژانەدا، مەسەلەی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم بە ڕێگەی قاچاخ، لە میدیاکانی دەرەوە باسکراو هەڵایەکی ناوخۆیی‌و دەرەکیی لێکەوتووەتەوە ڕای بەڕێزتان لەم بارەیەوە چییە؟**

* سەیرە، زیاتر لە ساڵێکە خەڵکانێکی ئاگادارو لەنێو میدیای ئەهلی‌و بگرە لە میدیاکانی سەر بە لیستی دەسەڵاتیشدا باس لەو دیاردەیە کراوە، کەچی دەسەڵات بەلایدا نەچوو، کە (نیویۆرک تایمز‌و هەندێک ئاژانسی جیهانیی) باسیان کرد، دەسەڵات لە نێوان نەفیکردن‌و بێئاگایی‌و بەدواداچووندا کردیە ماڵ بەسەرخۆیەوە. بڵاوبوونەوەی هەواڵی وا، مایەی نیگەرانییە، دیارە ئیدی ناتوانرێت نکۆڵی بکرێت لە ریزبەندی دوورو درێژی تەنکەرە عیملاقەکانی ڕێگای حاجی ئومەران‌و باشماخ...، لەمەشدا دیاردەی پەنجابەپەنجا خۆی دەنوێنێت، ئەم دیوی دیگەڵە لەسەر ئیدارەی هەولێرو دهۆکو ئەوەی باشماخیش لەسەر سلێمانی! باسی پاڵاوگەی هەرێم‌و بێجی دەکرێت، تۆ بڵێیت، توانای ئەو پاڵاوگە بچووک‌و دواکەوتوانەی بازنەکانی دەسەڵات، ئەوەندە بێت کە ڕۆژانە ئا بەو شێوەیە نەوتی خاومان بۆ پاکبکەنەوەو (ڕەشەکە)ی ئاودیو بکەن؟!

**ڕۆژنامە: سەرۆکی هەرێم لەو بارەیەوە کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کردووەو داوای بەدواداچوونی توندی لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت کردووە، بەڕێزتان ڕاتان لەم بارەیەوە چۆنە؟**

* بەشبەحاڵی خۆم، بێئاگایی بەڕێز سەرۆکی هەرێم، یان سەرانی دیکەی ئەم حکومەتە لەمەڕ کێشەی نەوت بە دروست نازانم. سەرانی لوتکەی دەسەڵاتی هەرێم، بایی ئەوەندە ئاگادارن کە بزانن کەی‌و چۆن‌و کێن ئەوانەی لە پشتی (ڕەش) کردنەوەی نەوتی (خاو)و ناردنەدەرەوەیەوەن!

**ڕۆژنامە: قاچاخچێتیکردنی یەکێتی‌و پارتی بە نەوتەوەو نەخستنی ئەو پارەیە بۆ ناو خەزێنەو داهاتی هەرێم، بە لای ئێوەوە چ واتایەک دەگەیەنێت؟**

* ئەگەر دروست وا بێت، تاوانێکی گەورەیە!

**ڕۆژنامە: ئەم مەسەلەیە، تا چەند سومعەی هەرێمی پێ لەکەدار دەبێت؟**

* زۆر باسی سومعەی هەرێم مەکە، چونکە لە زۆر لاوە بێ سومعە دەکرێت، ئەمەیان ئەگەر وابێت، شەرمەزارییەکی گەورەی دیکەیە!

**ڕۆژنامە: ئەرکی لایەنی ئۆپۆزسیۆن لەم ڕووەوە چییە؟**

* ئۆپۆزسیۆن خۆی باشتر دەزانێت کە چی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بە باشی دەزانم کە ئەگەر بکرێت بە جدیی هەوڵی ڕامالینی پەردەکان بدات لەسەر دیاردە شاراوەکانی ئەم بوارانە، لە ڕێگای:

• پەرلەمانی کوردستان: ڕاستەوخۆ ئەو پرسانە بخاتەڕوو، لیژنەی پەرلەمانیی بۆ دروستبکرێت‌و شاندی تایبەتی بنێرێت بۆ مەوقیعی بیرەکان‌و پاڵاوگەکان‌و سنوورەکانی هەرێم‌و بەگرێبەستەکانی هەناردەی (نەوتی ڕەش) دا بچێتەوە، سەرۆکی حکومەت‌و جێگرەکەی‌و وەزیرو کاربەدەستانی ئەو بوارانە بانگبکرێن بۆ پەرلەمان‌و لە ڕێگای پرس‌و پرسینەوەوە ڕاستییەکان بۆ خەڵک دەرخەن.

• پەنابردن بۆ دادگا.

• پێداگرتن لە سەر ناردنی گرێبەستەکانی نەوت‌و غاز بۆ پەرلەمان.

• پێداچوونەوە بە یاسای وەبەرهێنان‌و دانانی سنوورێک بۆ تاڵانکردنی سەروەت‌و سامان‌و خاکی کوردستان بەرامبەر بە کۆمپانیا بیانییەکان، بە تایبەتی مادەی چوارو هەندێک بڕگەی تری کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی هەیە بە تاپۆکردنی زەوی لە سەر کۆمپانیاو تاکی بیانی، کە زۆربەی هەرەزۆری ئەو کۆمپانیاو تاکانەن سەر بە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان‌و پرۆسەی گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتی‌و دابڕانی ناوچە کوردییەکان‌و بچوککردنەوەی پانتایی باشووری کوردستان‌و سیاسەتی بەعەرەبکردن بەردەوامە.

• بوونی نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆن لە فەرمانگە سەربەخۆکانی هەرێم، وەک (وەبەرهێنان) و (نەخشەو پلان)و ئەو دەزگاو دەستانە کە ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە بواری کاڵا ستراتیژییەکانی هەرێم، وەک: نەوت‌و غاز.

• سازدانی هەڵمەتی هۆشداری‌و تەعبئەکردنی شەقامی کوردستانی سەبارەت بەو دیاردانەو لە ڕێگای مێزگردو کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارو کۆنفراس‌و کۆنگرەو ئەکتیڤکردنی ڕاگەیاندنەکان‌و بنکەی جەماوەریی‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆ....

• گشت بوارەکانی خەبات‌و چالاکیی مەدەنی‌و شارستانی لە یاداشت‌و مانگرتن‌و خۆپیشاندانی جیا جیا، بە تایبەتی لە ئاستی ڕۆشنبیران‌و قوتابییان‌و لاوان‌و زەحمەتکێشانی وڵاتەکەمان. لەم بوارەدا ئەرکی پسپۆڕان‌و شارەزایانی ئابووریی‌و سیاسییەکانە کە بچنە ناو وردەکارییەکان‌و گشت مەترسییەکانی ئابووریی (ریع)ی بۆ خەڵکی کوردستان ڕوونبکەنەوە کە یەک لە خەسڵەتەکانی، یەکتەرەفەی هاوردەو ئیستهلاکی‌و کەمالیات‌و پشتبەستن بە دەرەوە، پەراوێزکردنی بووژانەوەی ژێرخانی ئابووریی، کەڵەکە نەبوونی سەرمایە، جیاوازی چینایەتی، ئەم سیاسەتە سەرچاوەی کەڵەکەبوونی دەسەڵاتە بە شێوەی (هرم)ی. ئەوەی لە وڵاتی ئێمە پێی دەڵێن، بازاڕی ئازادو لیبراڵ، دوورە لە ڕاستی.

• گرێدانی چالاکییە فەرمیی‌و مەدەنییەکانی ناوەوە بە هەندەرانەوەو دروستکردنی بەرەیەکی فراوان لە ئاستی هەرێم‌و دەرەوەدا.

**ڕۆژنامە: لەماوەی (٧) ساڵی ڕابردوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی (٤٦)ترلیۆن دیناری وەک بودجە لە حکومەتی عێراقی وەرگرتووە، چۆن دەڕواننە ئەم بودجە زەبەلاحە کە حکومەتی هەرێم لە بەغدای وەرگرتووە؟**

* ئەو بڕەپارانەی کە ئاماژەتان پێدان، بە نرخی ئەمڕۆی دۆلار دەکاتە نزیکەی (٤٠) ملیار دۆلارو تەنیا ئەو بەشە بودجەی هەرێمە کە لەسەر ئەساسی (١٧٪)ی بودجەی حکومەتی ناوەندی بەغدا، پاش لادانی خەرجە سیادییەکان کە نزیکەی (٥٪)ە. بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی ژێرخانی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی‌و کلتووریی هەرێم، بە گشتیی (٤٠)ملیار دۆلار کەمە، وەلێ گرفتەکەمان تەنها لەوەدا نییە، بەڵکو گرفتی سەرەکی لە شێوەو شێوازی مامەڵەکردنی لوتکەی (لیستی دەسەڵات) سەبارەت بە سەروەت‌و سامانی کوردستان کە یەکێک لە بڕگەکانی بودجەیە، بە دیوەکەی تردا جگە لەو بودجەیە، دەیان ملیار دۆلاری دیکە داهاتی ئەم هەرێمەیە، لەوانە:

• بودجەی تەواوکەری بودجەی حکومەتی ناوەندی بەغدا.

• ئەو (منحە)و یارمەتی‌و قەرزانەیە کە لە لایەن وڵاتانی بیانی، یان ناوەندە نێودەوڵەتییەکانەوە دراون بە عێراق‌و دەبێت هەرێم چ بە ( نقد)، چ بە (پڕۆژە)، بەشی (١٧٪)ەکەی بەربکەوێت. من باسی کەموکووڕیی لایەنی فەرمیی هەرێم ناکەم لەمبارەیەوە، یان سووربوونیان لەسەری.

• بەشی هەرێم لە خەرجییە سیادییەکان کە زیاتر لە (٥٪)ی بودجەی گشتیی عێراقە، چ وەکو مووچەو دەرماڵەو ئیمتیازاتی دیکەی نوێنەران‌و بەشی هێزی کاری هەرێم لە دامودەزگاکانی ناوەندی بەغدا، یان هاوکاری‌و چالاکی‌و پڕۆژەکانی ئەو دەسەڵات‌و دەزگایانە لە پارێزگاکانی هەرێم.

• هاوکاری‌و پڕۆژەکانی وڵاتانی بیانی بەتایبەتی ئەمریکاو کۆریای باشوورو چەندین وڵات‌و ناوەندی نێودەوڵەتیی دیکە لە هەرێم، بەو بڕە پارانەیشەوە کە خەرجدەکرێن بۆ هەندێک لایەن‌و دەزگای حیزبی‌و حکومی لەژێر ناوی هەماهەنگی‌و ئەنتی تیرۆرو گەشەپێدان .. هتد.

• داهاتی گومرگەکانی هەرێم، هەر لە ئیبراهیم خەلیل‌و حاجی ئۆمەران‌و باشماخ‌و پەروێزخانەوە لەگەڵ چەند کون‌و قوشبنی دیکە بە مەنزورو غەیرە مەنزوریانەوە.

• زیاتر لە (٥)ملیار دۆلاری کاشی گرێبەستەکانی نەوت (چ لە قۆناغی دوو ئیدارەیی، یان لە دوای یەکگرتنەوە روکەشیەکەی هەردوو حیزبی دەسەڵات) لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کە کاربەدەستانی ئەوبوارانەی هەرێم بە (شیرینی) پێناسەی دەکەن‌و ئیقراریشیان کردووە.

• باج‌و ڕسومی ناوخۆی هەرێم، دیسان بە مەنزورو غەیرە مەنزوریانەوە.

• بڕەپارەی هاوڵاتییانی هەندەرانمان، چ وەک یارمەتی‌و هاوکاریی کەسوکاریان، یان وەک خەرجی تایبەتی‌و پڕۆژەکانیان لە هەرێم.

• بڕەپارەی کەرتی وەبەرهێنان کە کاربەدەستانی ئەو بوارەو سەرانی حکومەت باسی زیاتر لە (١٣)ملیار دۆلار دەکەن.

• داهاتی مەنزورو غەیرە مەنزوری ئاودیوکردنی بە ناو (نەوتی خاو)و (نەوتی ڕەش)و ( غاز)، چ بۆ تورکیا، یان بۆ ئێران، یان شۆڕکردنەوەیان بەرەو خوارووی عێراق، هەرچەندە لەم دواییەدا گومان کەوتووەتە سەر ئەو(ڕەش) و(خاو)کراوانە!

ئەمانەو چەندین بواری دیکە، ئەگەر هاتوو بە دەستێکی پاکو خاوێن‌و مەسئولانە بخرێتە سەر یەکو بکرێتە ژمارە، ئەوە دوور نییە بۆ ئەو ماوەیە کەمتر نەبێت لەو ( ٤٠)ملیار دۆلارەی بەشی هەرێم لە بودجەی ناوەند، واتە ئەم هەرێمە خاوەن داهات‌و بودجەیەکی (زەبەلاحە)و زۆر زیاترە لە بودجەی نزیکەی (٣٧٪)ی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کەچی دەبینن ئەوە (٧)ساڵە خەڵکی ئێمە بە دەست بێ (کارەباو ئاوی پاکو کێشەکانی دیکەی خزمەتگوزارییەوە) دەناڵێنن، گوندنیشنەکانمان سەرلەنوێ کۆچ دەکەنەوە بۆ شارو شارۆچکەکان‌و هەڵهاتنی نوخبەیەکی بەرچاوی هێزی کارمان بۆ هەندەران بەردەوامە، زیاتر لە (٣٠)کارگەو دەزگای کەرتی گشتیی سەرکومکران، بە ملیۆن دۆلار دەبەخشرێتە (زانکوی ئەمریکی)، یان بۆ دروستکردنی زەمینەسازی قوتابخانەی تایبەتی شوەیفات‌و لینۆڤەرو عیشق‌و ئەمساڵی عیشق‌و سەدان کۆنگرەو کۆنفراس‌و سمینارو شاندی بێبەرهەم‌و بێئەنجامی وەک ئەوانەی سەردەمی ڕژێمی لەناوچووی سەدام‌و وڵاتانی شەرقی. بەئیقراری لوتکەی لیستی دەسەڵات، چەندین پاڵاوگەی نەوتیان هاوردووەو کاری پێدەکەن، کەچی ئەوە (٧)ساڵە بەو هەموو داهات‌و ئەو هەموو نەوت‌و غازە، نەتوانراوە وەکو پێویست کارەبا بۆ شارو شارۆچکەکانی هەرێم دابینبکەن‌و لە سەدەی بیستویەکو لە پاش (٧)ساڵ لە ئازادیی عێراق، ئەو هەموو بەزموبالۆرەیەی دەسەڵات بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکاو تورکیاو ئێران‌و وڵاتانی ئەورووپاو کەنداوو کرانەوەو بازاڕی ئازاد، کەچی هێشتا مۆلیدەی گەڕەک بە کارە!

بۆیە جێگای داخە کە نەک هەر بڕێکی زۆری ئەو بودجەو داهاتەمان (ناشەفاف)ە، یان نەتوانراوە وەکو پێویست بخرێتە خزمەتی خەڵکی کوردستانەوە، بەڵکو خودی ئەو بودجەیەو مامەڵەکرنی لوتکەی لیستی دەسەڵات لەگەڵ داهاتی کوردستان بە گشتیی بووەتە دیاردەیەکی خەتەرناکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پانتایی ناعەدالەتی‌و زایەکردنی بەشێکی زۆری ئەو سەروەت‌و سامان‌و قوتی ڕەشوڕووتی وڵاتەکەمان لە زیادبووندایەو خاڵی سەرەکی باس‌و نیگەرانیی شەقامی کوردستانەو بووەتە مایەی ڕەخنەو گازندەو تانەی بەشێک لە دۆست‌و دوژمنانی کورد.

**ڕۆژنامە: ئایا حکومەتی هەرێم، خاوەنی پلان‌و ستراتیژێکی ئابوورییانە بووە بۆ مامەڵەکردنێکی زانستییانە لەگەڵ ئەو بودجەیەدا؟**

* نەخێر، نە ئەم کابینەیەو نە کابینەکانی پێشتریش ئەوەی پێی بڵێن پلان، یان ستراتیژی ئابووریی نەیان بووە. دوور نییە کە ئەم دیاردەیە، پێش ڕزگاریی عێراق (٢٠٠٣)، یان قۆناغی دوو ئیدارەیی قابیلی موناقەشە بێت، بەڵام دوای ئەو قۆناغانە، ئەم پاشاگەردانی‌و تاڵان‌و پاوەنخوازی‌و مفتخۆری بازنەی تەسکی لوتکەی لیستی دەسەڵات لە بواری ئابووریدا قابیلی قبوڵ نییەو دیاردەیەکی مەترسیدارە. لە کام کیان‌و وڵاتی دونیادا گروپێک کە دوور نییە لە پەنجەی هەردوو دەستی مرۆڤ زیاتر نەبن، بودجەو سەروەت‌و سامان‌و بزاڤی بازرگانی مۆنۆپۆل بکات! ئەم حکومەتەو هیچ حکومەتێکی دیکەی هەرێم، بە واقیعی پەنجابەپەنجاو مۆنۆپۆلی لوتکەی لیستی دەسەڵات، نە پلانی پێدادەنرێت‌و نە ستراتیژی ئابووریش دەبێت‌و نە ژێرخانی ئابووریش دەبوژێنێتەوەو تا دێت ڕێژەی هەژاریی پان‌و قووڵتر دەبێت‌و لیستی ملیۆنێرو ملیاردێرەکان زیاد دەکات. تەماشاکەن، سەر زبان‌و بن زبانی ئەم لوتکەیە، گەشەپێدانی ئابووریی‌و بازرگانییەو شاند دەڕوات‌و شاند دێت، پێشمان ناڵێن، ئەرێ گەلۆ، تەرازووی بازرگانیی نێوان هەرێم‌و وڵاتانی بیانی چۆنەو چەندەو چیمان بۆ دەنێرن‌و چییان بۆ دەنێرین. هەر نەبێت بۆ جارێکیش بێت، باسی هاوردەو هەناردەی ئەم هەرێمە بکرێت، تورکیاو ئێران بەشی شێریان هەیە لەم بوارەدا، با سەرانی دەسەڵات ئاشکرای بکەن کە تەرازووی بازرگانی چەندەو چۆنە؟! بۆ نموونە، بزاڤی بازرگانی لە نێوان تورکیاو هەرێم کە بەپێی لێدوانەکانی کاربەدەستانی ئاگادار لە هەرێم، بۆ ساڵی (٢٠٠٩)، مەزەندە کراوە بە (١٠-١٢)ملیار دۆلارو بە هیوای ئەوەن کە ساڵی (٢٠١٠) زۆرتر بێت، کەچی ئەم بزاڤە یەکتەرەفەیەو لەو هەموو سەراوو دەراوە نەمانبیست، ڕاگەیاندنێکی فەرمیی هاوبەش لە نێوان حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی تورکیا مۆربکرێت، یان لێدوانێکی فەرمیی لە ئاستی وەزارەتی بازرگانی هەردوولا بڵاوبکرێتەوەو تێیدا باس لە باری تەرازووی بازرگانی بکرێت، بەرامبەر بەو هەموو ملیار دۆلارەی بازرگانی یەکتەرەفە لەگەڵ تورکیا، هەر هیچ نەبێت با حکومەتی هەرێم (کڵاشی هەورامان)و (ماستی هەولێر) فەرز بکات بە سەر لایەنی بەرامبەردا، کە وا خەریکە (هەوا)شمان لە تورکیاوە ئیستیراد دەکرێت!

**ڕۆژنامە: دوو ساڵ بەر لە ئێستا، وەزیری نەوتی عێراقی، لە لێدوانێکیدا وتی: «حکومەتی عێراق، خاوەنی (٦٠)ملیار دۆلار پاشەکەوتە». بە ڕای بەڕێزتان، حکومەتی هەرێم وەختێک ئەو پارە زۆرەی لە بەغدا وەرگرتووە پێویست نەبووە سیاسەتی (پاشەکەوتکردن) مومارەسە بکات، لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە بۆ هەر حاڵەتێکی سیاسی‌و سروشتی نەخوازراو بۆنموونە، مەسەلەی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان هەولێرو بەغدا؟**

*کەم حکومەت هەیە کە بیر لە پاشەکەوتکردن نەکاتەوەو نەخشەی کورت‌و درێژخایەنی بۆ دانەنێت‌و کاری جدیی‌و مەسئولانەی بۆ نەکات. لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی (١٩٩٢) سەرەڕای هەموو نەهامەتییە ئابووریی‌و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، زیاتر لە (١٥)ملیۆن دۆلاری پاشەکەوت هەبوو بۆ ئەو سەردەمە، هەم وەک دۆلار هەم وەک بڕەپارە، کەم نەبوو، بەو مانایەی، ئەگەر هاتوو گومرگەکانی ئەو سەردەمەی (ئیبراهیم خەلیل‌و پشتەو باشماخ.. هتد) داخرانایە، بەو پڕەپارەیەو ڕسوماتی ناوخۆ، دوور نەبوو حکومەتی هەرێم، بۆ ماوەی یەک ساڵ لەگەڵ هەندێک دەستگرتن، کاروبارەکانی بەڕێوە بچوایە. کێشەی لوتکەی لیستی دەسەڵاتی هەرێم، لەوەدایە کە نەک بیر لە (پاشەکەوتکردن) ناکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ زیادبوونی داهاتی ئەم هەرێمەدا، دەروازەی تەخشان‌و پەخشان‌و خەرجەکان ئەوەندەی دیکە گەورەتردەبێت‌و ڕێژەی (سیولە) لە بازاڕی کوردستان ڕوو لە کزی دەکات‌و ئاستی بێکاریی زیاد دەکات‌و مرۆڤ بە دووری نازانێت کە ڕۆژێک دێت (بە سەوزە کاڵی‌و سەلەم) بودجەی ساڵی ئایندەش حەپلۆش بکرێت!!

لە قامووسی ئەم لوتکەدا، ئەوەی پێی دەڵێن پاشەکەوتکردن، یان ئەولەویات، یان پلانی ستراتیژی ئابووریی، بەدی ناکرێت، ئەگەر هەیشبێت زیاتر دروشم‌و شتی سادەو کەمالیات‌و کات بەسەربردنە، زۆرێک لەوانە دیلی عەقڵییەت‌و موعجیبی سیاسەتی هاوردەو ئیستهلاکی‌و کەمالیاتن، دیارە خێرەکەیان لەوەدایە. سەیر لەوەدایە کە ئەم دەسەڵاتە، سوپەر مارکێت‌و چەند مولێک دەکاتە دەسکەوتی خۆی! شوقەکانی بە ناو زەکەریاو گوندی ئەڵمانی‌و ئینگلیزی‌و ئەمریکی‌و شاری خەونەکان..هتد بە فریادڕەس‌و چارەسەرکەری کێشەی نیشتەجێی گەنج‌و هەژاران‌و بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی لە قەڵەم دەدات!

**ڕۆژنامە: لەکاتێکدا وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمیش، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، دەڵێت: «خاوەنی یەک دینار پاشەکەوت نین»، ئایا لە ڕووی دەستوورییەوە حکومەتی هەرێم ئەو مافەی هەیە دەسەڵات بەخۆی بدات، پاشەکەوتی پارە بکات؟**

* دوور نییە کە دەقێکی وەها زەق لە دەستووردا نەبێت، کە حکومەت ئیلزام بکات بە سیاسەتێکی وەهاوە، وەلێ دەیان مادەو بڕگەی دەستووریی هەن کە حکومەت ئیلزام دەکات بە پاراستن‌و بەکارهێنانی سەروەت‌و سامانی وڵات بە شێوەیەکی عەقڵانی، یەک لە بنەماکانی سیاسەتی عەقڵانییەت، دانانی نەخشەو پلانی عەقڵانی‌و زانستییەو ئامادەباشی حکومەت دەرحەق بە ئەگەرە نێگەتیڤەکانە، چ کارەسات‌و گەماڕۆدان‌و شەڕو پێکدادان بێت، یان بەکارهێنانی سەروەت‌و سامانی خەڵک بە گیانی مەسئولانەو ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی ئەم نەوەیەو نەوەکانی داهاتوو و سوودوەرگرتن لە کارتی ئابووریی لە کاتی ململانێ سیاسییەکانی ناوخۆو دەرەکی بە شێوەیەکی عەقڵانی‌و دوور لە بەرژەوەندیی تایبەتی تاکو تاقم‌و دەستە. سەرەڕای هەر هەموو ئەمانە، یەک لە بنەماکانی حکومەت، نەک هەر دابینکردنی بژێویی ڕۆژانەو ئاسایش‌و فەراهەمکردنی سەقامگیری‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتییە، بەڵکو تەئمینکردنی دوارۆژو ژیانی خەڵکە. دەستوورو یاساکانی عێراق‌و هەرێم لە زۆربەی مادەکانیاندا بە ڕاشکانەوە جەختیان لەو بوارانە کردووە، وەلێ کوا پابەندبوونی دەسەڵات بە دەستوورو یاساو ڕێساکان؟!

"

* ئەم کابینەیە هیچ پلانێکی ستراتیژی ئابووریی نییە

* ساڵی (١٩٩٢)، حکومەتی هەرێم زیاتر لە (١٥)ملیۆن دۆلاری پاشەکەوت هەبوو، بەڵام ئەم حکومەتە هیچ پاشەکەوتێکی نییە

"

6 عەبدوڵڵا مەلا نوری: بە دەستکارینەکراویی (٧٥٪)ی نەوتی هەرێم دەنێردرێتە ئێران

# یەکێتیی نووسەرانی یەکێتیو پارتی!



دلێر عەبدولخالق

دوای (١٩) ساڵ، ڕەشماڵی تەبایی یەکێتیو پارتی نومایندەی نووسەرانی کوردستانی لەهۆڵێکی سلێمانی کۆکردەوەو لیستێکی (١٣) کەسییان بۆ دەستەی باڵای یەکێتییەکە پێ هەڵبژاردن!

ئەو کۆکردنەوەیە کە دواجار بووە کۆنگرەی هەشتەمی نووسەرانی کورد: لەژێر ناوی ئەدەبێک بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنیو دیموکراسی بەڕێوەچوو، بەڵام وەک بەشێک لەئەندامانی کۆنگرە خۆیان دەڵێن: «ئینسان تەعەجوب دەکات لەو دروشمە گەورەیە!» چونکە لەکردنەوەی ئەو وشە نازکو مەدەنیانەدا دنیایەک بەرژەوەندیی حیزبیی، هەژموونی حیزبیی، ئیحتکاری حیزبییو بەحیزباندنی قەڵەمی ئەدیبو نووسەران چاویان زەق زەق لەسەر ئازادییەکانی ئەندامانی کۆنگرە کردووەتەوە.

ژانی لەدایکبوونی کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی نووسەران (١٩) ساڵی خایاند، لەو ماوەیەدا هەر خوا دەزانێت ئەم یەکێتییە چەند ئازاری چێشت بەدەست کێشمە کێشمو تێکچڕژانو پێکچڕاژانی نێوانی یەکێتیو پارتی، سەرەئەنجام بە خەسارەتێکی کەمەوە بەرگەی ئەو دۆخەی گرتو خۆی لەدوو لەتبوون پاراست.

ئێستا لەهەرێمی کوردستان بۆئەوەی حکومەت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بوارو کایە جیاوازەکان، کەسو لایەنو دامەزراوەکان لەت نەبن دەبێت خاڵێک لەخەڵکانی ڕێککەوتنو پێکەوتنی ستراتیجی یەکێتیو پارتی لەئامێزیان بگرێتو ئالیەتی سوڕی ژیانیان دیاری بکات!

ئەم ڕێککەوتنە ستراتیژییە مافی هەیە ڕێکبکەوێت لەسەر ئاسمانو خاکو ئاو و دارو بەردو نەوتو تەواوی پێکهاتە فیزیکییەکانی ئەم هەرێمە، مافی هەیە فیفتی بە فیفتی هەموومان دابەشبکات، مافی هەیە هەموومان لەناو بۆتەی بەرژەوەندییە حیزبییەکانی ئەم دوو حیزبە لەژێر ماسکی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا بتوێنێتەوە، ئەو هەموو ماف بەخۆدانە هیچ تووشی شۆکمان ناکات کە ڕەوایەتی ئەوەش بەخۆیان بدەن ڕۆژنامەنووسان بکەنە موڵکی پارتیو نووسەرانیش موڵکی یەکێتی!

چ سەیرە، هەموومان تەسلیمی ئەوان بووین. چ سحرێکە نەک خەڵکی ئاسایی، بەڵکو ناوەندی ڕۆشنبیرییو نووسەرانیش لەبەردەم هەژموونی ئەو دوو حیزبەدا دۆش دادەمێننو قەڵەمی پڕ بەبرشتیان لەخاڵە سوورەکانی ئەواندا کاڵدەبێتەوە؟!

تەواو مەترسیدارە نووسەران ڕێگەبدەن لەسەر کوشتنی دیموکراسییەتو ئازادیی ئەوان، جەستەی زلحیزبەکان نەشونماو گەشە بکات، کاتێک ئەوان ناتوانن ئازادانە دەستەیەک بۆ یەکێتییەکەیان هەڵبژێرن، واوەیلا بەحاڵی خەڵکی بەشمەینەتی ئەم هەرێمە لەچنگی دەسەڵاتدا.

ڕۆژی زێڕینی یەکێتی نووسەرانی کورد لە(٤٠) ساڵ تەمەنییدا، ئەو ڕۆژانە دەبن کە ڕژێمی بەعس نەیتوانی ئەندامەکانی قەڵەم بکات، ئەو ڕۆژانە دەبن کە یەکێتییەکە لەچوارچێوەی ڕێکخراوێکی ئەدەبیدا بەرگریی لەسەربەخۆبوونی خۆی کردووە، بەڵام دوای ئەو تەمەنە کاتێک لەسەردەمی حوکمی کوردییدا سیناریۆی پێشوەختو لیستێکی حیزبیی دادەبەزێندرێتو ئەندامانی کۆنگرەش دەنگی پێدەدەن، بەرلەوەی ئیرادەی نووسەران بکەوێتە ژێر پرسیارەوە، زەربەیەکی کاریگەریش لە دونیای ڕۆشنبیریی ئێمە دەدرێت.

پڕ شەرمە، پرسیار لەوە بکەیت چۆن لەکۆی (١٣١) ئەندامی کۆنگرەی نووسەراندا، تەنیا (٩) کەس بایکۆتی شێوازی لیستی داخراو بکەن بۆ هەڵبژاردنی دەستەی باڵا؟ چۆن زۆرینەیان ڕازی دەبن دەنگ بەو لیستە بدەن کە پێش مانگێک بەر لەکۆنگرە یەکێتیو پارتی ئامادەیانکردووە؟ چۆن نەتواندرێت (١٣) ئەندام بەیەکەوە کۆببنەوەو لەدەرەوەی لیستی تەبایی یەکێتیو پارتی لیستێکی ئازاد دروستبکەن؟ ئێوە بپرسن: بوونی یەک لیستو گوشار دروستکردن بۆ دروستنەبوونی لیستێکی تر «چی بە ئەدەبی کۆمەڵگایەکی دیموکرات دەڵێت؟!».

## لیستی تەبایی، ناکۆکیی دروستکرد

# «قۆناغی سەربەخۆیی یەکێتیی نووسەران، کۆتایی هات»



دیمەنێک لە کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتیی نووسەران

فۆتۆ: pukmedia

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە

هەفتەی ڕابردوو، زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد کە پێکهاتبوون لە (١٣١) ئەندام، بە لیستی داخراو، (١٣) کەسی یەکێتیو پارتییان بۆ دەستەی باڵای یەکێتییەکەیان هەڵبژارد.

(ڕۆژنامە) مانگێک بەر لە بەستنی کۆنگرەی نووسەران، ئەنجامی کۆنگرەکەی بڵاوکردووەتەوە کە بەپێی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتیو یەکێتی، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ پارتییەو یەکێتیی نووسەرانیش بۆ یەکێتی، لەو چوارچێوەیەشدا ناوی کاکە مەم بۆتانی وەک سەرۆک لە یەکێتیو ئازاد عەبدولواحید وەک جێگری لە پارتی هاتووە. لەبارەی ئەندامانی دەستەی باڵای یەکێتییەکەشەوە، وەک (ڕۆژنامە) ئاماژەی پێکردووە، لەنێوان یەکێتیو پارتیو ئەندامێکی حیزبی شیوعیدا دابەشدەکرێن.

سەرباری ڕاستی پێشبینییەکان، لەکۆی (١٤٧)ئەندامی کۆنگرەکە، (١٦)ئەندام بەشدارییان لە کۆنگرەدا نەکردووەو لە ناویشیاندا سەرۆکی پێشووی یەکێتییەکە، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ هەیە کە لە دەمی بەستنی کۆنگرەکەدا، سەفەری بۆ دەرەوەی هەرێم کردووەو وەک خۆی دەڵێت: «زانیویەتی کە لەم کۆنگرەیەوە یەکێتییەکە سەربەخۆیی خۆی لەدەستدەدات، نەیویستووە تێکەڵی لیستلیستێنەی ئەو حیزبانە ببێت».

لیستی تەبایی یەکێتیو پارتی، تاکە لیستی بێ ڕکابەری دەستەی باڵای یەکێتیی نووسەران بوو، دەنگدانی بەلێی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە بۆ پەیڕەوکردنی شێوازی لیستی داخراو بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکو جێگرو دەستەی باڵای یەکێتییەکە، ناڕەزایی لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامانەوە لێدەکەوێتەوەو تا ئەوەی (٩)ئەندامی کۆنگرە کە لە نێوانیاندا (حەمەسەعید حەسەنو دانا عەسکەرو عەبدولقادر سەرچناری) بایکۆتی هەڵبژاردنی کۆنگرەکە دەکەن.

کاکە مەم بۆتانی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی یەکێتیی نووسەران، لە لیستی یەکێتیی نیشمانیی کوردستان، خۆی بە بێلایەن وەسفکردو ئاماژەی بەوەکرد، دانانی ئەو، بۆ پاراستنی تەبایی ناو یەکێتییەکە بووە.

مەم بۆتانی، لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە، لەسەر دیموکراسییەتی پارتیو یەکێتی وەستاو وتی: «دوو حیزبی دەسەڵاتدار، ئەو دیمورکراسییەتەیان دەوێت کە پێی دەوترێت دیموکراسییەتی ئاڕاستەکراو، ئەو لیستەی ئێمە بەرئەنجامی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوانیانەو ئەوەش لەکەس شاراوە نییە، بەڵام بەهیچ شێوەیەکیش ئەوان ڕێگرنەبوون لەوەی کە ئەندامانی تر لەدەرەوەی ئەو لیستە، لیستی تر دروست بکەن».

بەپێی زانیارییەکانی د.عیزەدین مستەفا، سەرۆکی پێشووی یەکێتیی نووسەران، خودی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی لەگەڵ ئەوەبووە کە عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ بکرێتەوە سەرۆکی یەکێتییەکە، بەڵام مەلا بەختیار، لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانو ئازاد جوندیانی، لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی، دژی دانانەوەی بوونو پشتیوانیی کاکەمەم بۆتانییان کردووە.

عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە لێدوانێکی تەلەفۆنیدا، لەشامەوە بە ڕۆژنامەی وت: «هەرچەندە بۆ چارەسەرکردن دەچمە وڵاتی ئوردن، بەڵام پێش وادەی چارەسەرەکەم هاتومە شام، بۆئەوەی لە کۆنگرەی نووسەران دووربکەومەوەو تێکەڵی کێشەکانی نەبم، بەتایبەت کە مەلابەختیارو ئازاد جوندیانی بەقسەی مام جەلالیشیان نەکرد، لە جیاتی من یەکێکی تریان فەرزکرد، وەک سەرۆکی یەکێتیی نووسەران».

«که زانییان لیستی ئازاد هەیە، لە بری ئەوەی پەیڕەوپڕۆگرام دابەشکەن، هەڕەشەیان بەسەر ئەوانەدا دابەشکرد کە بەنیازبوون لە لیستی ئازاد خۆیان کاندید بکەن»

سەرۆکی پێشووی یەکێتیی نووسەران، هۆکاری دژایەتیکردنی ئەو بەرپرسانەی یەکێتی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە لەماوەی ڕابردوودا تەسلیمی خواستە حیزبییەکانی ئەوان نەبووەو وتی: «مەلا بەختیار گلەیی ئەوەی دەکرد کە ناچینەوە ناو ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، یەکێتییەکەی ئێمەش نە سەر بە ڕێکخراوەکانی یەکێتیو نە سەر بە مەکتەبی جەماوەرییەکانی پارتییە، بەڵکو هی هەموو نووسەرانە بەبێ جیاوازی».

لە دووەم ڕۆژی کۆنگرەدا کە دەکاتە (٧/١٦)، شێوازی لیستی داخراو خرایە دەنگدانەوە، بەپێی بەشێک لە زانیارییەکان، لە کۆی (١٣١)ئەندامەکە، (٥٠)کەس دژی ئەو شێوازە بوون، بەڵام بەپێی قسەی سەرۆکی هەڵبژێردراوی یەکێتییەکە، لە کۆی (١٠٠)ئەندامی ئامادەبووی هۆڵەکە، تەنیا (١٢)کەس دژی ئەو شێوازە بوونو (٨٨)یان ڕەزامەندبوون.

دانا عەسکەر، یەکێک لەو ئەندامانەی بایکۆتی هەڵبژاردنی کۆنگرەکەی کرد، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەر لەوەی بچین بۆ سلێمانی، دەوترا کە سەرۆکو دەستەی باڵا دەستنیشانکراون، بەڵام ئێمە قسەمان نەکرد تا ئەوەی بەفیعلی واقیعەکەمان نەبینی، پێشتریش پشتمان بە ئەندامانی دهۆکو سلێمانی بەستبوو، چونکە بەتوندی ئیدانەی ئەو شێوازە ئیشکردنەیان لەناو کۆنگرەکەدا کردبوو، بەڵام بەداخەوە لەکاتی دەنگداندا، لەژێر فشاردا بێت، یان هەر جۆرە کاریگەرییەکی تر، ئەو برادەرانە پاشگەزبوونەوە، تەنیا (٩) کەس بایکۆتی هەڵبژاردنەکەی کرد».

عەسکەر، پێیوایە: یەکێتیو پارتی لەناو کۆنگرەی نووسەراندا، گەورەترین گورزیان لە ڕۆشنبیریی کوردی داو خواستە حیزبییەکانیان بەسەر ئەنداماندا سەپاند.

لای خۆشیەوە، نیازی حەمەعەزیز، ئەندامی یەدەکی دەستەی باڵا لە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد: ئامانجی لیستی تەبایی ئەوەبوو، یەکێتییەکە بکاتە وەسیلەیەک بۆ پڕۆژەی تەبایی هەموومانو ئەوەی دەنگیشی پێداوە، زانیویەتی کە لەم قۆناغەدا پێویستمان بە یەکڕیزیی هەیە.

نیازی حەمەعەزیز، لەبارەی تەداخولاتی حیزبییەوە دەڵێت: «ناکرێت نکۆڵی لەو حاڵەتە بکرێتو بشاردرێتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە، ئەو تەداخولە کاریگەریی نەبێت لەسەر پرەنسیپەکانی دیموکراسیو کاری پیشەیی یەکێتییەکە، بەڵام ئەوانەی دەڵێن، (١٠٠٪) تەداخولات هەبووە، ڕاست ناکەن».

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، هەر لەسەرەتاوە ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرە، لە هەوڵی دروستکردنی لیستێکی جیاوازدا بوون لە دەرەوەی لیستی پارتیو یەکێتی، بەڵام فشاری بەرپرسانی ئەو حیزبانە زۆربەی ئەندامەکانی پاشگەزکردووەتەوەو سەرئەنجام لیستی تەبایی تەنیا خۆیان بۆ دەستەی یەکێتییەکە یەکلاییبوونەوە.

دانا عەسکەر، وتی: «دەسەڵات، بەهەموو هێزییەوە لەناو کۆنگرەدا بوو، ئەوانەشی ویستوویانە بە لیستی ئازاد کاربکەن، پەشیمانبوونەوە، کاتێک زانیان لیستی ئازاد هەیە، لە بری ئەوەی پەیڕەوپڕۆگرام دابەشبکەن، هەڕەشەیان بەسەر ئەوانەدا دابەشکرد کە بەنیازبوون لە لیستی ئازاد خۆیان کاندیدبکەن، ئەمەش قەدەری یەکێتیی نووسەرانە، پێشتر بەعس دەیویست نووسەران دەستەمۆبکات، ئێستاش دەسەڵاتی کوردی».

ئەگەرچی ئەو ئەندامە ئاماژە بەوە دەکات، فشاری یەکێتیو پارتی نەیهێشتووە لیستی جیاواز دروستبێت، بەڵام کاکە مەم بۆتانی هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو ئەندامانە لە بێتوانایی خۆیانەوە نەیانتوانیوە لیستێک پێشکەش بکەن.

وتیشی: «پێشتر هەواڵ هەبووە کە لیستی تر دروستدەکرێت، بەڵام کاتێک لە (١٠٠)کەسی ئامادەبوو، (٨٨)یان لەگەڵ لیستی داخراوبوونو (١٢)کەس لەگەڵی نەبوون، ئەو کاتە بۆمان دەرکەوت کە ئەگەر لیستیشیان هەبێت، هەر (١٢) دەنگ دەهێننو ڕێژەی یاساییان نییە بۆ دروستکردنی لیستێک».

هەروەک نیازی حەمەعەزیز باسی لەوەکرد، نەیبیستووە کە کەسێک بە ڕەسمیی هەڕەشە لە ئەندامان بکاتو ئیغرایان بکات بۆ ئەوەی لیست دروست بکەن، تەنانەت ئەگەر هەندێک لە ناڕازییەکان لە لیستی تەباییدا جێیان بکرایەتەوە، بێگومان ئەو پەرچەکردارەیان نەدەبوو کە ئێستا هەیانە.

بە بڕوای عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، سەرۆکی پێشووی یەکێتیی نووسەران، لەدوای کۆنگرەی هەشتەمەوە، قۆناغی سەربەخۆیی یەکێتییەکە کۆتایی هاتووەو وتی: «کە لیستی حیزبیی هەبوو، کەسەکانیش دەبێت حیزبیی بنو پرس بە حیزب بکەن، لەو هاوکێشەیەشدا حیزب مافی خۆیەتی کە داواو داواکاریی لە ئەندامانی دەستەی باڵا هەبێت».



وەڵام نادرێنەوە، ئاستەنگێکی تر لەناو لیژنەکاندا ئەوەیە، ئێمە کەمینەین لیژنەکان بچووککراوەی پەرلەمانە، ئێمە سێ کەس بین لە لیژنەیەکدا حەوت کەسی تری سەر بەدەسەڵاتە، ئەم حەوت کەسە بـەدووری نازانم ئیعاز لە حیزبەکانیان وەربگرن‌و لە ئەنجامدا ئەو دوو حیزبە ڕێکەوتنێکی ستراتیژییان هەیەو ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە پەرلەمانتارەکان ئیعاز لەدەرەوە وەردەگرن.

**ڕۆژنامە: ئەگەر پەرلەمان‌ولیژنەکان ئەوە حاڵیان بێت، ئێوەش کەمینەبن‌و لەمپەرتان بۆ دروستبکرێت، ئەی خەڵک چی بکات، چۆن بەرژەوەندیی گشتیی دەپارێزن؟**

* ئەمە هاوکێشەیەکی سیاسییە، لەهەموو دنیادا وایە، زۆرینەو کەمینە هەیە، هەندێکجار دیموکراسی دیوی خراپیی هەیە، ئەگەرچی زۆرینەو کەمینە لەوڵاتانی تردا لایەنە باشەکەی بەکاربهێنرێت، بەڵام لە کوردستاندا لایەنە سلبییەکەی بەکاردەهێنرێت، بەو مانایە نا دەستەوەستان بین، بیرمان نەچێت بەشێکی کاری ئێمە لەناو پەرلەماندایە، بەشەکەی تری لەناو خەڵکدایە، ئەگەر بتوانین لەم ڕووەوە چی کرا بیکەین، ئەگەرنا ڕاستییەکان بەخەڵک بگەیەنین‌و ڕاستییەکان دەخەینەڕوو.

**ڕۆژنامە: ئەی بۆ بەدواداچوون بۆ وەڵامی پرسیارەکان ناکەن؟**

* بـەدواداچـوونـی بۆ دەکەین، ڕەنگە هەندێکجار لە دەسەڵاتە یاساییەکەی خۆشمان لاماندابێت، ڕەنگە هەندێکجار دابەزیبێتین بۆ ئاستی شتی زۆر بچووک، من بۆخۆم هەوڵمداوە بـەدوای تەنکەرەکاندا برۆم تا سنووری ئێران، لەمیانی پرسیارکردنم لە وەزیـر لەبەردەم پەرلەماندا بە زمانێکی زۆر ناباو وەڵامی داینەوە، لەبری دەستخۆشی، ئەوە وەڵامەکەی بوو، ئەم بەڕێزانە پێیانوایە، هەرخۆیان دەزانن بڕیار لەسەر نـەوت بـدەن‌و هەر خۆیان نوێنەری خەڵکن‌و هەر ئەو لایەنانە سوودمەند بن کە ئەمان ئۆکەیی لەسەر دەکەن.

**ڕۆژنامە: لەمەوە دەرناکەوێت کە وەزارەتــی سامانە سروشتییەکان بۆ خۆی حکومەتێکی سەربەخۆیەو لە حکومەت‌و پەرلەمان گەورەترە؟**

* وادەردەکەوێت.

**ڕۆژنــامــە: ئـەی چـۆن ئێوە لێپێچینەوەو بەدواداچوون دەکەن؟**

* ئێمە لەمیانەی هەڵسووکەوتی خۆماندا وەک گۆڕان‌و ئۆپۆزسیۆن، لە چوارچێوە یاسایی‌و ئسوڵییەکاندا، دەمـانـەوێـت پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان حکومەت‌و پەرلەمان هەبێت‌و هاوکاریمان بکەن، بۆ ئەوەی نەک نەبینە لەمپەر کە ئەو گومانەیان هەیە، بەڵکو ئەگەر زانیاریمان پێبدەن پارێزگارییان لێبکەین‌و باشەکانیان بۆ خەڵک بڵاوبکەینەوە، بەڵام کە ئەوە نەکەن، بەدڵنیاییەوە دەڵێم، ئەگەر پەیوەندییەکان بەوشێوەیە بێت هەموو گوشارێکی یاسایی‌و مەدەنی لەسەر حکومەت‌و سەرۆکایەتی پەرلەمان دروستدەکەین بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشەیە، چونکە لە ئەنجامدا خۆمان بە نوێنەری خەڵک دەزانین‌و بێدەنگیی لە ئاستی ئـەو بەرپرسیارێتییە، بەرپرسیارێتی مێژوویی دەخاتە سەرمان.

**ڕۆژنامە: ئێوە هیچ زانیارییەکتان هەیە لەسەر ئەو تەنکەرە نەوتانەی کە ڕۆژانە دەڕۆنە سنووری ئێرانەوە؟**

* بەپێی ئەو لیستەی لای من هەیە، ئەو ڕۆژەی وەزیری سامانە سروشتییەکان لەبەردەم پەرلەماندا لەسەر بودجە ڕوونکردنەوەی دەدا، ئەو ڕۆژە (٣٨٤) تەنکەر لە کێڵگەی نـەوتـی تەقتەق ڕۆیشتبوو هەر تەنکەرەو (٢٨) تەن باردەکات‌و بۆ هەرتەنێک (٣٨٥) دۆلار وەردەگیرێت، کۆمەڵێک وردەکاریی تر هەیە، بەپێی بەڵگەکانی بەردەستمان دەبرێتە ئێران بۆ بەندەر عەباس‌و بەندەر ئیمام، هەندێکی لە خەزاندا دەمێنێتەوە، هەندێک لەو نەوتە بەناو ڕەشەکەی لە هەرێمی کوردستان پاشماوەیە لـەوێ دەپاڵێورێت‌و دوای ئەوەی هەندێک بـەرهـەم‌و موشتەقاتی لێدەردەهێنرێت، ئەوکاتە پاشماوەکەی دەکرێتە سووتەمەنی بۆ خستنەگەڕی وێستگەی کارەبا، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی تری ئەو نەوتە بۆ چین‌و مالیزیا براوە، بەڵگە هەیە ئەو ڕاستیانە دەسەلمێنن.

یەک خاڵی تر هەیە دەمەوێت ڕوونی بکەمەوە، وەزیر دەڵێت: ئەم نەوتەی هەیە بەشێکی زۆری زیادەیە، ئاگادارین لە سێ خاڵی سنوورەوە لە (باشماخ، پەروێزخان، حاجی ئـۆمـەران) لەیەک ڕۆژدا (١٢١٢) تەنکەر نەوت ئاودیوی ئێران کراوە، دەبێت لانیکەم پاشماوەی زیاتر لە (٤٠٠٠) تەنکەر نەوتی خاو بێت، دەبێت (٣) هـەزار تەنکەر نەوتی سپی‌و بەنزین خرابێتە بـازارەوە، ئەی کوا ئەو بەرهەمانە؟! بۆیە گومان دەکەم ئەوەی دەڵێن نەوتی زیادەیە، یان خاوە، ئەسڵەن نەوتی زیادە نییە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو نەوتەی هەیە بەش ناکات، ئەو نەوتەی دەڕوات لە (٧٥٪) زیاتری ڕەنگە بەدەستکاریی نەکراوی، یان بە هەندێک دەستکاریی، یان کەمێک ڕەشدەکرێت‌و دەنێردرێتە ئێرانەوە.

**ڕۆژنــامــە: وەزیــری سامانە سروشتییەکان دەڵێت: ئەگەر بۆم بسەلمێنن کە نەوتی خاو چووەتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، دەست لە کار دەکێشمەوە؟ بۆچوونت چییە لەوبارەیەوە؟**

* لەبیرمان نەچێت وەزیـر لەوبارەیەوە زۆر شارەزایە، دەکرێت چـاوەڕێـی ئەو جـۆرە لێدوانانەی لێبکرێت، بەڵام لەبری ئەوەی پێشنیازی ئەوە دەکات بۆی بسەلمێنن، بابێت کار لەسەر سڕینەوەی ئەو گومانانە بکات کە لەسەر وەزارەتەکەی هەیە، هاوکاریی لیژنەکەی ئێمە بکات، با وەزیر ئەوەش بزانێت هەر لەتەنیشت ئـەوەوە لەو حیزبەی ئەوی کاندید کـردووە بۆ ئـەوەی ببێتە وەزیـر، زانیاریی ئەوەی لایە کە ئەو نەوتەی دەچێتە دەرەوە نەوتی ڕەشکراوە، لە وەزیر دەپرسم: ئەو یاسایەکی هەیە بەناوی نەوت‌و گازو یاسایەکی تری وەزارەتــی سامانە سروشتییەکان، ئەم دوو یاسایە سنووری دەسەڵاتی ئـەوی دیـاریـکـردووە، چـۆن ڕێ بەخۆی دەدات بڵێت، لە سنووری دەسـەڵاتـی مندا قاچاخچێتی بە نەوتەوە دەکرێت، زانیاریی تر هەیە کە دەیسەلمێنێت، نەک قاچاخچێتی پێوە دەکرێت، بەڵکو ئەو بازرگانییەش کە بەنەوتەوە دەکرێت لەلایەن چەند کۆمپانیایەکەوە قۆرخکراوە لەوانە: (نـۆکـان‌و قـەیـوان‌و عێراق ئۆیل)، خەڵک هەیە لە کێڵگە نەوتییەکاندا لە پارچە زەوییەکەی باوباپیرانی نەوت دەردەهێنرێت بەواستە کراوەتە چایچی، لەکاتێکدا بەپێی یاسا دەبێت هەموو کۆمپانیاکانی نەوت دەرفەت بۆ گەنجان‌و بێکارەکان دەستەبەر بکات‌و قـەرەبـووی زەوییەکانیان بکاتەوە، کادیرانی ناوخۆ، نەک کادیری دەرەجە یەک نین، بەڵکو پێویستیان بە واستەو تەزکییەی حیزب هەیە بۆ ئەوەی کارێکی دەرەجە دوویان دەستبکەوێت.

# «نەوتی قاچاخ»

# کارتەکانی کورد لە بەغدا لاواز دەکات



راپۆرتی: بەرهەم خالید

بـە قـاچـاخ بـردنــەدەرەوەی نــەوت لە سنوورەکانی هەرێمەوە کاردانەوەی ناوخۆیی‌و جیهانیی زۆری لێدەکەوێتەوەو حکومەتی عێراق وەفدێک ڕەوانەی هەرێم دەکات‌و وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم‌و ئێرانیش ڕەتیدەکەنەوە، کە نەوت لە هەرێمەوە بچێتە خاکی ئێرانەوە، سەرۆکی هەرێمیش داوای لێکۆڵینەوە لەو بابەتە دەکات. پەرلەمانتارێکی عێراقیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: ئەو دۆخە پێگەی کورد لە دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەت‌و بەدەستهێنانی پۆستە سیادییەکان لاواز دەکات.

ماوەی چەند ساڵێکە پرسی بەقاچاغبردنی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی خاڵە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەران‌و باشماخ‌و پەرویزخانەوە لەلایەن بەشێک لە میدیا ناوخۆیی‌و جیهانییەکانەوە دەورووژێنرێت‌و دەخرێتە بەردەم ڕای گشتیی‌و دەسەڵاتداران، دواترینیان بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٩ی ڕۆژنامەی (نیۆرک تایمز)ی ئەمریکییە، کە تێیدا جگەلەوەی تیشک دەخاتە سەر بەقاچاغبردنی نەوت وەکو کاڵایەکی بازرگانیی، هاوکات لەلایەن ئەمریکاوە کراوەتە کەرەستەیەکی سیاسیی‌و وەک ڕەخنەیەک ئاراستەی سەرکردایەتی کورد دەکرێت بە تایبەت، کە ئەو بەقاچاغبردنە وەک یەکێک لە کەلێنەکانی گەمارۆی ئابووریی سەر ئێران لەقەڵەمدەدرێت، کە بەهۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەیەوە بەسەریدا سەپێنراوە.

د.بایەزید حەسەن، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، جەخت لـەوە دەکـاتـەوە: چوونی نـەوت بە قاچاخ، شکاندنی ئەو گەمارۆیەیە کە ئەمریکا بەسەر ئێراندا سەپاندوویەتی، ئەوەش کار لە سومعەی هەرێم دەکات‌و دوور نییە ئەمریکاش لە بەرامبەر ئەوەدا دژ بە بەرژەوەندیی کورد کاربکات‌و لە هەمانکاتیشدا هۆکارێکی دیکەیە بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی زیاتر لە کوردستان، چونکە کەس نازانێت داهاتی ئەو نەوتە دەچێت بۆ کوێ.

پێشترو لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ڕابردوو حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق، دەربـارەی ئەو بابەتە ڕایگەیاند: «ئەو بڕە نەوتەی لە هەرێم بەرهەمدەهێنرێت بەشێکی بەقاچاغ ڕەوانــەی دەرەوە دەکـرێـت، بەبێ ئاگاداریی وەزارەتی نەوت».

ئەو نەوتەی بە قاچاخ دەبرێتە ئێران بە بڕێکی زۆر لە قەڵەمدەدرێت‌و هاوکات بە نرخێکی هــەرزان دەفـرۆشـرێـت، کە نەوتی خاویشی تێدایەو بەشێوەیەکی نارەسمیی لەلایەن هــەردوو کۆمپانیای عێراق ئۆیل‌و قەیوان کاری گواستنەوەو ناردنە دەرەوەی نــەوت دەکــەن لەو دەروازە سنوورییەوەو زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەش کۆمپانیای حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمن‌و ناشزانرێت داهاتی ئەو نەوتە بۆ کوێ دەچێت.

عەبدوڵڵای مەلا نـوری، ئەندامی لیژنەی پیشەسازیی‌و وزەو سەرچاوە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان جەخت دەکاتەوە، کە نەوتی خاو ڕاستەوخۆ لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران دەڕوات‌و بەڵگەی ئەوەش دەهێنێتەوە لەیەک ڕۆژدا لە سێ دەروازەی نێوان هەرێم‌و ئێرانەوە زیاتر لە (١٠٠٠) تانکەر نەوت ڕۆیشتووەو ئەو نەوتەش دەڕوات لە (٧٥٪) زیاتری ڕەنگە بەدەستکاریی نەکراوی، یان بەهەندێک دەستکاریی، یان کەمێک ڕەشدەکرێت‌و دەنێردرێتە ئێران.

نیویۆرک تایمز، لەسەر زاری بەرپرسێکی ئەمریکییەوە لە هەرێم، کە نەیویستووە ناوی ئاشکرابکرێت بڵاویکردەوە: کە ڕێکخستن‌و کۆنترۆڵکردنی بازرگانیی بە نەوتی خاو بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ ئێران، بەرپرسانی ئەمریکی نیگەران کـردووە لە بەغداو ترسی ئەوەیان هەیە قازانجی فرۆشتنی ئەو نەوتە بۆ بەرپرسانی عێراق بگەڕێتەوەو ڕایگەیاندووە: «بە قاچاغبردنی ئەو نەوتە بۆ ئێران سوود بە ئێران دەگەیەنێت، لە کاتێکدا بەمدواییانە سزای نوێی بەسەردا سەپێنراوە».

لەلایەکی دیکەوە بەرپرسێکی باڵای کورد بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە: قازانجی بێ ئەژمارو بەرفراوانی بە قاچاغبردنی ئەو نەوتە بۆ ئێران دەڕواتــە گەنجینەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو چەند کۆمپانیایەکی سەر بەو حیزبانەو چەند بەرپرسێکی سیاسیی عێراقیش لەوکارەوە تێوەگلاون.

دوای ئەو ڕاپۆرتە زۆرێک لە میدیا ناوخۆیی‌و جیهانییەکانیش ئەو بابەتەیان وروو‌ژانــد، هــەروەک کەناڵی ئەلعەرەبییە لە ڕاپۆرتێکدا دەربارەی گواستنەوەی نەوت بە قاچاخ ، دەڵێت: کوردەکانی عێراق، بە شکاندنی گەمارۆی

> «بەهۆی هەڵەی نەوتی قاچاخەوە کورد ناتوانێت لەسەر وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی نەوت پێدابگرێت»

نەتەوەیەکگرتووەکان تۆمەتبار دەکرێن.

ڕۆژی (١٤)ی ئەم مانگە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە بەغدا، حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق، ڕایگەیاند: هەناردەکردنی پێکهاتە نەوتییەکان بۆ وڵاتانی دراوسێ کارێکی نالۆژیکییە، بەتایبەتیش کە عێراق خۆی کێشەی سووتەمەنی هەیەو هەندێک لەو مادانە هاوردە دەکـات، بەتایبەتیش بەنزین‌و وتیشی: «بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بەقاچاغبردنی نەوت بۆ وڵاتانی دراوســێ، ئەنجومەنی وەزیـران بڕیاریداوە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بانگهێشت بکات، بە مەبەستی دانانی سنوورێک بۆ بەقاچاغبردنی نەوت».

لەلایەکی دیکەوە عەلی دەبباغ، وتەبێژی حکومەتی عێراق ڕایگەیاند: حکومەتی عێراق وەفدێکی وەزارەتی نەوت دەنێرێتە هەولێر هەتا چاوی بە بەرپرسانی وەزارەتی نەوتی هەرێمی کوردستان بکەوێت‌و لە ڕاستی‌و دروستی ئەو هەواڵانە بکۆڵێتەوە، کە باس لە ئاودیوکردنی نەوت دەکەن.

دوابەدوای ئەو بەرەوپێشچوونانە، هەفتەی ڕابــردوو سەرۆکی هەرێم کۆبوونەوەی بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کرد، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەوەی خستەڕوو: بەهیچ شێوەیەک نابێت پاشماوەی بەرهەمە پاڵێوراوەکانی نەوت بەشێوەیەکی نایاسایی لە هەرێمی کوردستان دەربچێت‌و داوای ئەوەشی کـردووە بە توندترین شێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتەکەدا بکرێت.

ئەوە لە کاتێکدایە پێشتر بەرپرسانی هەرێم بە توندی ئەو بابەتەیان ڕەتکردەوەو حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند: بەهیچ جۆرێک نەوتی خاو لە سنوورەکانی هەرێمەوە ناگوازرێتەوە.

محەمەد قەرەداغی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمیش ڕاگەیاند: ئەوەی دەبرێتە دەرەوە تەنیا پاشماوەی نەوتەو ئەویش بە ڕەزامەندیی حکومەتی بەغدا کراوەو بەشێوەیەکی ڕەسمیی براوەتە دەرەوەو هەریەک لە وەزیری سامانە سروشتییەکان‌و وەزیری دارایی هەرێم ڕوونکردنەوەیان داوە بە سەرۆکی هەرێم دەربارەی ئەو جۆرە نەوتەی دەبرێتە دەرەوە.

لەلای خۆیەوە د.بایەزید حەسەن، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات: بردنی نەوت بە قاچاخ زیان بە پێگەی کوردو کارتەکانی دەگەیەنێت لە دانوستاندا بەرامبەر لایەنە عەرەبییەکانی عێراق، چونکە تائێستا کێشەی گرێبەستە نەوتییەکان چارەسەر نەکراون‌و یاسای نەوت‌و غاز دەرنەچووە، بۆیە کورد ناتوانێت پێدابگرێت لەسەر وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی نەوت بەهۆی ئەو حاڵەتەوەو هەروەها هەرێمیش دەیتوانی ئەو نەوتە وەک کارتێکی ئابووریی بەرامبەر ئێران بەکاربهێنێت بۆ ڕاگرتنی تۆپبارانەکان، کە ڕۆژانــە زیان بە خەڵکی ناوچە سنوورییەکان دەگەیەنێت‌و هەرێمیش نەوتی هــەرزان ڕەوانــەی ئێران دەکات.

بەپێی نووسراوێکی ڕەسمیی وەزارەتــی دارایی هەرێم، کە لە ٢٠٠٩/١١/٢٣دا ئاراستەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی گومرگی سلێمانی کراوە، هاتووە: وەزارەتــی سامانە سروشتییەکان ئاگاداریان کردووین، کە وا کۆمپانیای (عێراق ئۆیل) بۆ خزمەتگوزاریی نەوتیی گرێبەستی هەیە لەگەڵ وەزارەتەکەیان‌و فەرامۆشکراون لە باجی گومرگ بۆ بردنە دەرەوەی نەوتی ڕەش (FUEL OIL)ی پاڵاوگە ناوخۆییەکان‌و داوادەکـات هــەردوو دەروازەی سـنـووری باشماخ‌و پەروێزخان ئاگادار بکەنەوە بۆ ڕێپێدان بەو کۆمپانیایەو لێبوردنیان لە باجی گومرگ بەپێی ڕێنماییەکان.

ئەمە لەکاتێکدایە ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، ڕەتیکردووەتەوە، کە بەهیچ شێوەیەک نەوتی خاوی هەرێم لەڕێی قاچاخەوە بنێردرێتە ئێران‌و پاش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی نیۆرک تایمزیش هەورامی، ڕایگەیاند: «ئەگەر هەر کەسێک زانیاریی لایە لەوبارەیەوە با بیداتە حکومەت‌و پەرلەمان‌و ئیسپاتی بکات، منیش دەست لەکار دەکێشمەوە».

بەرپرسێکی باڵیۆزخانەی ئێرانیش لە بەغدا، کە ناوی خۆی ئاشکرانەکردووە بە کەناڵی فەیحای ڕایگەیاندووە: «ئێران، سامانێکی نەوتیی ئەوتۆی هەیە، کە پێویستییەکانی خۆی دابین دەکات، لەبەرئەوە پێویستیی بە نەوتی قاچاخ نییە».

بەڵام عەبدوڵڵای مەلا نوری، پەرلەمانتاری کوردستان، باس لەوە دەکـات: تەنیا لە یەک ڕۆژدا (٣٨٤) تەنکەر لە کێڵگە نەوتی تەقتەق ڕۆیشتووە بـەرەو ئێران، کە هەر تەنکەرەو (٢٨) تەن باردەکات‌و بۆ هەرتەنێک (٣٨٥) دۆلار وەردەگیرێت‌و ڕاشیگەیاند: «ئاگادارین لە سێ خاڵی سنوورەوە لە (باشماخ، پەروێزخان، حاجی ئۆمەران) لەیەک ڕۆژدا (١٢١٢) تەنکەر نەوت ئاودیوی ئێران بووە».

داواکاریی گشتیی بەدواداچوون بۆ چەند راپۆرتێکی ڕۆژنامە دەکات 8

## عەبدوڵڵا مەلا نوری، ئەندامی لیژنەی پیشەسازیی و وزەو سەرچاوە سروشتییەکان:

# بەبێ دەستکاریی (٧٥٪)ـی نەوتی هەرێم دەنێردرێتە ئێران

سازدانی: بەهادین یوسف



**عەبدوڵڵای مەلا نوری، ئەندامی لیژنەی پیشەسازیی و وزەو سەرچاوە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، جەخت دەکاتەوە: کە نەوتی خاو راستەوخۆ لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران دەرواتو بەڵگەی ئەوەش دەهێنێتەوە لەیەک رۆژدا لە سێ دەروازەی نێوان هەرێمو ئێرانەوە زیاتر لە (١٠٠٠) تانکەر نەوت رۆیشتوونو وەزیری سامانە سروشتییەکانیش بە بەرپرسیار دەزانێت لە یەک دڵۆپ نەوت کە لە هەرێم مامەڵەی پێوە بکرێت.**

**ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان ئاماژە بەوەشدەکات: ئاشتی هەورامی وەک کەسێکی سەربەخۆ مامەڵە دەکات، نەک وەک وەزیرێکی حکومەتو ئەمەش گومانی ئەوە دروستدەکات، کە لەسەر ئاستی باڵای حیزب پشتگیریی لێبکرێتو هەڵسووکەوتی وەکو بەرپرسێکی دیاریکراوە لەبوارێکدا بۆ گروپێکی دیاریکراو کاربکات.**

**رۆژنامە: دوای دروستبوونی ئەو هەڵایەی لەسەر ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دروست بوو، وتەبێژی حکومەتو وەزیری سامانە سروشتییەکانیش رایانگەیاند: بەپێی یاسا مامەڵە دەکەنو نەوتی رەشو پاشماوەی پاڵاوگەکانی هەرێم دەنێرنە دەرەوە، چی یاسایەک رێگە بەم کارە دەدات؟**

* ئەو یاسایەی بەرکارە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراوە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧)ە، کە پێیدەوترێت (یاسای نەوتو گازی هەرێمی کوردستان) لەو یاسایەدا بەشێوەیەکی ورد سەرەڕای بوونی کەموکورتی، شێوازی گەڕان بەدوای نەوتو هەڵکەندنی بیرەکانو دەرهێنانو بە بازاڕکردنی نەوتو دانانی پارەکەی دەستنیشانکراوە لە چوارچێوەی چوار کۆمپانیاو سندووقێکدا، یاساکە دەستنیشانی کردووە بەچی شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ نەوت دەکرێت، ئەوەی ئەمڕۆ لە ئەرزی واقیع دەیبینین ناچێتە چوارچێوەی بەندو مادەکانی ئەو یاسایەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە فرۆشتنو پاڵاوتنی نەوتەوەیە، ئەوەی کە ئەمڕۆ هەیە لە هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی یاساکەیە.

ئەگەر قسە لەسەر ئەو نەوتە بکەین، کە لە سنووری هەرێمەوە ئاودیوی ئێران دەکرێت بەپێی ئەو زانیارییانەی لای ئێمەیە، بەشێک لەو نەوتە کە بە قسەی وەزیری سامانە سروشتییەکانیش دەڵێت: بەشێکی نەوتی سنووری بەغدایەو بەرپرسیار نییە لێی بەشێکی تری نەوتی رەشەو پاشماوەی ئەو سووتەمەنیانەیە کە دەدرێتە پاڵاوگەکانی هەرێمو دواتر دوای ئەوەی گازوایلی لێ دروستدەکرێت بۆ وێستگەکانی کارەبا نەوتی رەشی لێ دەمێنێتەوەو ئەوەش بۆ ئێران دەبرێت، بەڵام ئەو پرسیارانەی دروستدەبێت، کە بە دانپێدانانی خودی وەزیر زیاتر (١٠٠) پاڵاوگەی بچووکی ناشەرعی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، کە بەپێی یاساکە پێویست دەکات هەر دەزگایەک پرۆسەی نەوتی ئەنجامبدات مۆڵەت لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەربگرێت، بەڵام بێ مۆڵەت ئەو پاڵاوگانە کاردەکەنو نەوتی خاویان بە تانکەر بۆدێت، بەرهەمەکانی ئەم پاڵاوگانە دەکرێت بڵێین نەوتی رەشە، دەکرێت بڵێم: لە سێ رووەوە نەوتی رەش هەیە، یەکێکیان: ئەوەی حکومەتی ناوەندە، دووەمیان: ئەوەی دوو پاڵاوگەکەی هەرێمە، سێیەم: ئەو نەوتە رەشەیە کە لە میانەی پاڵاوتنی نەوتە خاوەکان لەلایەن پاڵاوگە بچووکەکانەوە دەمێنێتەوە، ئەمە راستی تێدایە.

بەڵام ئەوەی جێگەی گومانە ئەوەیە، ئێمە ئاگامان لێیەتی نەوتی خاو لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە راستەوخۆ بۆ ئێران دەنێردرێت، لەکاتێکدا بەپێی یاسای نەوتو گازی هەرێم، دەبێت فرۆشتنی نەوت لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا بێت، دەبێت لەڕێی حکومەتی مەرکەزییەوە بێت، یان لە رێگەی دروستکردنی کۆمپانیایەک بێت، کە لە یاساکەدا ئاماژەی پێکراوە، لەکاتێکدا تائێستا ئەو کۆمپانیایە دروستنەکراوەو ناتوانین بڵێین، ئەوەی ئێستا دەکرێت شەرعییە، هەر ئیجرائاتێک بکرێت شەرعیەتی نییە، چونکە بەپێی رێکارییەکانی یاساکە نییە، لەلایەکی ترەوە بەپێی زانیاریی نافەرمیی، بەشێک لە نەوتی خاوی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان دەبرێتە پاڵاوگە ناشەرعییەکانو رەش دەکرێت لەپێناو چاوبەستکردنی رای گشتیدایە، کە بڵێن، نەوتی رەشە، نەک نەوتی خاوو دواتر دەبرێتە ئێران، پرسیار ئەوەیە: ئەم نەوتە خاوانە لەلایەن ئەو پاڵاوگانە رەشدەکرێت کە خودی وەزیر دەڵێت: مۆڵەتیان پێنەداون، لەکاتێکدا حکومەت مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، لە کوێی دنیادا هەبووە حکومەت باوەڕی بە دەزگایەک هەبێت، لە کاتێکدا دەبێت خاوەنی ئەو دەزگایانە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێتو دادگایی بکرێن.

**رۆژنامە: سەرچاوەی ئەو نەوتە خاوە کوێیە، کە دەدرێتە ئەو پاڵاوگانە؟**

* سەرچاوەی ئەو نەوتە خاوە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانە، ئەگەرچی هەندێکجار وەزیر ئەوە رەتدەکاتەوە، بەڵام ئێمە بەڵگەمان لەبەردەستدایەو دەیسەلمێنێت ئەو نەوتە نەوتی خاوی تەقتەقو کێڵگەکانی دیکەیە، وەزیر دەڵێت: ئاگام لەو نەوتە نییە لە عێراقەوە دێتو دەچێتە ئێران، لەکاتێکدا بەپێی یاساکە وەزیری سامانە سروشتییەکان بەرپرسیارە لەیەک دڵۆپ نەوت کە لە هەرێمدا مامەڵەی پێوە دەکرێت، بەچی حەقێک وەزیری سامانە سروشتییەکان رێگە بەوە دەدات قاچاخچێتی بە نەوتەوە بکرێت؟!، بەڕای من ئەوە دووفاقەیی و تێکەڵکردنی دوو پرۆسەو مامەڵەی ناشەرعییە، مامەڵەیەک ئەوەی لە عێراقەوە نەوتی قاچاخ دێتە هەرێمی کوردستانو ئاودیوی ئێران دەکرێت، مامەڵەیەکی تریان ئەوەیە لە هەرێمی کوردستان قاچاخچێتی دەکرێت، لەم رێگەیەوە دەیانەوێت ئەوەی لە کوردستان دەکرێت بەوەی بەغدا پەردەپۆشی بکەن، لەکاتێکدا هەرێم بەرپرسە لە هەردووکیان؟

**رۆژنامە: بەڵام وەزیر دەڵێت: بەپێی پسووڵەو بەشێوەی رسومات لەڕێی موزایەدەوە ئەو کارە دەکەن، کارەکەش دراوە بەدوو کۆمپانیا؟ بەچی موزایەدەیەک؟ ئەمانە بۆ روون نین؟**

* ئێمە ناڵێین موزایەدە نەکراوە، لە دانیشتنێکدا لەگەڵ بەڕێوەبەرێکی گشتیی وەزارەت دەڵێت: ئەوان موزایەدەیان کردووە، بەڵام بەپێی یاسای (بەکرێدانو فرۆشتنی ماڵی دەوڵەت)، بەپێی ئەو یاسایە موزایەدەیان بۆ فرۆشتنی نەوت کردووە، لەکاتێکدا بەپێی یاسای نەوتو غازی هەرێم، هیچ یاسایەکی تر کاری پێناکرێت، کەواتە لەدەرەوەی ئەو یاسایە هەر پرۆسەیەک ئەنجامبدەن شەرعیەتی نییە، یاسایەک دەرکراوە بۆ نەوتو گاز، ئەم یاسایە تۆزی لەسەر نیشتووە، کەچی بە یاسایەکی تر کاردەکەن، کە هی سەردەمی حکومەتی عێراقییە.

**رۆژنامە: کەواتە خودی موزایەدەی فرۆشتنی نەوتەکەش نایاساییە؟**

* هیچ شەرعیەتێکی نییە، موزایەدەیە، یاسایەکی بۆ دەرکراوە، حکومەتی هەرێمو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە لە ماوەی چوارساڵی رابردوو ئەو چوار کۆمپانیای تایبەت بەگەڕانو دەرکردنو فرۆشتنی نەوتو سندووقی داهاتە نەوتییەکانی دروستنەکردووە، بە مەبەست بوو، بۆ ئەوەی هەموو ئەو دەسەڵاتانە لە دەستی وەزیردا کۆبکاتەوە، ئەهەمیەتی ئەو کۆمپانیایانە چییە؟، ئەو کۆمپانیایانە ئەگەر دروستبکرێن سەرۆکایەتیو دەستەکانیان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەیان پێدەدرێت، ئەمانە دەکەونە ژێر چاودێریی پەرلەمان، ئەم دەزگایانە دروستبکرایە ئێمە هیچ گومانێکمان لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دروستنەدەکرد.

**رۆژنامە: ئەی کوا داهاتی ئەو فرۆشتنە، کە ئەوان دەڵێن بە وەسڵ بووەو چووەتە خەزێنەی حکومەتی هەرێمەوە لەکاتێکدا لەکاتی گفتوگۆی بودجەدا وەزیری دارایی وتی: یەک دیناری نەوتی هەرێم نەخراوەتە سەر بودجە؟**

* لە پرسیارەکەدا بەشێکی وەڵامەکەتان دەستکەوت، بەوپێیەی لە یاسای نەوتو گازی هەرێمی کوردستاندا دەستنیشانکراوە، بەشێوەیەک داهاتی نەوت، زۆرترین خزمەت بە خەڵکی هەرێم بکات لەڕووی ئابووریی و سیاسییەوە، لەڕووی سیاسییەوە حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی هێندە گوماناویی مامەڵەی لەگەڵ نەوت کردووە، لەماوەی رابردوودا نەک نەیتوانیوە خزمەت بکات، بەڵکو لەگەڵ حکومەتی عێراقی جۆرێک لە سەرئێشەو ئاڵۆزیی دروستکردووەو بووەتە هۆی دروستکردنی ململانێ، کە پێموایە: هەندێک بەرژەوەندیی تری خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی ئەو ئاڵۆزییە خەریکە دەبنە قوربانی، لەڕووی ئابوورییەوە لەسەر ئەرزی واقیع ئەو شوێنانەی کە پرۆسەی دەرهێنانی نەوتی لێ ئەنجامدەدرێت لە کۆیەو گەرمیانو زاخۆ، بەپێی یاسای بودجەی حکومەتی فیدراڵ لە هەر شوێنێک نەوت دەربهێنرێت دەبێت یەک دۆلار بۆ ناوچەکە بێت بۆ خزمەتکردنو ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە، تائێستا حکومەتی هەرێم ئەو دەقەی جێبەجێ نەکردووەو هیچ بڕە پارەیەکی بۆ ئەو ناوچانە تەرخان نەکردووە، سەرەڕای ئەوەی پرۆسەی نەوت دەبێتە هۆی داگیرکردنی زەویو زارو پیسبوونی ژینگە، لەڕووی دیکەوە پێویستە داهاتی نەوت زۆرترین خزمەت بە کوردستان بکات، بەڵکو تەواوی داهاتی نەوت تائێستا بە نارۆشنی ماوەتەوە لە چوارچێوەی دەستوورو ئسوڵدا پێویستە دینار بەدیناری وەزیری دارایی ئاگاداربێت، لە دوو رووەوە، لەو رووەی وەزارەتەکەی مەعنییە بۆ هەر داهاتێک کە لە هەرێمدا هەبێت، لەڕوویەکی دیکەوە لە یاساکەدا هاتووە: وەزیری دارایی یەکێکە لە ئەندامانی ئەنجومەنی هەرێمیی، کە پێکهاتووە لە سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەیو وەزیری پلاندانانو وەزیری داراییو وەزیری سامانە سروشتییەکان، واتە لە دوو رووەوە دەخوازێت وەزیری دارایی نەک ئاگای لە داهاتی نەوت بێت، بەڵکو ئاگای لە تەواوی پرۆسەکە بێت.

**رۆژنامە: ئەی ئەندامانی تری ئەنجومەنی هەرێمی ئاگایان لێیە؟**

* من گومانم هەیە، بەپێی کۆمەڵێک زانیاریی کە لە بەرپرسانی حیزبیو حکومییەوە پێمان دەگات، وەزیری سامانە سروشتییەکان بەدەنگ ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە ناچێت، ئاشتی هەورامی، وەکو کەسێکی سەربەخۆ کاردەکات، گومانی ئەوە دەکرێت لەسەر ئاستی باڵای حیزب پشتگیریی لە بەرنامەکەی بکرێت، هەڵسوکەوتی ئاشتی هەورامی، وەکو هەڵسووکەوتی وەزیرێک نییە لە حکومەتێکدا، وەکو هەڵسووکەوتی بەرپرسێکی دیاریکراوە لە بوارێکدا بۆ گروپێکی دیاریکراو کاربکات، ئەمەش مەترسیدارە.

**رۆژنامە: ئەو ئەنجومەنە هەرێمییەی کە لە یاساکەدا هاتووە ئەگەر ئەو ئاگادار نەبێت، حکومەتو پەرلەمانو چاودێری دارایی ئاگادار نەبێت؟ کێ بە ئێمە بڵێت ئەم نەوتە داهاتەکەی چەندەو بۆ کوێ دەچێت؟**

* ئێمە هیچ رەقەمێکمان لا نییە، یەکێک لە ئەرکەکانی پەرلەمان چاودێریی حکومەتە، بەڵام هەموو بوارە جیاوازەکان بووەتە ململانێی حیزبی، حیزب دەستی وەرداوەتە هەموو دامودەزگاکان، لە ناویشیاندا پەرلەمان، ئەمەش وایکردووە پەرلەمان لاواز بێتو توانای بەدواچوونی نەبێت بۆ کاروباری هەموو وەزارەتەکانو بەتایبەتیش وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئەمە ئەرکی سەر شانی ئێمەیە، کە بێین ئەم هاوکێشەیە بگۆڕین، لەسەر سکەی ناسروشتییەوە بیخەینە سەر سکەی راستەقینە، دەبێت بەرپرسان ئاگایان لەوەبێت ئەوە ئەوان نین کە بڕیار لەسەر پرۆسەیەکی هێندە گرنگ دەدەن، کە پەیوەندیی بە نەوەی ئایندەشەوە هەیە، ئەم پەرلەمانە وا دەخوازێت بە ئەرکی یاساییو راستەقینەی هەستێت، بەتایبەت ئەم پرۆسە گوماناوییە کە نەیکردووە، کێشەکە لەوەدایە، رووبەڕووی قەیرانێکی گەورە بووەتەوە لە بەرامبەر حکومەتدا، حکومەتو پەرلەمان وەکو دوو دەستیان لێهاتووە، کە هی یەک جەستەو عەقڵە، کە حیزبە، حیزب هاتووە بەدەستێکی حکومەتی دروستکردووەو بەوشێوەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەیەوێت ئاراستەی بکات، بەدەستەکەی تر کە زۆرینەی پەرلەمانە ئیعاز دەداتە پەرلەمان کە لاوازبێتو توانای بەدواچوونی ئەو حکومەتەی نەبێت، کە خۆی دروستیکردووە، چونکە لە ئەنجامدا بەرژەوەندیی یەکێتیو پارتی لە بەرژەوەندیی گشتییەوە سەرچاوە ناگرێتو بوونی پەرلەمانێکی چالاک، واتە: ئاشکرابوونی کۆمەڵێک گرفتو کێشەی ئابووریی، بۆیە رێگە نەدراوە پەرلەمان چالاک بێتو بەدواچوون بۆ ئەو وەزارەتانە بکات.

**رۆژنامە: ئەگەر ئەو قسەیە بۆ خولی پێشوو راست بێت، کە زیاتر لە (٧٥٪)ی پەرلەمانتاران لە لیستی دەسەڵات بوون، بەڵام ئێستا ئۆپۆزسیۆن هەیە، ئەی بۆ ئەوان دەبن بەدەستەکەی تری حیزب؟**

* لە سەرەتای کاری پەرلەمانیدا هەوڵمانداوە دەسەڵاتی یاسایی بەوشێوەیەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە بەکاربخەین لەپێناو خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیی، ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئەوەیە کە پرۆسەی نەوت لە هەرێم ئەنجامبدرێت، بە مەرجێک لە چوارچێوەی یاسادابێت، زۆرترین خزمەت بەخەڵک بکاتو شەفافیەتی تێدا بێت، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندیی بەوە هەیە، ئۆپۆزسیۆن هەر لە سەرەتاوە هەوڵیداوە بەدواچوونی جدیی بۆ ئەو مەسەلەیە بکات، وەک گۆڕان یەکێک لە ئەرکەکانی سەرشانمان ناردنی پرسیار بووە بۆ وەزیری پەیوەندیدار، پرسیارمان ئاراستەی وەزیر کردووە سەبارەت بە ناردنەدەرەوەی نەوت، لەبارەی جێبەجێ نەبوونی یاسای نەوتو گازەوە، لەبارەی پاڵاوگە ناشەرعییەکانەوە، جگەلەوەی هەوڵمانداوەو پرسیاری راستەوخۆمان ئاراستەی کردووە، بەڵام ئەو لەمپەرانە زۆرن، ئەگەر وەزیر بێتە پەرلەمانو سەراپای قسەکانی دووربێت لە واقیعەوە، بەڵام لە ئەنجامدا زۆرینەیەک هەیە ئەوانیان قبووڵە، چونکە لە سەرەتاوە بڕیاریانداوە، کە وەزیرەکان تا چوار ساڵەکە وەزیر بن، بەهەموو خەلەلەکانییانەوە، ئەمە رێکەوتنێکی پێشوەختە، ئەمە ئاستەنگە جگە لەوەی دەتوانین قسە بکەین هیچ کارتێکمان لەبەردەست نییە، ئاستەنگی دووەمیان ئەوەیە، ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان لەسەر پاڵاوگە نەوتییەکان، لەسەر جێبەجێ نەبوونی یاسای نەوتو گازی هەرێمو ئەو کۆمپانیایانەی لە یاساکەدا هاتووە، کە کۆمپانیای هەرە گرنگن، پرسیارمان ئاراستەی وەزیر کردووە، بەڵام بەشێک لەم پرسیارانە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەمماندا، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان پرسیارەکان نانێرێت بۆ وەزیر، ئەو گومانە لای ئێمە دروستدەبێت، کە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان نایانەوێت بەدواداچوون بۆ مەسەلەی نەوت بکرێت، هەندێک پرسیاریش دەچێت بۆ وەزیر، بەڵام

> ❝ هەڵسوکەوتی ئاشتی هەورامی، وەکو هەڵسوکەوتی وەزیرێک نییە لە حکومەتێکدا، وەکو هەڵسوکەوتی بەرپرسێکی دیاریکراوە لەبوارێکدا بۆ گروپێکی دیاریکراو کاربکات ❞

# کەرکوکییەکان بەدەست کەمیی کارەباوە دەناڵێنن

کەرکوک/ ئارام جەمال




کۆنترۆڵی کارەبای نیشتمانیی بەغدا کۆسپ لەبەردەم بەشە کارەبای کەرکوکدا دروستدەکات، سەرەڕای فشاری بەردەوامی ئەنجومەن و ئیدارەی کەرکوک بۆ سەر وەزارەتی کارەبا.

خاوەنی مولیدەکانیش نارازین لەو بەشە گازەی پێیاندەدرێت لە بەرامبەر (١٠) سەعات پێدانی کارەبا بە هاوڵاتییان و ئاماژە بەوەدەکەن: ئەو بەشە گازە بەشی کەمتر لە (٥) سەعات کارکردن دەکات.

لە سەرەتای مانگی ڕابردوودا کارەبای شاری کەرکوک ئاستی کارەبای نیشتمانیی لە شاری کەرکوک بۆ کەمتر لە (٤) سەعات لە شەوو ڕۆژێکدا دابەزی، ئەوەش بووە هۆی نارەزایی هاوڵاتییانی شارەکەو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بۆ بە دواداچوونی کێشەکە وەفدێکی ڕەوانەی شاری بەغدا کرد، دواتر ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٧ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا مۆڵەتی (٤٨) سەعاتی بۆ وەزارەتی کارەبای عێراق دانا، کە ئەگەر ئاستی کارەبای شارەکە بەرزنەکرێتەوە، ئەوا ناردنی بەرهەمی کارەبای کەرکوک بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق رادەگرن.

ڕۆژی ٢٠١٠/٦/١٠ کەریم وەحیدی، وەزیری دەستلەکارکێشاوەی کارەبای عێراق، گەیشتە شاری کەرکوک و دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ئیدارەو ئەنجومەنی شارەکەدا، بڕیاریدا کارەبای کەرکوک بۆ (٢٧٠) مێگاوات بەرزبکرێتەوە، لەدوای ئەو سەردانەوە کارەبای نیشتمانیی لە شەوو ڕۆژێکدا (١٠-١٢) سەعات کارەبا بە هاوڵاتییان دەدرێت.

لەوبارەیەوە عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەهۆی ئەو هەوڵە بەردەوامانەی ئیدارەی کەرکوک داومانە، ئێستا بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا کارەبای کەرکوک زۆر باشترەو بەردەوامیشین لە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارەبا، لە ئێستاشدا ڕۆژانە (١٠-١٢) سەعات کارەبای نیشتمانیی و (١٠) سەعات کارەبای مولیدە بە هاوڵاتییان دەدرێت».

هاوکات ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە وەکالەت، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ئێستادا کارەبای کەرکوک لەنێوان (٢٢٠-٢٦٠) مێگاواتەو ناوبەناو ئەو بڕە بۆ (١٣٠) مێگاوات دادەبەزێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی لە کۆنترۆڵی نیشتمانیی لە شاری بەغداوە دەبڕدرێت، بەبێ ئەوەی کۆنترۆڵی کەرکوک ئاگاداربکرێتەوە، کە ئەمە کۆسپێکی دیکەی بەغدایە لەبەردەم کارەبای نیشتمانیی کەرکوکدا».

تاڵەبانی، وتیشی: «بەدواداچوونی بەردەواممان هەیە بۆ کێشەی کارەباو ژوورێکی هاوبەشی عەمەلیات لەنێوان ئەنجومەن و ئیدارەی کەرکوک و فەرمانگە پەیوەندیدارەکاندا دروستکراوەو هەفتانە لیژنەکە کۆدەبێتەوەو بەدواداچوون بۆ گرفتەکانی کارەبا دەکات».

لە سەرەتای مانگی ڕابردووەوە پارێزگاری کەرکوک بڕیاریدا لە شەوو ڕۆژێکدا مولیدەکان (١٠) سەعات کارەبا بە هاوڵاتییان بدەن، لەبەرامبەر (٩٠٠٠) دینار بۆ هەر ئەمپێرێکی کارەباو دابینکردنی (٥٠٪)ی بەشە گازی مولیدەکان، بەڵام خاوەنی مولیدەکان هێشتا نارازین لەو بڕیارەو پێیانوایە: ئەو بەشە گازە بڕێکی کەمەو بەشی (٥) سەعات کارکردن ناکات بە بەردەوامی.

عەلی ئەحمەد، خاوەنی مولیدەیەکی ئەهلیی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «وابەستەین بە بڕیاری پارێزگاوەو زۆربەی کات لە حکومەت زیاتر کارەبا بە هاوڵاتییان دەدەین، بەڵام ئەو بەشە گازەی حکومەت بە نرخی حکومیی دەمانداتێ، بەشی (٥) سەعات کارکردنی مولیدەکان ناکات و ئەو نرخەشی کە دیاریکراوە بۆ هەر ئەمپێرێک کارەبا، نرخێکی کەمەو پێویستە ئیدارەی کەرکوک پێداچوونەوەی بۆ بکات».

لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە بەردەوام وێستگەو تاوەرەکانی کارەبای کەرکوک، بەتایبەت لە ناوچەکانی باشووری شارەکە لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوون و تەقاندنەوەدان، بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی پۆلیسی پاراستنی کارەبای کەرکوک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: هێشتا مەترسیی و هەڕەشەی گەورە لەسەر وێستگەو تاوەرەکانی گواستنەوەی کارەبا بوونیان هەیە.

موقەدەم خەبات عەلی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەردەوام وێستگەو تاوەرەکانی کارەبا هەڕەشەو مەترسیی گەورەیان لەلایەن تیرۆریستانەوە لەسەرە، بەڵام توانراوە وێستگەکان زۆر بە باشی بپارێزرێن، بەڵام بەهۆی دووروودرێژیی و بوونیان لەناوچەیەکی بەرفراواندا، تاوەرەکانی گواستنەوەی کارەبا بەردەوام دووچاری تەقاندنەوە دەبن لەلایەن تیرۆریستانەوە، تەنیا لەماوەی ئەم هەفتەیەدا دوو تاوەری گرنگ لەنێوان موسڵ-کەرکوک و دۆرە-کەرکوک تەقێنراونەتەوە، کە تاوەری یەکەمیان لە موسڵەوە کارەبا بۆ کەرکوک دەهێنێت، چاککردنەوەشیان چەند ڕۆژێکی پێدەچێت».

بەڕێوەبەری پاراستنی کارەبای کەرکوک وتیشی: «هەڵمەتەکانمان بۆ نەهێشتنی تەجاوزات بۆ سەر کارەبای نیشتمانیی بە هاوکاریی پۆلیسی کەرکوک بەردەوامەو ڕۆژانە هەڵمەت ئەنجامدەدەین، کە بەهۆی بڕینی تەجاوزاتێکی زۆرەوە لە سەرەتای هاتنی وەرزی گەرماوە توانیومانە زیاتر لە (٥) مێگاوات کارەبا بگەڕێنینەوە سەر کارەبای نیشتمانیی، سەرەڕای ئەوەی تەواوی کارەبای (طـوارئ) بەردەوامی فەرمانگەو کارگەکان بـڕدراون، کە بڕەکەی (١٥) مێگاواتەو خراوەتەوە سەر کارەبای نیشتمانیی».

لەئێستادا وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە شاری کەرکوک (٣) وێستگەن و بڕیارە تا کۆتایی ئەم مانگە وێستگەی غازیە کە ئێستا بەهۆی بوونی کێشەی تەکنیکییەوە وەستاوەو کاری چاککردنەوەی تێدا دەکرێت، بخرێتەوە کارو بڕی بەرهەمەکەشی (٢٥٠) مێگاوات کارەبایەو بەشێکی باشی بۆ کەرکوک دەبێت.

## تلانەوە



لای خەڵکی کەرکوک، ساڵی(١٩٦٣) بە ساڵی حەرەس قەومی و بەعسی و فەرهود ناسراوە، ئەو ساڵەی کە بەعسییەکان بە کودەتایەکی سەربازیی دەسەڵاتیان گرتەدەست و لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵاتدا، دەستیان کرد بە دەرکردنی کورد لەم شارەو سەرەتا لە ڕووخاندن و چۆڵکردنی گوندە کوردنشینەکانی ناوچەی دوبزەوە دەستیان پێکردو لە (١٩٧٦)دا چەند قەزاو ناحیەیەک بە مەرسومی کۆماری لە پارێزگای کەرکوک بچڕێنران، لێرەوە پێبەپێ تا ساڵی(١٩٨٨) بە بەردەوامی کاریان لە سەر پرۆسەی سێکوچکەی بەعس (تەعریب، تەبعیس و تەرحیل) کرد. لە (١٩٨٨)دا ئەم پرۆسەیە گەیشتە نیمچە کۆتایی و ژمارەی گوندە ڕووخاوەکان گەیشتنە نزیکەی(١٧٦٩)و لە (١٩٩١) تا ڕووخاندنی بەعس، ئەم پرۆسەیە بەردەوام بوو، بەو شێوەیە بە درێژایی (٣٥)ساڵ، کوردی کەرکوک بەشیان دەرکردن و ئاوارەبوون بوو. کەم شارو گوندی کوردستان هەیە، ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بێت، کەرکوکیی کۆچ و باری لێ نەخستبێت، کەم وڵاتی دراوسێ و ئەوروپی هەیە، کەرکوکیی ڕووی تێ نەکردبێت.

دوای(٢٠٠٣/٤/١٠) لێشاوی گەڕانەوەی ئاوارەی کەرکوک دەستی پێکردو وا چاوەڕوان دەکرا، سەرکردایەتیی کورد بە بایەخەوە بڕوانێتە ئەم هەنگاوەو لە یەکەم ڕیزبەندی کارنامەی کارکردندا دابنرێت، بەڵام ئەم چاوەڕوانییە وا دەرنەچوو، بەرنامەی حیزبیی جێی بەرنامەی نەتەوەیی گرتەوە، لە دوو لاوە بوون بە ئاغای شارو لە جیاتی ئەوەی کورد خۆی دەستبەکاربێت، چاو بڕدرایە دەستی حکومەتی عێراق بۆ بە دەنگەوەهاتنی پرۆسەی گەڕانەوەو ئاوەدانکردنەوە.

ئەم بێبەرنامەیی و چاولەدەست بوونە، دوو هۆی سەرەکین لە مانەوەی گەڕاوەکان تا ئەم چرکەساتە وەک ئاوارە لە شارەکەی خۆیان، یان مانەوەی بەشێکی زۆریان لە سنووری هەولێرو سلێمانی.

بۆ ڕای گشتیی و هەموو ئەو کوردانەی شارەزای کەرکوک و ژیانی کەرکوکییەکان نین، یان ئەوانەی بۆ مەرامی خۆیان، باس لە خۆشگوزەرانیی ئێمە دەکەن و دەیانەوێت ڕای گشتیی پێ چەواشە بکەن، وەک ئەوەی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەیکەن. لێرەدا تەنیا لەسەر کێشەی ئاوارە، ئەم زانیارییە باس دەکەم:

ئێستا لەناو کەرکوکداو لە (٤٠)شوێنی جیاجیادا (قوتابخانە، پۆلیسخانە، باخچەی ساوایان ..... تاد)، زیاتر لە (١٣٣٠)خێزان کە نزیکەی (٧٥٠٠)کەسن لە گوزەرانێکی خراپدا ژیان بەسەر دەبەن. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان گۆڕانکاریی لە ژیان و گوزەرانی ئەم ئاوارانەو بەرپرسانی شارەکەدا بکەین، بەر لە (٢٠٠٣)و دوای (٢٠٠٣)، دەردەکەوێت کە نادادپەروەریی و گەندەڵیی ئیداریی و سیاسیی چۆن گەیشتووەتە لوتکە.

بۆ چارەسەری کێشەی ئەم ئاوارانەو هەموو پێداویستییەکانی شار، پێویستە چی بکرێت؟ کێ لێی بەرپرسیارە؟ کێ دەستبەکار بێت؟ سەرکردایەتیی کورد، یان حکومەتی عێراق، یان وەک نەوەدەکان دەست لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە خێرخوازەکانی دنیا پانبکرێتەوە!، یان قەدەر وایە کە لە شاری خۆمان و لە سایەی دەسەڵاتی خۆماندا، ئاوارە بین و بەم دەردەشەوە بتلێینەوە.

# حکومەتی عێراق بودجەی (١٤٠) خەرج ناکات

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

تائێستا حکومەتی عێراق بودجەی ئەمساڵی مادەی (١٤٠)ی دابیننەکردووە، کە بڕەکەی (١٧٢) ملیار دینارە، بەو هۆیەشەوە قەرەبووکردنەوە ڕاگیراوە.

بەپێی یاسای میزانیەی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق بڕی (١٧٢) ملیار دینار وەکو بودجەی مادەی (١٤٠) دەستنیشانکراوەو دەبوو لە سەرەتای ئەمساڵەوە ئەو بڕە پارەیە بدرایەتە لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، بەڵام دوای تێپەڕبوونی (٧) مانگ، تائێستا ئەو پارەیە لە وەزارەتی دارایی عێراق دەرنەچووەو نەچووەتە سەر حسابی مادەی (١٤٠)، ئەوەش بووەتە هۆی پەکخستنی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی مادەکە.

نەرمین عوسمان، جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بودجەی ئەمساڵی مادەی (١٤٠) کێشەی زۆر بۆ دروستبووە، چەند ڕۆژێک پێش ئێستا نووسراوێکمان پێشکەش بە وەزیری دارایی کردو دواتر لەگەڵیدا کۆبووینەوەو داوای تەرخانکردنی بودجەکەمان لێکرد، وەزیری دارایی سەرسامیی خۆی پێ ڕاگەیاندین و بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکەی دا.

بەپێی دوا ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لەساڵی (٢٠٠٧-٢٠٠٩/١١/٣٠) لە هەر سێ پارێزگای (کەرکوک، دیالە، نەینەوا) ئاوارەو هاوردە بە بڕی (٧٤١) ملیارو (٤٢٠) ملیۆن دینار قەرەبوو کراونەتەوە، هەروەک داوای بڕی (٦٥٣) ملیارو (٢٥٠) ملیۆن دینار کراوەو تائێستا خەرج نەکراوە، بەوپێیە (٦٣١٥٨) مامەڵە قەرەبووکراونەتەوەو (٥٦٣٢٣) مامەڵە قەرەبوونەکراونەتەوە، بەهۆی دابیننەکردنی بودجەی مادەی (١٤٠)ەوە لە سەرەتای ئەمساڵەوە چەکی قەرەبووکردنەوەی ئاوارەو هاوردە دابەشنەکراوەو ڕاگیراوە، هەرچەند بڕیاربوو لە سەرەتای ئەم مانگەدا دەست بە دابەشکردنی چەکەکان بکرایەتەوە.

جوان حەسەن، ئەندامی لیژنەی مادەی

**نەرمین عوسمان: بودجەی ئەمساڵی مادەی (١٤٠) کێشەی زۆر بۆ دروستبووە**

(١٤٠) لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە: دواخستنی سەرفکردنی بودجەی مادەکە بۆ بارودۆخی سیاسیی عێراق و پێکنەهێنانی حکومەت دەگەڕێتەوە، وتیشی: «حکومەتی عێراق هەر لە سەرەتاوە گرنگی بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) نەداوەو ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی ڕێگرییان لەبەردەم هەنگاوەکانی لیژنەکەدا دروستکردووەو کار لەسەر مراندنی مادە دەستوورییەکە دەکەن و دەیانەوێت جێبەجێنەکرێت».

لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە هەرسێ پارێزگای کەرکوک و دیالەو موسڵ سێ نووسینگەی تایبەتی هەیە: (نووسینگەی پارێزگای کەرکوک، ئۆفیسەکەی لەناو شاری کەرکوکە، نووسینگەی پارێزگای دیالە، ئۆفیسەکەی لە شاری خانەقینە، نووسینگەی پارێزگای موسڵ، ئۆفیسەکەی لە قەزای مەخمورە)، هەروەها لیژنەکە لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا چوار نووسینگەی دیکەی لە پارێزگاکانی (بابل، بەسرە، میسان، واسط) کردەوە، دوای کردنەوەی ئەو نووسینگانە لیژنە باڵاکە داوای زیادکردنی بودجەی تەرخانکراوی مادەکەی کرد، بەڵام تائێستا ڕەزامەندیی لەسەر نەدراوە.

هەروەک نەرمین عوسمان ئەوەی خستەڕوو: لە شارەکانی ناوەڕاست و باشوور، چوار نووسینگەی مادەی (١٤٠)مان کردووەتەوە، هەرچەندە فۆرم دابەشکراوە، بەڵام پێناچێت لەمساڵدا بتوانرێت کاری لێکۆڵینەوەی فۆرمەکان تەواوبکرێت، لەو بڕوایەدام لەساڵی داهاتوودا دابەشکردنی چەکی قەرەبوو بەسەر ئاوارەکاندا دەستپێبکرێت».

هاوکات بە وتەی کاکەڕەش سدیق، ئەندامی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، بودجەی تەرخانکراوی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) زۆر کەمەو بەش ناکات، لەبەرئەوەی ئێستا (٤) ئۆفیسی دیکە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق کراوەتەوە بۆ قەرەبووکردنەوە، لەبەرئەوە ئەو بودجەیەی تەرخانکراوە دابەشدەکرێت بەسەر (٧) ئۆفیسدا.

کاکەڕەش باس لەوەشدەکات: داوامانکردووە بودجەیەکی تایبەت تەرخانبکرێت بۆ ئەو (٤) ئۆفیسەی لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا کراونەتەوە، بەڵام تائێستا حکومەتی عێراقی ڕەزامەندیی دەرنەبڕیوە.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دواخستنی بودجەی (١٤٠)، لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) پێشنیازدەکات بودجەیەکی تایبەت بۆ لیژنەکە دابنرێت.

ئەندامەکەی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەکە وتیشی: «لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەگەڵ نێردەی سکرتێری کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) دانیشتنمان سازکردو پێشنیازمان خستەڕوو، هەوڵبدرێت کە لیژنەی باڵا میزانییەیەکی تایبەتی هەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی قەرەبووکردنەوە لەنێو مادەی (١٤٠)دا، هەموو جارێک نەگەڕێینەوە بۆ وەزارەتی دارایی و دووبارە پێویست بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران بکاتەوەو پەرلەمان بڕەکەی دەستنیشان بکات، ئەوەش زۆر ئاسانە بۆ زووتر ڕاپەڕاندنی کارەکانی مادەی (١٤٠)و ئەو کارە کاریگەریی باشی دەبێت».

پەرلەمانی عێراق لە پێکنەهێنانی حکومەت دەکۆڵێتەوە 10

# کوێستان محەمەد: رۆژنامە ناهەقیی بەرامبەرمان کرد



راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان، پێیوایە: (رۆژنامە) ناهەقیی بەرامبەریان کردووە لە تۆمەتبارکردنیان بە سستبوونی کارەکانیان‌و لەبیرکردنی نەریتی چوونە ناو خەڵک، جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە رۆژ نییە پەرلەمانتارانی گۆڕان چەندین خەڵک نەبینن‌و کێشەکانیان ئاراستەی پەرلەمان‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان نەکەن.

لە ژمارەی رابردووی رۆژنامەدا راپۆرتێک لەبارەی رەخنەو تێڕوانینەکانی هاوڵاتییان‌و چاودێرانی سیاسیی سەبارەت بە سستبوونی کارەکانی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەماندا بڵاوبووەوە، کە تێیدا پەنجە خرابووە سەر کەموکورتی لە کارەکانی ئەو فراکسیۆنەدا، بەڵام کوێستان محەمەد روونکردنەوە لەوبارەیەوە دەدات.

سەبارەت بەو تێڕوانینەی کە فراکسیۆنی گۆڕان وەک جاران چالاکانە کارناکەن‌و سستیی لە بەڕێوەچوونی کارەکانیاندا بەدیدەکرێت، کوێستان محەمەد وتی: «فراکسیۆنی گۆڕان لە سلێمانی، هەولێر، کەلار، دەربەندیخان، کفری، خانەقین، رانیە، قەڵادزێ، دوکان، کۆیە، چەمچەماڵ، نووسینگەی هەیە، ئەندامانی ئێمە رۆژانە لەو نووسینگانە دەوام دەکەن‌و خەڵک بۆ کێشەو داواکارییەکانیان روویان تێدەکەن‌و ئێمە ئەو کێشانەیان دەگەیەنینە سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و بەدواداچوونی بۆ دەکەین».

ئەوەشی ئاشکراکرد، کە لەماوەی ئەو ساڵەی رابردوودا زیاتر لە (٦٠) کێشەو داواکاریی خەڵکیان گەیاندووەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و لیژنە جیاجیاکان، جگە لەو کێشانەی کە خۆیان مەیدانیی بەدواداچوونیان بۆ کردووە، بەڵام هۆکاری ئاگادارنەبوونی هاوڵاتییانی لە کارەکانیان گەڕاندەوە بۆئەوەی، کە راگەیاندن ئاگادار ناکەنەوەو وتی: «رەخنە هاتە سەر ئەندامەکانمان، کە بۆ سەردانەکانمان کامێرا دەبەن‌و پێمان دەوترا ئەوە ئەرکی سەرشانی خۆتانەو پێویست ناکات منەت بەسەر خەڵکەوە بکەن‌و نابێت راگەیاندن بەو شتانەوە سەرقاڵ بکەن، بۆیە بڕیارماندا بۆ سەردانەکانمان راگەیاندن ئاگادار نەکەینەوە، هاوکات لەکاتی پشووشدا ئەندامەکانمان چ وەک ئەندامانی فراکسیۆن چ وەک لیژنەکانیان سەردانی ناوچەکانیان کردووە، بۆ نموونە تەنیا لە هەفتەی رابردوودا سەردانی هەژارترین گەڕەکی سلێمانیمان کردووە، سەردانی گرتووخانەی ژنانمان کردووە، سەردانی ئاوارەکانی دەستی تۆپبارانی تورکیامان کردووە، لە دەوروبەری هەولێر بەدواداچوونمان بۆ کێشەی سەرجەم ئەو توێژانە کردووە، بۆیە خەڵک دڵنیا دەکەمەوە کە سەردان‌و چوونە ناو خەڵکمان بەردەوامە، بەڵام وەک جاران لە راگەیاندنەکاندا بڵاوی ناکەینەوە».

بەدواداچوونەکانی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمان بۆ لای هاوڵاتییان‌و ناوچە جیاجیاکان هەندێکجار ئەنجامی دڵخۆشکەریان هەبووە، هەروەک کوێستان وتی: «ئێمە ئەو کێشانە رووبەڕووی لیژنەکان دەکەینەوە، کە ژمارەیەکیان چارەسەرکراون‌و هەندێکیشیان لیژنەکان وەڵامی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان داوەتەوە، کە پێویستە بەرەوڕووی حکومەت بکرێنەوە، کە بەداخەوە ئەو کێشانەی رووبەڕووی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێنەوە، بێ وەڵامن، بەڵام ئەوانەی لە دەسەڵاتی پەرلەمان‌و لیژنە پەیوەندیدارەکاندا بووبێت ژمارەیەکیان بەدواداچوونی بۆ کراوەو چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە».

لە راپۆرتە رەخنەییەکەی ژمارەی رابردووی رۆژنامەدا، هاوڵاتییەک دەڵێت: «گۆڕان بە دەنگی هەزاران چوونەتە پەرلەمان، بەڵام گرنگیدان بە کێشەی هەژاران لایان کاڵبووەتەوە»، بەڵام پەرلەمانتارەکەی گۆڕان ئەوە روونیدەکاتەوە، کە ئەوان نەک هەر بە دەنگی هەژاران چوونەتە پەرلەمان، بەڵکو خۆیان هەموویان لە خێزانێکەوە هاتوون، کە ئەگەر هەژاریش نەبن دەوڵەمەند نین، هەروەک وتی: «هەموومان لە ناوەندو خوار ناوەنددایین، بۆیە لە خەمەکانی خەڵکی هەژار تێدەگەین‌و خۆمان بە نوێنەریان دەزانین‌و بەردەوام لەگەڵیاندا دەبین، ئێمە زۆربەی سەردانەکانمان بۆ هەژارترین گەڕەکەکانی قەزاو ناحیەکانە، رۆژانە لە نووسینگەکانمان جوتیارو هەژارو خەڵکی گشتیی دەبینین».

> * تەنیا لە هەفتەی رابردوودا لەهەولێرو سلێمانی سەردانی گەڕەکە هەژارەکانمان کردووە
> * پەرلەمانتارانمان رۆژانە چەندین خەڵک دەبینن

سەبارەت بە راپۆرتە رەخنەییەکەی رۆژنامە لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان کوێستان وتی: «پێموایە ئەو بابەتە رەخنەییە ناهەقیی تێدابوو بە هەقی ئەندامانی ئێمە، چونکە سەردان‌و کۆبوونەوەکانمان بەردەوامە، بەڵام هەر لەخۆیدا رەخنەکە شتێکی ئیجابیی تێدابوو لەبەر دوو هۆکار، یەکەم: ئەوەیە کە پێمانخۆشە چاودێرێک هەبێت بەسەر ئێمەوەو پێمان بڵێت لێرە خەلەلتان هەیە، لێرە بۆ کارناکەن، دووەم: حاڵەتێکی ئیجابییە، لەبەرئەوەی نزیکیی هەیە لەنێوان رۆژنامەو بزووتنەوەی گۆڕانداو رەخنەکانی خۆی ئاراستەی فراکسیۆنەکەی خۆی بکات».

# داواکاری گشتیی بەدواداچوون بۆ چەند راپۆرتێکی رۆژنامە دەکات

رۆژنامە






داواکاری گشتیی، داوا لە فەرمانگە حکومییەکان دەکات بەدواچوون بۆ راپۆرت‌و بەدواداچوونەکانی رۆژنامە بکەن‌و لە کەموکوڕییەکان بکۆڵنەوە.

بەپێی چوار نووسراوی جیاواز، کە ئاراستەی فەرمانگەو بەڕێوەبەرێتییەکانی حکومەتی هەرێم کراوە وێنەی بۆ رۆژنامە نێردراوەو دادگاکان‌و دۆسیەی داواکار بە مافی گشتیی ئاگادارکراوەتەوە، فەرمانگەی داواکاری گشتیی سلێمانی داوای بەدواچوون‌و لێکۆڵینەوە لەو کەموکوڕیی‌و کەمتەرخەمییانە دەکات کە رۆژنامە بەدواداچوونی بۆ کردوون.

بە نووسراوی ژمارە (٤٢) لە ٢٠١٠/٦/٢٤، کە ئاراستەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی ئاوەدانکردنەوەی کردووە، لەسەر بابەتێکی ژمارە (٥٨٠)ی رۆژی ٢٠١٠/٥/٤ی رۆژنامە، کە باس لە دواکەوتنی پڕۆژەی خانەی دادی سلێمانی دەکات‌و ئەو غەرامەیەی کە لە گرێبەستی دروستکردنی دیاریکراوە لەکاتی دواکەوتنی، فەرمانگەی داواکاری گشتیی سلێمانی داوا دەکات وێنەیەک لە گرێبەستی دروستکردنی خانەی دادی سلێمانییان بۆ بنێرن‌و لە ئەنجام ئاگاداریان بکەنەوە، ئەمەش نووسراوی دووەمی داواکاری گشتییە بۆ ئەو بەڕێوەبەرێتییەو پێشتریش بە نووسراوی ژمار (٢٧) لە ٢٠١٠/٦/٧ ئاگاداریان کردوونەتەوە.

بە نووسراوی ژمارە (١٨) لە ٢٠١٠/٦/١، کە ئاراستەی جێگرایەتی داواکاری گشتیی لە کەلار کراوە، فەرمانگەی داواکاری گشتیی، وێنەیەکی لە لاپەڕە (٦)ی ژمارەی (٥٨٠)ی ٢٠١٠/٥/٤ی رۆژنامەی بۆ ناردوون، کە بابەتێکی تێدا بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (پێشێلکارییەکانی سنووری شارەوانیی کەلار، سەدان پارچە زەوی بەسەر کادیرانی حیزبدا دابەشکراوە) داوا دەکات بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتانە بکەن‌و کاری پێویست بگرنەبەر بەپێی یاساو لە ئەنجامەکانی ئاگاداریان بکەنەوە.

لەلایەکی ترەوەو بە نووسراوی ژمارە (١٦) لە ٢٠١٠/٥/٢٣، کە ئاراستەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی رێگەوبان‌و ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی سلێمانی کراوەو ئاماژە بە راپۆرتێکی رۆژنامە کراوە، کە لە لاپەڕە (٨)ی ژمارە (٥٨٢) لە ٢٠١٠/٥/١٨ بڵاویکردووەتەوە، سەبارەت بە فەرمانبەرێک بەناوی (ج أ ح)، کە بڕوانامەی شەشی ئامادەیی ساختەیە، داوا دەکات ئەگەر لەو بارەیەوە لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکهێنراوە ئاگاداریان بکەنەوە بۆ ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتیی‌و ئەگەر لیژنەش پێکنەهێنراوە، داوا دەکەن لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنن بە پشت بەستن بەمادەی (٢/٨) لە یاسای داواکارێتی گشتیی‌و مادەی (١٠) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت‌و کەرتی گشتیی‌و لە ئەنجامەکانیان ئاگاداریان بکەنەوە.

وێنەی نووسراوەکە ئاراستەی سەرۆکایەتی داواکارێتی گشتیی، دەستەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتیی بکەن.

لە نووسراوێکی دیکەیدا، بە ژمارە (١) لە ٢٠١٠/٤/٢١، ئاراستەی بەڕێوەبەرێتی ئەوقافی سلێمانی کراوەو وێنەی بۆ رۆژنامەو سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی‌و دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی‌و یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلام کراوە، فەرمانگەی داواکاری گشتیی سلێمانی ئاماژە بە بابەتێکی رۆژنامە دەکات، کە لە ژمارەی (٥٧٨) لە ٢٠١٠/٤/٢٠ی لاپەڕە (١٩)دا بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکرێت سنوورێک بۆ هێرشکردنە سەر ئایینی ئیسلام دابنرێت).

لە نووسراوەکەی داواکاری گشتییدا هاتووە: «بەپێی مادەی (٣٧٢) لە یاسای سزادانی عێراقی هێرشکردنە سەر ئایین‌و سوکایەتی پێکردنی‌و کوفرکردن بەشێوەی ئاشکرا سزای یاسایی هەیە، لەبەرئەوە داوا دەکەین، لەکاتی روودانی هەر بابەتێکی لەوجۆرە ئاگادارمان بکەنەوەو بەڵگەنامەکانمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی داوای یاسایی بجوڵێنین لەسەر ئەو کەسانە، بە پشت بەستن بە مادەی (٣٧٢) لە یاسای سزادان‌و مادەی (٢) لە یاسای داواکارێتی گشتیی.

نووسراوەکان ئیمزای هەریەکە لە دەستەی داواکار بە مافی گشتیی‌و ناز نوری عارف، بەرپرسی فەرمانگەی داواکاری گشتیی سلێمانی لە سەرەو سەرەڕای وێنەیان ئاراستەی رۆژنامە کراوە، سەرۆکایەتی داواکارێتی گشتیی‌و سەرجەم ئەو لایەنانەیان ئاگادارکردووەتەوە، کە پەیوەندییان بە بابەت‌و بەدواچوون‌و راپۆرتەکانەوە هەیەو داوای بەدواداچوون‌و لێکۆڵینەوەیان لێکردوون‌و داواشیان کردووە لەو ئەنجامانە ئاگاداریان بکەنەوە.



## «بەرهەمە نەوتییەکان لە دەرەوە دەهێنرێن، چۆن هەرێم دەیانباتەوە دەرەوە؟»

# وتەبێژی وەزارەتی نەوت بۆ رۆژنامە: «ئاشتی هەورامی ئیعترافی کردووە»

هەستیار قادر



**وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق ئاماژە بەوە دەکات: ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم، خۆی دانی بەوەدا ناوە کە نەوت دەبەنە دەرەوەو دەشپرسێت: «لەکاتێکدا عێراق بەرهەمە نەوتییەکان بۆ پێداویستی ناوخۆی لە وڵاتانی دەرەوە دەکڕێت، چۆن هەرێم دەیباتەوە دەرەوە».**

عاسم جیهاد، وتەبێژی وەزارەتی نەوت، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ رۆژنامە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لە دوایین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا رێکەوتوون لەسەر ئەوەی حکومەتی هەرێم لەو پرسە ئاگاداریان بکاتەوە، بەڵام تائێستا وەڵامیان وەرنەگرتووە.

پاش بڵاوبوونەوەی راپۆرتی رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی سەبارەت بە بەقاچاخ بردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم بۆ ئێران، حکومەتی ناوەندو وەزارەتی نەوتی بەغدا کاردانەوەی توندیان لەو بارەیەوە هەبوو، لەو چوارچێوەیەشدا وتەبێژی حکومەتی عێراقی ئاماژەی بەوەکرد: داوایان لە هەرێم کردووە لەوبارەیەوە روونکردنەوە بدات.

عاسم جیهاد بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە خودی ئاشتی هەورامی لە روونکردنەوەکەیدا دانی بەوەدا ناوە، کە نەوت لە هەرێم دەبرێتە دەرەوەو وەک بەرهەمە نەوتی زیادە لە پێویستی هاوڵاتییان باسی کردووە، وتیشی: «لەکاتێکدا عێراق بەرهەمە نەوتییەکان بۆ پێداویستی ناوخۆ

**«لە دوایین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا بڕیاردراوە کە داوای روونکردنەوە لە حکومەتی هەرێم بکەن»**

لە وڵاتانی دەرەوە دەهێنێت، چۆن هەرێم زیادەی بەرهەمە نەوتییەکانی هەیەو دەیفرۆشێتەوە بە دەرەوە».

هاوکات بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی سەباحی نزیک لە حکومەتی عێراقی، وەفدێکی پایەبەرزی حکومەتی ناوەندی بەمەبەستی تاووتوێکردنی کێشەی بە قاچاخ ناردنەدەرەوەی نەوتی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، عاسم جیهاد جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە لە دوایین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا بڕیاردراوە کە داوای روونکردنەوە لە حکومەتی هەرێم بکەن لەوبارەیەوە، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەداونەتەوە، وتیشی: «سنووری عێراق لەگەڵ وڵاتانی ئێران‌و تورکیا لە باکوور بەدەست هەرێمەوەیەو ئەو ناردنەدەرەوەی نەوتەش بە قاچاخ لەقەڵەمدەدرێت، بەو پێیەی بەبێ ئاگاداری حکومەتی ناوەندی‌و وەزارەتی نەوتەو بەپێچەوانەی رێکەوتن لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکانیش داهاتەکەی ناچێتە نێو سندووقی بووژاندنەوەی عێراقییەوەو تەنیا بۆ هەرێمە».



# تاریق حەرب، پسپۆری یاسایی: پێویستە کوردەکان هەڵوێستیان روونبکەنەوە



سازدانی:
ئومێد تۆفیق، میران حەسەن

**تاریق حەرب، پسپۆرو شارەزای یاسایی‌و سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیریی یاسایی لە عێراق، ئاماژە بەوە دەکات: ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان تائێستا هەڵوێستی روونی خۆیان دەربارەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دەرنەبڕیوەو پێویستە لە زووترین کاتدا هەڵوێستێکی روون دەرببڕن، چونکە (٥٩) کورسییان هەیەو ئەو رێژەیەش هیچ کاریگەرییەک لەناو ئەنجومەنی نوێنەران دروستناکات، ئەگەر هەڵوێستیان بەوشێوەیە بە سلبیی بمێنێتەوە، ئەوا لیستی دەوڵەتی یاساو عێراقییە رێکدەکەون‌و دەستدەگرن بەسەر سەرجەم پۆستە باڵاکاندا. تاریق حەرب لە دیمانەیەکی سایتی سبەیدا سەبارەت بە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم دەڵێت: «دەبێت بۆ ئەو مەبەستە دووبارە سکاڵا تۆماربکرێت، کاتێکیش سکاڵا لەسەر بابەتەکە تۆمارکرا، ئەوکات وەک هەموو کێشەیەکی دیکە، بە پشتبەستن بە دەقە دەستوورییەکان، دادگای فیدراڵیش بڕیاری خۆی دەردەکات.**

**رۆژنامە: زیاتر لە چوار مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا تێپەڕدەبێت‌و تائێستا هیچ ئاسۆیەک بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ دیار نییە، هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

* کۆدەنگیی لایەنە سیاسییەکانی عێراق وەک دەستوور دەستنیشانی کردووە بۆ متمانە بەخشین بە حکومەت، پێویستە بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی، ئەمەش بەو مانایە دێت هیچکام لە لیستی عێراقییەو دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە تەنیا ناتوانن ئەو دەسەڵاتە پێکبهێنن، ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکانیش تائێستا هەڵوێستی روونی خۆیان دەربارەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دەرنەبڕیوە، چونکە ئەگەر ئیئتیلافەکە لەگەڵ لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی رێکبکەوتایە، ئەوا بابەتەکە گۆڕانی بەسەردا دەهات‌و بە هەماهەنگی لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا دەنگیان دەدا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، لێرەشدا زەرەرمەندی گەورە تەنیا ئیئتیلافی کوردستانییە، چونکە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانیی بەهێزە، لەگەڵ ئەوەی ئاڵۆزە بەهۆی ناڕەزایەتی هەندێک لە پێکهاتەکانی لیستەکە لەسەر دووبارە هەڵبژاردنەوەی نوری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، پەیوەندیی مالیکیش لەگەڵ عەلاویدا بابەتێکەو بە نهێنیی براوەتەوە.

**رۆژنامە: بەڵام تەنیا ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان نییە کە بەشێوەیەکی روون هەڵوێستی خۆی لەمەڕ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دەرنەبڕیوە؟**

* بەڵێ وایە، بەشێوەیەکی گشتیش تائێستا هیچکام لە قەوارە سیاسییەکان نەیانتوانیوە بابەتی خۆیان ببڕنەوە، ئەوەشی دەوترێت سەبارەت بە رێکەوتنی نێوان عێراقییەو لیستی دەوڵەتی یاسا هێشتا جێگیر نییە، هۆکاری ئەوەش دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێک لە لیستی عێراقییە پشتگیریی مالیکی ناکەن‌و بەهەمانشێوە بەشێکیش لە لیستی دەوڵەتی یاسا لیستی عێراقییەی پێ قبووڵ نییە، بۆیە لەم روانگەیەوە بابەتی پێکهێنانی حکومەت ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، لەگەڵ ئەوەش کە پێکهێنانی لە کۆتایی ئەم مانگە تێناپەڕێت.

لەم روانگەیەشەوە پێویستە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردییەکان لە زووترین کاتدا هەڵوێستێکی روون دەرببڕن، چونکە ئەوان (٥٩) کورسییان هەیەو ئەو رێژەیەش هیچ کاریگەرییەک لەناو ئەنجومەنی نوێنەران دروستناکات، هاوکات ئەگەر هەڵوێستیان بەوشێوەیە بە سلبیی بمێنێتەوە، ئەوا هەریەک لە لیستی دەوڵەتی یاساو لیستی عێراقییە بۆخۆیان رێکدەکەون‌و دەستدەگرن بەسەر سەرجەم پۆستە باڵاکان‌و غەیرە باڵاکانیشدا، ئەوەش دەوترێت دەربارەی ئەوەی کە وەک مافێکی نیشتمانیی کورد پێویستە پۆستی باڵای بدرێتێ، بۆخۆی بابەتێکی دیکەیەو جیاوازە لە هەڵسوڕان‌و دانووستاندنی بەردەوام لەنێوان کوردو لیستەکانی دیکەدا.

**رۆژنامە: پێتوایە لە دانیشتنی داهاتووی پەرلەماندا کێشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، وەک لە دەستووری عێراقدا هاتووە، کۆتایی پێبهێنرێت؟**

*نەخێر، باوەڕناکەم، چونکە تا ئەوکاتەی بابەتی هەڵبژاردنی پۆستەکان لەنێوان کوتلە سیاسییەکاندا دەبڕێتەوە، دانیشتنی پەرلەمان بە کراوەیی دەمێنێتەوە، لەوکاتەشدا کە رێکەوتنێکی سیاسیی لەنێوان کوتلەکاندا دروستبوو، داوا دەکرێت پەرلەمان دانیشتنی خۆی بۆ هەڵبژاردنی پۆستە باڵاکان بکات، پێموانییە هیچ رێکەوتنێکیش بۆ دانیشتنی پەرلەمان دابنرێت، لەبەرئەوەی دیاریکردنی رێکەوت بە مانای کۆتاییهاتنی دانیشتنی پەرلەمان دێت.

**رۆژنامە: دادگای دەستووریی تائێستا مەسەلەی کوتلەی گەورەی یەکلایی کردووەتەوە، یاخود ئەو بابەتە کێشە دروستناکات لەبەردەم پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق؟**

* ئەو بابەتە یەکلایی بووەتەوە، هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانیش لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، کە خاڵی سەرەکییە لە کوتلەی گەورەدا، سێیەم قۆناغە، یەکەمجار سەرۆکی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت، دواتر سەرۆک کۆمارو پاشان سەرۆک وەزیران، بۆیە لێرەدا مەسەلەی کوتلەی گەورە هیچ رۆڵێکی نابێت، بەو پێیەش وەک وتم هیچکام لە کوتلەکان ناتوانن لە پەرلەماندا بە تەنیا دەنگی پێویست بەدەستبهێنن بۆ ئەو پاڵێوراوانەی کە بۆ پۆستە باڵاکان هەڵیدەبژێرن، هەموو پۆستەکانیش پەیوەستن بەیەکەوەو دابەشکردنیشیان پێویستی بە رێکەوتنی پێشوەخت هەیە.

**رۆژنامە: ئەگەر لە داهاتوودا حکومەتی نوێی عێراق پێکبهێنرێت، بەڕای تۆ باشتر دەبێت لە حکومەتەکانی رابردووی عێراق؟**

* دەبێت بەوشێوەیە بێت، چونکە لە حکومەتەکانی رابردوودا دەستوەردانی بێگانە هەبووەو قبووڵیش کراوە، بەو پاساوەی حکومەتەکان لاوازبوون‌و باس لەوە کراوە پرۆسەی دیموکراسی لاوازە، بەڵام لە ئێستادا ئەو پاساوانە نەماون، ئەگەر پێشنیازێکیش بکرێت لەلایەن وڵاتانی بێگانەوە لە ئێستادا یان وەردەگیرێت یاخود وەرناگیرێت.

**رۆژنامە: لە کۆتایی ئەم مانگەدا ئەگەر کوتلە سیاسییەکان نەگەیشتنە هیچ رێکەوتننامەیەک سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی عێراقی، چی دەبێت؟**

* ئەوکات من‌و ئەوانیش شێتین‌و دەستەوسانین لە ئاست کێشەکاندا.

**رۆژنامە: هۆکارەکەی ئەوە نییە کە لەنێوان کوتلە سیاسییەکاندا متمانە نییە؟**

* هۆکارەکە ئەوەیە لە یەککاتدا چەند لیستێک داوای سەرۆک وەزیران یاخود سەرۆک کۆمارو چەند دەسەڵاتێک دەکەن، بەبێ ئەوەی چاو ببڕنە بەرژەوەندیی جەماوەرو وڵات.

**رۆژنامە: ئەگەر لە سەردەمی پادشایی عێراق وردبینەوە، پرۆسەی ئاڵوگۆڕو دەستاودەستکردنی دەسەڵات زۆر ئاسانتر بووە لەوەی ئێستا دەیبینین؟**

*لەوکاتەدا سیستمی هەڵبژاردن لەسەر سیستمی هەڵبژاردنی تاکەکەسی بونیاد نرابوو، نەک سیستمی لیست، کە لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)وە لە هەڵبژاردنەکاندا پیادە دەکرێت‌و رێژەی ئەو دەنگەش بەدەستدەهێنرێت‌و بەسەر لیستەکاندا دابەش دەبێت.

**رۆژنامە: با بێینە سەر پرسێکی دیکە، کە ئەویش کێشەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی‌و پارێزگارە لەسەر شەرعیەتبوون‌و ئەنجومەنی پارێزگاش دەیانەوێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان پەنا ببەنە بەر دادگای فیدراڵیی، لەوبارەوە چ سەرنجێکت هەیە؟**

* بێگومان ئەوە ئەرکی دادگای فیدراڵییە لەوجۆرە کێشانەدا بڕیار بدات، ئەنجامی کێشەکەش دەکەوێتە سەر ئەو بەڵگانەی لە سکاڵاکەدا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تۆماری دەکەن.

**رۆژنامە: هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم لەگەڵ ئەوەی دەبوایە (٢٠٠٩/١٢/٣١) بکرایە، بەڵام دواخرا بۆ مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ، هاوکات حکومەتی هەرێم تائێستا هیچ ئامادەکارییەکی نەکردووەو کۆمسیۆنی باڵاش ئەوەی پشتڕاستکردووەتەوە، ئایا دادگای فیدراڵیی دەتوانێت حکومەتی هەرێم ناچار بکات لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردنەکە بەڕێوەببات؟**

* دەبێت بۆ ئەو مەبەستە دووبارە سکاڵا تۆمار بکرێت، کاتێکیش سکاڵا لەسەر بابەتەکە تۆمارکرا، ئەوکات وەک هەموو کێشەیەکی تر، بە پشتبەستن بە دەقە دەستوورییەکان، بێگومان دادگای فیدراڵیش بڕیاری خۆی دەردەکات.

د. زانا، پەرلەمانتاری گۆڕان: حکومەتمان لەیاد کردووە 12

### رەنگە ئەنجومەنی ئاسایش، تەدەخول بکات

# پەرلەمانی عێراق، لە پێکنەهێنانی حکومەت دەکۆڵێتەوە

**هەستیار قادر**

هەفتەی داهاتوو پەرلەمانی عێراق، دانیشتنێک سەبارەت بە قەیرانی پێکنەهێنانی حکومەت سازدەکات، ئەمەش لە کاتێکدایە کە لیستی عێراقییە پێشنیازی دابەشکردنی پۆستەکانی کردووە لە نێوان کوردو ئەنجومەنی باڵاو عێراقییەداو ئەگەریش هەیە، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تەدەخولی قەیرانی پێکنەهێنانی حکومەت بکات.

**هەفتەی داهاتوو، پەرلەمان دەکۆڵێتەوە**

دوێنێ، دانیشتنی پەرلەمانی عێراق بۆ هەفتەی داهاتوو دواخراو بڕیارە یەکشەممەی داهاتوو تاووتوێی دەرئەنجامی گفتوگۆی لیستە سیاسییەکان بکەن، ئەگەر دەرئەنجامی هەبوو، یان نا چی بکەن.

شۆڕش حاجی، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە دانیشتنی ئەمڕۆدا، باس لە بەدواداچوون کرا سەبارەت بە پێشهاتی دانوستاندنی لیستە سیاسییەکانو هەموو لایەنەکانیش جدیی بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت تا هافتەی داهاتوو، گفتوگۆکان دەرنجامیان هەبێت».

هەرچەندە بڕیاربوو، دوێنێ کوتلە سیاسییەکان پێشنیازێکی د. فوئاد مەعسومی سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنی نوێنەران تاوتوێ بکەن بۆ دەرچوون لە قەیرانی پێکنەهێنانی حکومەت، بەڵام بە وتەی شۆڕش حاجی، ئەو پێشنیازە تاوتوێ نەکرا.

پێشنیازەکەی سەرۆکی کاتیی پەرلەمان، (١٥)خاڵ لەخۆ دەگرێت کە پەیوەندییان بە کارنامەی حکومەتو دابەشکردنی پۆستە سیادییەکانی عێراقو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغداو کاراکردنی سیستمی فیدراڵییەوە هەیە لە عێراقدا.

هاوکات، بڕیارە (٢٠١٠/٨/٤) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کۆبوونەوەیەکی گرنگ سازبداتو بە وتەی شۆڕش حاجی، رەنگە لەبەردەوامی قەیرانی پێکنەهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا تا کاتی دانیشتنەکەی، ئەنجومەنی نابراو تەدەخول بکات، بەوپێیەی هێشتا عێراق لەژێر بەندی حەوتەمدایە کە سەرپەرشتیکردنی عێراقی داوەتە دەست ئەمریکا، وتیشی: «رەنگە، لیستە سیاسییەکان بەر لە (٨/٤) بگەنە دەرئەنجام».

**پێشنیازێکی عێراقییە، مالیکی لە حوکم دەردەکات**

بەپێی هەواڵێک کە رۆژنامەی شەرقولئەوسەت لە ژمارەی دوێنێیدا بڵاویکردووەتەوە، لیستی عێراقییە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی، پێشنیازێکی پێشکەشکردووە کە بەپێی ئەو پێشنیازە، دەستەی سەرۆکایەتی کۆماری ئێستای عێراق، وەک خۆی بمێنێتەوەو ئەیاد عەلاویش ببێتە سەرۆکی حکومەتی عێراقیو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانیش، بدرێتە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی کە عەمار حەکیم سەرۆکایەتی دەکاتو بەشێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئیئتیلافی نیشتمانییو ئەگەر هەیە هەمام حەمودی ئەو پۆستەی پێبدرێتو لیستی دەوڵەتی یاساش، بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی، بکرێتە ئۆپۆزسیۆن.




حەیدەر مەولای وتەبێژی بەرەی دیالۆگی نیشتمانیی کە پێکهێنەرێکی لیستی عێراقییەیە، بێئاگایی خۆی لە بوونی پڕۆژەیەکی لەوجۆرە دەربڕی، بەڵام بۆ رۆژنامەی روونکردەوە: «پەیامی لیستەکەیان بۆ هەریەک لە لیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانییو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ئەوە بووە کە دەبێت پۆستی سەرۆک وەزیران بەپێی ئیستیحقاقی دەستووری بێت کە بۆ عێراقییە دەبێتو پۆستەکانی تریش کراوە دەبنو بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی پێکهاتە سیاسییەکان دابەش بکرێن، نەک لەسەر بنەمای تایفی».

**سەدرییەکان، یاریی دەکەن**

سەدرییەکان کە لەنێو ئیئتیلافی نیشتمانیدا بە کوتلەی ئەحرار ناسراونو بە یەکێک لە لایەنە یەکلاکەرەوەکانی کەسێتیو لایەنی پێکهێنەری سەرۆک وەزیران دادەنرێن، بەو پێیەی (٤٠) کورسییان لە پەرلەمانی نوێدا هەیەو سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژە بەوە دەکەن کە بەم دواییە، نزیکبوونەوەیەکی ئاشکرا لەنێوان سەدرییەکانو لیستی دەوڵەتی یاسادا بەدی دەکرێت، کە پێشتر سەرسەختترین لایەن بوون لە دژی دووبارە کاندیدکردنەوەی نوری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق، ئەو سەرچاوانە بڵاویانکردەوە، کە سەدرییەکان مەرجی ئازادکردنی دەستگیرکراوەکانیان خستووەتە بەردەم مالیکی بەوانەشەوە کە سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرکراوە بەرامبەر بە پشتگیریکردنی مالیکی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانو هاوکات، باس لە نزیکبوونەوەیەکی تری سەدرییەکان دەکرێت لە لیستی عێراقییەو بڕیارە لەچەند رۆژی داهاتووشدا لە دیمەشقی پایتەختی سوریا، هەریەک لە ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییەو موقتەدا سەدری سەرۆکی سەدرییەکان کە هەردووکیان ئێستا لە سوریان، لەو پێناوەدا کۆبوونەوەیەکی گرنگ ئەنجام بدەن.

**مالیکی، وەڵامی نامەکان ناداتەوە**

لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی، تا ئێستا وەڵامی دوو نامەی جیای هەریەک لە ئیئتیلافی نیشتمانییو عێراقییەی نەداوەتەوە، کە یەکەمیان داوا دەکات یان واز لە خۆپاڵاوتنی بهێنێت بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، یان کەسێکی تریش لە پاڵ خۆیدا بپاڵێوێت تا دەستەی باڵای نێوان هەردوو لیست، بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر بدەنو دووەمیشیان کە عێراقییەیە، نامەیەکی ئاراستەی دەوڵەتی یاسا کردووە کە داوا دەکات، دان بە مافی لیستی عێراقییەدا بنێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەو کات لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان رێکدەکەون.

---

# کاتی هەڵبژاردنی قەزاو ناحیەکانی عێراق، نادیارە

**شارا عەبدولڕەحمان**

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر وادەی یاسایی خۆیدا، تا ئێستا چارەنووسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانی عێراق نادیارەو دواکەوتنیشی کێشەی بۆ ئیدارەکانیان دروستکردووە.

بەپێی برگەی (١)ی مادەی (٦) لە یاسای ژمارە (٣٦)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، (ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا رێک نەخراون)، دەبێت دوای (٦) مانگ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لە (٢٠٠٩/١/٣١)دا بەڕێوەچوو، هەڵبژاردنی قەزاوناحیەکان بکرێت، بەڵام ئەوا ساڵێک بەسەر ئەو وادەیەدا تێدەپەڕێتو هیچ کاتێک بۆ ئەو هەڵبژاردنە دیاریی نەکراوە.

لەو بارەیەوە، سەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێش ئەو کاتە یاساییەی کە بۆ هەڵبژاردنەکە دیاریی کرابوو، بەشێوەیەکی فەرمیی سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراقمان ئاگادارکردەوە،


سەردار عەبدولکەریم

کە ئێمە پێمان باشە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان دوابخرێت بۆ دوای سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق».

سەبارەت بە هۆکاری ئەو ئاگادارکردنەوەیەش،وتی:«تائاماری سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لەبەردەستدا نەبێتو دانیشتووانی قەزاو ناحیەکان بەشێوەیەکی فەرمیی تۆمار نەکرێن، هەڵبژاردنەکە وەک پێویست بەڕێوەناچێت، چونکە کۆمەڵێک قەزاو ناحیە هەن کە تا ئێستا یەکلایینەبووەتەوە کە سەر بە چ پارێزگایەکن، بەو هۆیەشەوە ناتوانرێت شوێنی دەنگدانی دانیشتووانەکانیان دیاریی بکرێت».

تەئکیدیشی لەوەکردەوە کە بەو پێیەی ئەوان داوایان کردووە، هەڵبژاردنی قەزاو ناحیەکانی عێراق دەکەوێتە دوای سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراقەوە کە بڕیارە لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا بەڕێوەبچێت.

تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر وادەی یاسایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانی عێراقدا، کێشەی بۆ کاروباری ئەو ئەنجومەنانە دروستکردووەو داوای هەرچی زووە ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکەن.

لەوبارەیەوە، زیاد ئەحمەد ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانی عێراق، زۆر دواکەوتووە، ئەمەش کێشەی بۆ ئیشو کارەکانی ئەو ئەنجومەنانە دروستکردووەو چەندینجار گلەییەکانی خۆیان گەیاندووەتە لای ئێمە»و بەپێویستیشی دەزانێت کە بەزووترین کات، ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامبدرێتو وتی: «پێویست ناکات، چاوەڕوانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان بکرێت».

---

# ئیدارەی دوبز بە نایاسایی زەوی دەداتە بەرپرسانی حیزبیی

**رێباز محەمەد – کەرکوک**

دابەشکردنی زەوی بەشێوەیەکی نایاسایی لەلایەن ئیدارەی دوبزەوە، هاوڵاتییانی ئەو قەزایە تووڕەو نیگەران دەکاتو پارێزگاری کەرکوکیش دەڵێت: «لێکۆڵینەوە دەکەین».

لە یاداشتێکدا کە (٦٥) ماڵی دانیشتووی قەزاکە واژوویان لەسەرکردووەو ئاراستەی پارێزگاری کەرکوکیان کردووە، کە وێنەیەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، هاوڵاتییانی دوبز ئەو هەوڵەی بەرپرسانی ئیدارەی شارەکە رەتدەکەنەوە، کە پارچە زەوی دەوڵەتیان بەسەر کادیرانی حیزبییو پۆلیسو دامودەزگا رەسمییو نارەسمییەکاندا دابەشکردووە، کە زۆربەیان خەڵکی شارەکە نینو لە وەڵامی ئەو یاداشتەشدا پارێزگاری کەرکوکدا بە نووسراوی ژمارە (٢٣٧١)، کە کۆپییەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، داوای روونکردنەوە لە قایمقامی قەزای دوبز دەکات.

هاوڵاتی لوقمان شوکر، کە دانیشتوونی قەزای دوبزە، هاوکات نوێنەری ئەو (٦٥) ماڵەیە کە واژوویان لەسەریاداشتەکەکردووە،بەرۆژنامەی راگەیاند: «ئامانجمان لە دەرکردنی ئەو یاداشتە ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی نایاسایی بەرپرسانی ئیداریی شارەکە هەستاون بە دابەشکردنی زەوی بەسەر پۆلیسو ئاسایشو کەسی رەسمییو نارەسمییو حیزبیی، لەکاتێکدا بەشێکی زۆری خێزانەکانی ئەم قەزایە کەمدارەمەتو کرێچین»، بۆیە داوایکرد «یان ئەو بڕیارە هەڵبوەشێتەوە، یان چارەسەری چەندین ماڵی قەزاکە بکەن، کە کرێچینو پێویستیان بە پارچە زەوییە».

هاوڵاتییەکی دیکەی قەزاکە بەناوی کامەران عەبدوڵڵا ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد، کە زەوی قەزاکە دراوەتە کەسانی پلەدارو بەرپرسانو پاسەوانەکانیان.

هاوکات عەبدلڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بۆ هەر کارێکی نایاسایی لێپێچینەوە دەکەین، بەڵام تائێستا قایمقام دابەشکردنی زەوی بە نایاسایی رەتدەکاتەوە، وتیشی: «چاوەڕوانی وەڵامی رەسمین تا بزانین راستە یان نا، چونکە هیچ یەکەیەکی ئیداریی بۆی نییە زەوی دابەش بکات تەنیا لیژنەی دابەشکردنی زەوی پارێزگار نەبێت، کە ئەویش بەپێی رێنمایی یاسایی لە پارێزگار دروستدەبێت».

پارێزگاری کەرکوک ئاماژەی بەوەشکرد: «هەر کەسێک زەوی دابەش بکات تووشی بەرپرسیارێتی دەبێتەوە»، بەڵام لوقمان شوکور، کە نوێنەری ئەو چەند ماڵەیە لە قەزای دوبز، وتی: «ئامادەم لەبەردەم دادگادا ئەو راستییە بسەلمێنمو بۆ ئەو مەبەستەش چەندین شایەتحاڵمان هەیە».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، پارێزگاری کەرکوک لە وەڵامی یاداشتەکەی هاوڵاتییانی قەزای دوبز نووسراوێکی ئاراستەی قایمقامی قەزاکەی کردووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە پارێزگاری کەرکوک ئەو نووسراوەی بە نوێنەرانی قەزاکە ناردووە بۆ قایمقامی قەزای دوبز.

هەرچەندە عەبدولڕەحمان مستەفا ئەوە رەتدەکاتەوە نووسراویان بە نوێنەرانی قەزاکە ئاراستەی قایمقام کردبێتو دەڵێت: «ئێمە بە بەرید نووسراومان ئاراستەی قایمقامی دوبز کردووە»، بەڵام یەکێک لە نوێنەرانی قەزای دوبز بۆ رۆژنامە وتی: «هۆکاری نەگەیاندنی نووسراوی رەسمیی پارێزگاری کەرکوک دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ناتوانین ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرین، کە نووسراوی پارێزگار بگەیەنین بە قایمقامی قەزای دوبز».

---

## روونکردنەوەیەک بۆ رۆژنامەی (رۆژنامە)

ئەم کاتەتان باش... رۆژنامەکەتان لە رۆژی ٢٠١٠/٧/١٣ لە ژمارە (٥٩٠) لاپەرە (١٠)دا بابەتێکی بە ناونیشانی (ژنانی عێراقیش داوای پۆستە سیادییەکان دەکەن) بڵاوکردووەتەوە بەڕێزان دیارە ئەم بابەتە لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەڵەی تێدایە بۆ ئاگاداریتان، کە ئەمانەی خوارەوەیە:

• ئەو گرووپەی هەستاوە بەم کارە (گرووپی سیاسییە لە پلاتفۆرمی نیشتمانیی ئافرەتان) نەک (گرووپی دەستبێشخەری ژنان)، وە دروشمەکەشمان (دیدیکی یەکانگیرییە بەرەو رێچکەیەکی نوێ) بۆ ئاگاداریتان.

• ئەو خانمەی بەناوی (ابتسام شمری)، کە گوایە ئەندامی لیژنەکەیە، بەهیچ شێوەیەک پەیوەندیی بە لیژنەکەمانەوە نییەو رۆژی کۆنگرە رۆژنامەکەش ئامادە نەبوو لەگەڵمان.

• لیژنەکە پێکدێت لە (١٤) ئافرەتو حەوتیان کوردنو ئەوانیتر عەرەبن، نەک تەنیا ژنانی عەرەب بن.

• لیژنەکە رێکخەرو جێگری رێکخەری هەیەو رێکخەر ژنێکی عەرەبەو جێگری رێکخەریش کورد.

ئێمە وەک ژنانی عێراق سوپاستان دەکەین بۆ گرنگیدانتان بەکارەکەمان، بەڵام ئەمە راستی بابەتەکەیە، تکایە با راستبکرێتەوە

لەگەڵ رێزدا....

سروە ساڵح مستەفا

جێگری رێکخەری لیژنەی سیاسیی لە پلاتفۆرمی نیشتمانیی ئافرەتان

خنەکان لە کوێوە ئاراساتە دەکران؟ کێ دەسپێشخەربووە لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆندا، ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان (لە ٢٠٠٩/٧/٢٥)وە لەماوەی ساڵێکدا چی کردووە؟، سەڵاتەوە هەمیشە وا باسی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت، کە دان بە هیچی خێردا نانێن؟ تاچەند دەسەڵات لە قەبارەی کارەکانی ئۆپۆزسیۆنی کەمکردووەتەوە؟ ئایا دەبێت ئۆپۆزسیۆن

ئامادەکردنی دۆسیە: هیوا جەمال

# ئۆپۆزسیۆن ئاگای لە حکومەت نییە

(٥)

لەماوەی یەک ساڵی رابردوودا، ئۆپۆزسیۆن جگە لەوەی «رۆڵیان لە پەرلەماندا هەبووەو بوونە هۆی ئەکتیڤیی خولی سێیەم» نەیانتوانیوە یەکێک لە ئەرکەکانیان رابپەڕێنن، کە چاودێریی حکومەتە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پێویستە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان سێ ئەرکی سەرەکیی راپەڕێنن، ئەوانیش پەسەندکردنی یاساکان، پەسەندکردنی بودجەی ساڵو چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت)ە.

پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن لە لێدوانەکانیاندا جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پەرلەمان ناتوانێت چاودێریی حکومەت بکات، لەوبارەیەوە ئیسماعیل گەڵاڵی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، باسی چاودێریی بەشێکی گرنگی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات، ئەویش خەرجکردنی بودجەیەو دەڵێت: «پەرلەمان ناتوانێت چاودێریکی وردی دارایی حکومەتی هەرێم بێت بەبێ یەکگرتنەوەی دیوانەکانی چاودێریی دارایی».

چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەلایەن پەرلەمانتارانەوە بە یەکێک لە کارە گرنگو هەرە قورسەکانی تەمەنی پەرلەمانتاریی هەژمار دەکرێت، بەڵام وەک لە کاری یەک ساڵی رابردووی پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆندا بینراوە، ئەم ئەرکە قورسە پشتگوێخراوە.

ئەگەرچی یەکێک لەسەرکردە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن ماوەی یەک ساڵی رابردوو بە کەم دەزانێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا، بەڵام کورد دەڵێت: مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە، کەچی ئۆپۆزسیۆن بەهۆی ئەوەی ژمارەیەک پرسیاری سنووردا‌ریان بۆ وەزیرەکانی حکومەت ناردووە، وای لێکدەدەنەوە کە بەشێک لە ئەرکەکەیان بەجێگەیاندووە.

بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە فراکسیۆنی گۆڕان لە سایتی رەسمیی خۆیاندا بڵاویانکردووەتەوە، ئەوان (فراکسیۆنی گۆڕان) کاردەکەن بۆ ئاشکراکردنی بودجەی هەرێم بەشێوەیەکی رۆشن (شەفاف)، سەبارەت بە سەرچاوەو وردەکارییەکانی چۆنێتی خەرجو دابەشکردنی بەسەر کەرتو ناوچەکاندا، دامەزراندنی حکومەتێکی کارا، تەرشیقکردنی وەزارەتو دامودەزگاکانی، خێراکردنو بە ئەلیکترۆنیکردنی پەیوەندییە کارگێڕییەکان. ئازادکردنی ئابووریی وڵاتو کارگێڕیی‌و دارایی گشتیی لە گەندەڵیی‌و پاوانکاریی، هاندانی سەرمایەگوزاریی، پەرەدان بە کەرتی بەرهەمهێن لە بواری کشتوکاڵو پیشەسازیی‌و ئاژەڵداریدا، دانانی پلانی ستراتیژیی بۆ چاکسازیی‌و نوێکردنەوەی کەرتەکانی تەندروستیی‌و پەروەردەو فێرکردن، پلانسازیی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیژیی لە بوارەکانی رێگاوبان، نیشتەجێبوون، شەمەندەفەر، کارەبا، نەوتو گاز، ئاو، ئاوەڕۆ، بەنداو، ئاودێریی‌و بوارەکانی دیکەی ژێرخانی هەرێمێکی هاوچەرخ.

لەدوای پەسەندکردنی بودجە، دەبوو ئۆپۆزسیۆن رێی نەدایە دەسەڵات وەک ئەوەی دەیەوێت بودجەکە جێبەجێ بکات، بۆیە وەک ئەیوب سماقەیی، شارەزای ئابووریی‌و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین دەڵێت: «گرفت لە بودجەکە نییە، گرفت لە دانانی بودجەکەو شێوازی جێبەجێکردنەکەی هەیە، کە کەسی نەشیاو لە ئیدارەدانی لایەنی دارایی‌و ئابووریی هەرێم دانراوە، ئەمەش وایکردووە بگەینە ئەو راستییەی کە هەرێم گرفتی ئیدارەدانی ئابووریی هەیە، نەک رێژەی بودجەکە، هەر بۆیە چاودێریشی پێناکرێت».

زۆرن ئەو لایەنانەی پێویستە ئۆپۆزسیۆن کاریان لەسەر بکاتو بەشێکی ئەرکەکەیانی تێدا راپەڕێنن، بۆ نموونە ئەوەی پەیوەندیی بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە هەیەو دەبوو ئۆپۆزسیۆن چاودێرییان بکات، بریتین لە: یەکنەگرتنەوەی چاودێریی دارایی، هێزەکانی ئاسایش، دەزگاکانی زانیاریی‌و پاراستن، دژەتیرۆر، پرۆژە وەهمییەکان، ناکارایی حکومەت، تێکەڵکردنی وەزارەتەکان، بەتاڵەی رووپۆشکراو، پرۆژەکانی وەبەرهێنان، دابەشکردنی زەوی‌و زاری هاوڵاتییان، دەوڵەمەندبوونی بەرپرسان...هتد.

فراکسیۆنی گۆڕان دژی درێژکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆربوونو چەند رەخنەیەکیان هەبوو، بۆ نموونە نەریمان عەبدوڵلا، پەرلەمانتاری گۆڕان وتی: یاساکە لەلایەن چەند دەزگایەکەوە جێبەجێدەکرێت، کە هەندێکیان خۆیان رێگەپێدراو نینو دەزگای فەرمیی حکومیی نینو شەرعییەتی یاساییان نییەو «تەنانەت بەشێک لەو هێزانە خۆیان بەپێی ئەو یاسایە دەکەونە خانەی تیرۆرەوە»، بەڵام ئۆپۆزسیۆن تەنیا درێژکردنەوەی یاساکەیان بەوشێوەیە رەتکردەوەو لەمبارەیەوە شتێکی دیاریکراویان نەکردووە، لەکاتێکدا خۆیان دان بەوەدا دەنێن، کە هێزی چەکداریی نایاسایی هەن لە هەرێمدا.

ئۆپۆزسیۆن ئەنجامێکمان نادەنێ بۆ بەدواداچوونەکانیان، بۆ نموونە هەرخۆیان ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە لە پرۆژە وەهمییەکانی بودجەی ساڵەکانی (٢٠٠٩-٢٠١٠)ی حکومەتی هەرێم، بڕی (٢) ملیارو (٢٥٩) ملیۆن دیناری بۆ (٢) پرۆژە تەرخانکردووە (رێگای سازان- گریان، پردی تەنگی سەید محەمەد)، پرۆژەکانیش بوونیان نییەو جێبەجێ نەکراون، بەڵام ئەوە لەکاتی پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠)دا بوو، ئیتر خەڵک نازانێت کە ئایا پرۆژەکان پارەکەیان بۆ خەرجکرا، یان چییان بەسەرهات؟

ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بیەوێت دەسەڵاتی یاسایی هەیەو دەتوانێت کار لەسەر حکومەت بکاتو بەدواداچوون بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بکات، بۆ نموونە لە مەسەلەی نانبڕاوەکاندا، چونکە فراکسیۆنی گۆڕان سووربوون لەسەر گەڕاندنەوەیانو بەردەوام کاریان بۆ دەکردو بەشێکی کێشەکەیان چارەسەرکراوە.

لە کۆی نزیکەی (٢) هەزار کەس، کە بە لیستێک ناوەکانیان پێشکەشکرابوون، بە وتەی پەیام ئەحمەدی پەرلەمانتار، لیستەکە ئەوانەبوون کە سزای سیاسیی درابوونو نانبڕاوکرابوونو زۆرینەیان گەڕێنراونەتەوە سەر کارەکانیان.

بەهۆی فشاری ئۆپۆزسیۆنەوە رۆژی ٢٠١٠/٤/١٩ نووسینگەی تایبەتی سەرۆک وەزیران، فەرمانێکی تایبەتی بە ئیمزای د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح دەرکرد، کە تیایدا هاتووە: بەمەبەستی «چەسپاندنی چەمکی هاوڵاتیبوون دوور لە دەستێوەردانی سیاسیی‌و بەکارهێنانی حکومەت بۆ کاری سیاسیی»، لە پێنج خاڵدا فەرمانێکی بەسەر گشت وەزارەتو شوێنە پەیوەندیدارەکاندا بڵاوکردووەتەوە بۆ گەڕانەوەی ئەو کەسانەی بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە سزای سیاسیی دراون.

بەپێی لێدوانی پەرلەمانتارەکانی ئۆپۆزسیۆن، تائێستا رووخساری دووئیدارەیی لە هەرێمی کوردستاندا ماوە، بەهۆی پەیڕەوکردنی دووئیدارەیی هیچ هەماهەنگییەک نییە لەنێوان ئیشوکاری پۆلیسو ئاسایش لە هەولێرو سلێمانی، بە بۆچوونی نەریمان عەبدوڵلا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان، نەدۆزینەوەی تاوانبارانو سستیی لێکۆڵینەوەکان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی تائێستا دەزگاکانی پۆلیسو ئاسایش لە هەرێمی کوردستان یەکگرتووانە کارناکەن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هاوڵاتییان متمانەیان بەو دەزگایانە نەمێنێت، ئەم لێدوانەی پەرلەمانتارەکە لەدوای رفاندنو کوشتنی چەند هاوڵاتییەک بوو لە هەرێمی کوردستاندا.

لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەمو پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێم، ماوەی (٦) مانگ دانرا بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئاسایشی هەولێرو سلێمانی، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ پرۆژەیاسایەک بۆ ئەو مەبەستە ئاراستەی پەرلەمان نەکراوە، لەکاتێکدا وادەی ئەو بەڵێنە کۆتایی پێهات.

بە وتەی پەرلەمانتارێک، یەکخستنەوەی ئاسایشی هەرێم ئەرکی سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی هەرێمە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن هیچکام لە سەرۆکی حکومەتو هەرێمی بۆ ئەم مەسەلەیە نەهێنایە پەرلەمان.

ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی لە هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجارە دروستبووە، بۆچوونێک هەیە کە هێشتا سەرەتای کارکردنیانەو ماوەی ساڵێک لە تەمەنیان چووە، بۆیە ناکرێت هەڵسەنگاندنێکی دروست بۆ ئەدائیان بکرێت، بەڵام بۆچوونێکی دیکە لەو بڕوایەدایە، کە ئۆپۆزسیۆن دەیتوانی لەماوەی ئەمساڵدا تەنیا سەرگەرمی پێشکەشکردنی پرۆژەیاسا نەبێتو لەپاڵیدا چاودێریی حکوتیشی بکردایە، چونکە حکومەت ساڵانە بودجە وەردەگرێتو هەرساڵێک حسابی تایبەتی بۆ دەکرێت.

خەرجکردنی بودجە بەلای هاوڵاتییانەوە لە گرنگترین مەسەلەکانە، کە دەبێت ئۆپۆزسیۆن چاودێریی بکات، بودجەی ئەمساڵی حکومەتی هەرێمیش، کە زیاتر (١١) ترلیۆنو (٨٣٠) ملیار دینارە، لە هەموو ساڵەکانی رابردوو زیاترەو پێویستی دەکرد زیاتر چاودێریی بکرێت.

ئەوەی لەناو خەڵکدا ئێستا قسەی زیاتری لەسەر دەکرێت، ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن بەجۆرێک لە حکومەت بێئاگایە، وەک دەڵێن دۆڵاودۆڵ کەوتوون، بە واتای؛ حکومەت لە دۆڵێک فەرمانڕەوایی دەکاتو ئۆپۆزسیۆنیش لە دۆڵێک دەوام دەکات.



hewal.rozhnama@gmail.com

## ئۆپۆزسیۆنبوون

**بەپێی پێناسەکان، ئۆپۆزسیۆنی تەندروست لە سیستمێکی دیموکراتی تەندروستدا سەرهەڵدەدات، بۆیە دەکرێت بپرسین، ئایا ئۆپۆزسیۆنی کوردیی هەیە؟ پێش ئۆپۆزسیۆن رە**
**ئینجازەکانی چین؟، حکومەتی سێبەر لەکوێی ئۆپۆزسیۆندایە، ئایا ئۆپۆزسیۆن تەنیا موزایەدەی سیاسیی و راگەیاندنی کردووە یان ئەرکەکانی لە پەرلەمان بەجێهێناوە، بۆ لەلایەن دە**
**چاوەڕێی فەرمووی دەسەڵات بکات؟... ئەمانەو چەندین پرسیاری تر کە جێگەی مشتومڕی خەڵکە لەم تەوەرەدا شرۆڤە دەکرێن.**

# د. زانا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان: حکومەتمان لەیاد کردووە



**د.زانا رەئوف، دان بەوەدا دەنێت کە پەرلەمان حکومەتی فەرامۆشکردووەو بۆ ئەوەش بەشێکی خەتاکە دەخاتە ئەستۆی خۆیان، لەم چاوپێکەوتنەدا ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت: حکومەت خۆی بە بەرپرس نازانێت وەڵامی ئێمە بداتەوەو پێشنیاری ئەوەش دەکات «پێویستە متمانە لە حکومەت بسەنرێتەوە».**

**رۆژنامە: هۆکاری ئەوە چییە لەماوەی یەک ساڵی رابردوودا ئۆپۆزسیۆن زیاتر خۆی بە پەرلەمانەوە سەرقاڵکردووەو لە بەدواداچوونی کارەکانی حکومەتدا لاواز بووە؟**

* تائێستاش لە کوردستاندا ئەو قەناعەتە دروست نەبووە، کە ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی تەندورست، هەبێت، دەسەڵاتێکی تەندروست دەبێت، بۆیە هەمیشە دەسەڵات لە کوردستاندا ئۆپۆزسیۆن وەک لایەنێکی ململانێ سەیر ناکات، بەڵکو وەک دژە تەنێک سەیری ئۆپۆزسیۆن دەکات، واتە لە کوردستاندا ئۆپۆزسیۆن فەرشی سووری بۆ دانەخراوە، بەڵکو هەمیشە بەربەستی گەورەی بۆ دانراوە.

**رۆژنامە: لەم ئەزموونە نوێیەدا ئۆپۆزسیۆن توانیویەتی پەیامەکان وەک خۆی بگەیەنێت؟**

* بەحوکمی ئەو ئەزموونە تازەیە ئۆپۆزسیۆن نەیتوانیوە پەیامەکان وەک تەنێکی کامڵ بگەیەنێت.

ئێمە زۆر پەیامو پێشنیازمان هەبووە، بەڵام رەنگە ئەوە ئەوەی نەگەیاندبێت، کە هەمیشە بەدیلمان هەبووە.

**رۆژنامە: بۆچی ئۆپۆزسیۆن نەیتوانیوە وەک تەنێکی کامڵ کاربکات؟**

* ئەوە پەیوەندیی بە قەبارەی ئەو تەحەدیاتانەوەیە کە لەلایەن دەسەڵاتەوە هەیەو رێگریی هەیە، رەنگە بەشێکیشی پەیوەندیی بەوەوە هەبێت، کە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان تائێستا گوتارێکی هاوبەش کۆینەکردووینەتەوە کە پێویستمان بەوە هەبێت، کە ستراتیژێکمان هەبێت بۆ کارکردن، رەنگە ئەوەش بێت کە ئەو پێشنیارانەی هەمانە بۆ چارەسەرکردن نەمانتوانیبێت گشتگیربێتو هەموو لایەنەکان بگرێتەوە.

ئەو پەیامانەی ئێمە هەمانە، نەیتوانیوە هەموو شتەکان بپێکێت، بۆنموونە، لە بەرامبەر حکومەتدا جێگرەوەیەکی زۆر تەندروستمان نەبووە، چونکە ئێمە لە کوردستاندا قەیرانی زانیاریمان هەبووە، بۆیە هەندێک جار پێشنیازەکانمان رەنگە بە پێشبینیو تەوەقوعات بووبێت.

بەشێکیی تریشی لەوانەیە هەر کەموکورتی خودی خۆمان بێت، کە نەمانتوانیوە بەڕاستی هەمیشە جێگرەوەیەک دابنێین، واتە لە کەموکورتی پەرلەمانتارەکانەوە بووە.

**رۆژنامە: یەکێک لە ئیشەکانی ئۆپۆزسیۆن بوونی ئەڵتەرناتیڤە بۆ هەموو بوارەکانی کاری حکومەتیی، بۆ ئێوە ئەم بەدیلەتان پێ نییە؟**

* ئەو جێگرەوانە دەبێت پۆلێن بکەین، هەندێکیان هەمان بووە، ئێمە کە پێشنیازێکمان بۆ چارەسەرکردنی گرفتێک هەبووە بیرمان لە نەفیکردنی بەرامبەرەکانمان نەکردووەتەوە، بۆیە هەمیشە بیرمان لە چارەسەری بەکۆمەڵ کردووەتەوە، بەڵام کە نەفەسێکی حەساسییەت دروست بوو لەنێوان ئێمەو دەسەڵاتدا وایکردووە، ئەوان هەمیشە پرۆژەکانمان رەتبکەنەوە، ئێمەش زۆر جار دەگەینە ژێر کاریگەریی ئەوەی کە پرۆژەکانیان رەتدەکەینەوە، واتە دروست نەبوونی بەدیل پەیوەندیی بە تەبیعەتی کارکردنەوە هەیە لە پەرلەماندا.

هەمیشە مەسەلە ستراتیژییەکان بە هەردوولامان دەکرێت، بەڵام چ کاتێک سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆکی حکومەت راوێژیان بە ئۆپۆزسیۆن کردووە، کە ویستوویانە پرۆژەیەک جێبەجێ بکەن.

**رۆژنامە: جا چ پێویست دەکات ئەوان راوێژ بە ئۆپۆزسیۆن بکەن، لەکاتێکدا ئەوان لیستی خۆیان هەیە؟**

* ناڵێم لە وردەکاریی کاری حکومەت خۆیدا، بەڵام لە داڕشتنی پلانێکی ستراتیژیی بۆ کۆمەڵگە. بۆ نموونە کە باسی کشتوکاڵ، یان سەروەتی گەنجان لە کۆمەڵگەدا دەکەیت، ئەمە تەنیا بە دەسەڵات ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە رای ئۆپۆزسیۆنیش هەیە.

نەبوونی رووئیایەک بۆ کارکردنی هاوبەش، وابکات سەرۆکی هەرێمو حکومەت بەناوی زۆرینەوە قسە بکەنو ئۆپۆزسیۆنیش بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە، پاشان کە دێیت ئەو دوو گوتارە لێک دەدەیت هەرگیز پلانێکی هاوبەشت بۆ دروست نابێت، ئەمە بەڕاستی کاری هاوبەش نییەو دژە تەن دروست دەبێت.

مەسەلە ستراتیژییەکان پەیوەندیی بە ژیانی هاوڵاتییانەوە هەیە، بۆیە دەبێت بە بۆچوونی هەموومان دەوڵەمەند بکرێن.

**رۆژنامە: لەو بڕوایەدایت دەسەڵات پڕۆژەیەکی هەبێت لە دژی هاوڵاتییان ئیش بکات؟**

* ئەوە ئەستەمە، بەڵام کاتێک پڕۆژەیەکی وەک داوکاریی گشتیی رەتدەکاتەوە، کە چەند دەنگێکی دلێری فراکسیۆنی کوردستانیش قسەیان هەبوو، ئەمە دژایەتی رای گشتیی خەڵکە، چونکە داواکاریی گشتیی لە قازانجی خەڵکە، بەڵام کە رەتیدەکەیتەوە، ئەمە لە دژی هاوڵاتییانە.

**رۆژنامە: ئێوە باس لە جۆرێک لە سازان دەکەن لەنێوان ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتدا، ئەمە لەکاتێکدایە، کە بۆیە هەڵبژاردن دەکرێت، لایەنێک دەسەڵات بگرێتە دەستو کاری خۆی بکات؟**

* ئەی ئەگەر سازان نەکرێت، چی بکرێت؟

**رۆژنامە: عەیبی چییە ئەگەر لە دەسەڵات بگەڕێی چوار ساڵەکەی خۆی تەواو بکاتو ئەو بەرنامەیەی هەیەتی کاری لەسەر بکات، بۆئەوەی دوایی خەڵک بڕیار بدات؟**

* کەواتە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن چییە؟ کاتێک حکومەت پڕۆژەیەکی هەیەو ئۆپۆزسیۆنیش هەیەتی، با حکومەت مومارەسەی دەسەڵاتی خۆی بکات، بەڵام ئۆپۆزسیۆنیش پشتبەست بەو پڕۆژەیەی هەیەتی بەدواداچوونی بۆ بکات، چ زەرەرێکە ئەگەر مەبەستەکە خزمەتی هاوڵاتیی بێت، من باس لەو نەفەسە حیزبییە ناکەم کە هەر دەڵێت: من ئەمەم کردووە، چی دەبێت ئەگەر شتەکان لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بێت؟

گەورەیی حکومەت لەوەدایە کە گوێ لە ئۆپۆزسیۆن بگرێت.

پێویستمان بەکاری هاوبەش هەیە، چونکە ئەمساڵی رابردوو ئەوەی سەلماند، کە بەزیان بەسەر حکومەتدا شکایەوە، چونکە ئەو پەیامانەی بەشێکی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا (٣٥٪) خەڵک دەنگی بۆ ئۆپۆزسیۆن داوە، بۆیە دەبێت حکومەت بۆ (٦٥٪)ی کۆمەڵگە ئیش نەکاتو بۆ هەمووان ئیش بکات، هەروەک چۆن دەبێت ئۆپۆزسیۆنیش چاوی لەهەموو خەڵک بێت.

**رۆژنامە: لە قسەکانتدا وا دەخوێندرێتەوە، کە ئێوە ئەوەندەی کارتان بۆئەوە کردووە، کە سازان لە نێوان ئێوەو دەسەڵاتدا هەبێت، ئەوەندە قسەی ناخی خۆتان نەکردووە، کە وایکردووە بەئێوە بڵێن ئۆپۆزسیۆنی شەرمن، بۆئەوە روویداوە؟**

* ببوورە من لەگەڵ ئەوە نیم، چونکە ئێمە تائێستا بەهیچ شێوەیەک سازانمان لەگەڵ حکومەتدا نەکردووە، ئەمەش وایکردووە ئێمە زۆرجار باجمان داوە، رەنگە ئەمەش وایکردبێت، کە زۆرجار خەڵک بەچاوی نائومێدییەوە سەیریان کردبین، چونکە پێیانوتووین، ئەو پڕۆژانەی ئێوە پێشکەشی دەکەن، لەلایەن لیستی زۆرینەوە رەتدەکرێتەوە.

**رۆژنامە: مەبەستم لە سازان لەگەڵ حکومەتدا نییە، لەگەڵ لیستی دەسەڵات لە پەرلەماندایە؟**

* لەبەرئەوەی ئێمە کەمینەین لە پەرلەماندا، بەدەگمەن دەتوانین پڕۆژەیەک رەتبکەین، ئەگەر سازانمان لەگەڵیاندا نەبێت، بۆیە ئەو باجەی تائێستا داومانە ئەوە بووە کە بەهیچ شێوەیەک سازانمان نەبووە لەگەڵیاندا.

**رۆژنامە: دەوترێت لەماوەی یەک ساڵی رابردوودا حکومەت لە دۆڵێک حکومی کردووەو ئۆپۆزسیۆنیش لە دۆڵێکی تر دەوامی کردووە، هۆکاری ئەمە چییە؟**

* ئەم پرسیارە بەشێکی زۆر لە راستی تێدایە، ئێمە بەهۆی سەرقاڵیمانەوە، بە هەندێک کاری پەرلەمانەوە رەنگە حکومەتمان لەیاد کردبێت، بۆیە زۆر هەڵەیە ئەگەر ئێمە بڵێین، پەرلەمان لاوازە، نەخێر، ئێمە ئۆپۆزسیۆنین دەبێت ئەکتیڤی بکەینەوە، ئەگەر پەرلەمان لاوازبێت خەتای ئێمە بووە لاوازمان کردووە، لەوانەیە بەرامبەرەکانمان بە مەبەست وایکردبێتو زیرەکانەش کاری کردبێت، ئێمە هەمیشە بەوەوە مەشغوڵ بووین، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەباشی مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن، لیژنەکان، راگەیاندن.. ناکات، لە بەرامبەردا حکومەتمان لەبیر چووەتەوە، هەڵەکان بەشێکی پەیوەندیی بەخۆمانەوە هەیە.

ناتوانین بڵێین، حکومەتمان بە تەواویی پشتگوێخستووە، بەڵام بەشێکی زۆرمان فەرامۆشکردووە، چونکە ئێمە ئۆپۆزسیۆنین لە بەرامبەر حکومەتدا، بەڵام پەرلەمانمان بە ماڵی خۆمان داناوە. کاتێک کە پەرلەمان لاواز دەبێت، کەواتە خۆمان لاوازین، کاتێکیش پەرلەمان ناتوانێت چاودێریی ئەدای حکومەت بکات، کەواتە خەتاکەی لەخۆمانە.

بەشێکیشی بۆ ئەوەیە بەفیعلی سەرۆکایەتی پەرلەمان رێگرە لە کارەکانمان، چونکە دەبێت پرسیارو لێپرسینەوەکان لەرێگەی سەرۆکایەتییەوە بکرێت، من زیاتر لە جارێک داوای ئیستجوابی سەرۆک وەزیرانم کردووە، پرسیارەکە چووە، بەڵام نەگیشتووەتە ئەو رادەیەی کە سەرۆکایەتی داوای بکات، سەرۆک وەزیر بێتە پەرلەمانەوە.

**رۆژنامە: ئەم فەرامۆشکردنەی حکومەت لەوەیە کە ئێوە توانای چاودێریکردنتان نییە، ئایا دەتوانن بەفیعلی چاودێریی حکومەت بکەن؟**

* ئەگەر هاوکاریی نەکرێین، ناتوانین چاودێریی حکومەت بکەین.

**رۆژنامە: کێ هاوکاریتان بکات؟**

* بەشێکی پەیوەندیی بە دەستکەوتنی زانیارییەوە هەیە، پێویستە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە هاوکاریمان بکرێت بۆئەوەی چاودێریی حکومەت بکەین، هاوکات پێویستە لەسەر حکومەت ئاسانکاریی بکات بۆ دەستکەوتنی زانیاریی بۆ ئەندام پەرلەمانەکان.

گرفتەکە لەوەدایە، کە مەرجەعی سەرەکیی حکومەت پەرلەمانی کوردستان نییە، لەکاتێکدا پەرلەمان متمانەی پێداوە، بەڵکو رێکەوتنی نێوان یەکێتیو پارتی بە مەرجەع دەزانێت، بۆیە خۆی بە بەرپرس نازانێت وەڵامی ئێمە بداتەوە.

بەڕای من بێت پێویستە متمانە لە حکومەت بسێنینەوە، چونکە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دواخستووە، ئەوەش پاشەکشێیە لە دیموکراسییەت، ئەمەش گەورەترین پاساوی وەرگرتنەوەی متمانەیە لە حکومەت.

بەڵگەش بۆئەوەی کە مەرجەعی حکومەت دوو حیزبەکەیە، ئەوەیە کاتێک راپۆرتە شیکارییەکی گوڵان بڵاوکرایەوە سەدای زۆر گەورەتربوو لەو (٦٨) پرسیارەی لەلایەن پەرلەمانەوە ئاراستەی کراوە.

**رۆژنامە: ئێوە لەم پشووەدا چۆن خۆتان بۆ چاودێریی حکومەت ئامادە دەکەن بۆ خولی گرێدانی داهاتوو؟**

* بەڵێ، پێویستمان بەوە هەیە، کە موراجەعەی خۆمان بکەینەوەو چاودێریی حکومەت بکەین، ئەوەش دەبێت بە هاوکاریی هەموو لیستەکان بێت، دەبێت ئەو هەڵانەی کە کردوومانە لە چاودێریکردنی حکومەتدا، پیایدا بچینەوەو رۆڵی پەرلەمان زیندوو بکەینەوەو بۆئەوەش پێویستمان بە سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە.

> "گەورەیی حکومەت لەوەدایە کە گوێ لە ئۆپۆزسیۆن بگرێت"

**د. زانا رەئوف حەمە کەریم.**
**ساڵی ١٩٧٨ لە سلێمانی لەدایکبووە.**
**هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە یاسای گشتیدا.**
**ئەندامی لیژنەی یاساو لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستانە.**
**ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانە.**

# لـەژێر خاکـی کـوردستاندا، نەوتو گـازێکـی زۆر هەیە

ئا: عەباس کەریم

چەند میدیایەکی جیهانیی، کوردستان بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان، لـەڕووی نـەوتو گـازەوە، نـاودەبـەن، ئـەو میدیایانە بـاس لەوە دەکەن، کە کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهان بە ریز راوەستاون بۆ ئەوەی کە بتوانن بۆندێک لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێمدا بۆ دەرهێنانی نەوتو گاز لە هەرێمی کوردستاندا ببەستن.

میدیای روسـی (RIA Novosti) لە ٢٠٠٩/١١/٢٥دا دەنـووسـێت: کە (یەک لەسەر سێـی) نەوتی عێراق لە کوردستاندایەو کوردستانیش پێویستی بە ئەمریکایە بۆ هێنانەدی خەونی سـەربـەخـۆیـی، یـان ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوان، بۆیە بەڕای ئەو میدیایە بۆ کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکییەکان ئاسانتر دەبێت لە کوردستاندا نیشتەجێ بن، رۆژنامەی سویسری (N22) لەڕۆژی ٢٠١٠/١/٨دا باس لە گرنگیی نەوت دەکات لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو رۆژنامەیە باس لەوەدەکات: کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تائێستا بۆندی لەگەڵ زیاتر لە (٣٠) کۆمپانیای نەوتییدا بەستووە بۆ دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا.

هەریەک لە (Financial Times) و Dentschland و (Stern.de)ی ئەڵمانیش بەشێوازێکی زۆر چڕ باس لە سامانی نـەوتو گـاز لە کوردستاندا دەکـەن، لە بـەرواری ٢٠٠٩/٧/١٣داو لەژێر ناونیشانی (بەناو کوردستانی شاخاویدا) ئەو دوو میدیایە بەم شێوازەی خوارەوە باس لە داهاتە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانو گرنگیان بۆ کۆنسێرنە نەوتییە بیانییەکان دەکـەن: (Magne Normann) بەڕێوەبەری کاروباری کۆنسێرنی نەوتی نەرویجی (DNO) لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو عێراقدا، زۆر بەختەوەرە بـەوەی کە ئـەوان بتوانن وەک یەکەم کۆنسێرنی نەوتی لە هەرێمی کوردستانداو بەتایبەتی لە کێڵگەی نەوتی تاوگ دەستبەکاربن.

(Normann) دەڵـێـت: «لـێـرە لە کوردستان، نەوت خۆی بۆ سەرزەوی سەردەکەوێت»، (Normann) بەدەم پێکەنینەوە بەردەوام دەبێتو دەڵێت: «لە جێگەکانی دیکەی دونیادا هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ ئەوەی کە ئێمە نەوت بدۆزینەوە، بەڵام لە کوردستان ئێمە هەر زەوییەک بپشکنین نەوتی لێدێتە دەرەوە».


Durchs wilde Kurdistan

Unter dem staubigen Boden im Nordirak schlummert das wohl letzte große Abenteuer der Ölindustrie. Nirgendwo ist der Rohstoff so leicht zugänglich. Die Konzerne stehen bereits Schlange, um den Schatz zu bergen. Doch die Ölvorkommen sind politisch hart umkämpft. *Von Andrzej Rybak, Erbil*

Ein irakischer Soldat bewacht Anlagen zur Ölförderung
© Ali Al-Saadi/AFP

Die Schafe, die auf dem kargen Hügel in Sichtweite zur türkischen Grenze weiden, lassen sich von dem Gewirr aus glitzernden Rohren, Pumpen und Zisternen nicht aus der Ruhe bringen. In praller Sonne, bei 50 Grad, kraxeln sie gleichgültig über die kargen Felsen. Magne Normann dagegen ist aufgeregt. Der geschäftsführende Direktor für den Nahen Osten und Irak beim norwegischen Ölkonzern DNO stakst in einem natürlichen Teerpool herum und lächelt zufrieden. "Hier sprudelt das Öl von selbst bis an die Oberfläche", sagt er.

نزیکەی شـەش هەفتە دەبـێـت، کە کۆنسێرنی نەرویجی (DNO) لە کێڵگە نەوتی «تاوگ»ەوە نەوت دەنێرێتە دەرەوە بەرەو بەندەری نەوتی تورکی (Ceyhan) لە دەریای ناوەڕاست.

بەمشێوەیە نەرویجییەکان یەکەم کۆنسێرنی خۆرئاوایین، کە دوای نزیکەی (٣٠) سـاڵ، لە خاکی عێراقەوە نەوت دەنێرنە دەرەوەو نەوتیش دەردەهێنن، لەکاتێکدا کە هەموو کۆنسێرنە نەوتییەکانی جیهان بـێـزاریـی خـۆیـان دەردەبـڕن بەوەی کە سەردەمی دۆزینەوەی نەوت بەشێوەیەکی ئاسان کۆتایی هاتووە، لە کوردستاندا بەپێچەوانەوە، لێرە نەوت بەشێوازێکی ئاسان دەدۆزرێتەوە، بەپێی بۆچوونەکان نزیکەی (٤٥) ملیار بەرمیل نـەوتو (١٥٠٠) ملیار کوبیکمێتر گاز راستەوخۆ لەژێر خاکی کوردستاندایە، ئەمە سامانێکی زۆر گـەورەیـە، کە بەماندووبوونێکو پارەیەکی زۆر کەم دەتوانرێت دەربهێنرێت، بەم شێوەیە کوردستان بە دوایەمین موغامەرەی گەورەی کۆمپانیا نەوتییەکان دادەنرێت، نزیکەی (٣٠) کۆنسێرنی نەوتی بیانیی لە کوردستاندا هەن، بەڵام (DNO) کاری سەرەتاییو دەستپێشخەری کرد لە کوردستاندا.

(Normann) دەڵـێـت: «ئێمە دەستپێکەرین»، ئەو ئەم رستەیە بـێ تەماحانە ناڵێت، لەکوێی دیکەی جیهاندا نرخی دەرهێنانی نەوت (هەر بەرمیلێک) تەنیا دوو دۆلارە؟

لەسەرووی ئەمانەشەوە کوردستان تادێت زیاتر دەبێت بە جێگەیەکی ستراتیژیی بۆ ئـەوروپـا، لەم ماوەیەی پێشوودا ئاهەنگی ئیمزاکردنی دروستکردنی (Nabucco-Gaspipeline) بە نرخی (هەشت ملیار) یۆرۆ لە ئەنقەرە گێڕدرا، ئەو پایپلاینە لە خۆرهەڵاتی تورکیاوە دەگاتە ناو دڵـی ئەوروپا، دروستکردنی ئەم پایپلاینە بۆ ئەوەیە کە ئەوروپا پابەندبوونی بەگازی روسییەوە بە یارمەتی کوردستان کەمبکاتەوە، لە مانگی (ئایار)ەوە هەریەک لە کۆنسێرنی نەوتی نەمساوییو هەنگاریی (OMVو Mol) بەشدارن لە تەواوکردنی (-Khor Morو Chamchamal)، کە هەردووکیان کێڵگەی گازین، ئەوروپییەکان دەیانەوێت (هەشت ملیار) یـۆرۆ لەو پڕۆژەیەدا سەرف بکەنو بەرهەمهێنانی گاز بۆ (٣٠) ملیار کۆبیکمێتر لە ساڵێکدا بەرزبکەنەوە، نیوەی ئەو گازە پێویستە لە نابوکۆوە بگاتە ئـەوروپـا، لـەدوای تەواوبوونی پـڕۆژەی گەیاندنی گـاز بە ئەوروپا، پێدەچێت کـاری ئاسانیش بکرێت بۆ ئەوەی کە نەوتیش بەبـێ زەحمەت بە ئەوروپا بگەیەنرێت.

حکومەتی هـەرێـمـی کوردستان بـەشـێـوازێـکـی زۆر گـەرم خـۆی بۆ تـەواوکـردنـی پـڕۆژەی گواستنەوەی گازیی «نابوکۆ» تەرخان دەکـات، ئەو پڕۆژەیە بۆ سەقامگیربوونی ئارامیی کوردستان بەگرنگ دەزانـێـت، ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان پەیمان دەدات، کە هەموو توانای خۆیان بخەنەکار بۆ یارمەتیدانی ئەو پڕۆژەیە، تاکو بتوانرێت گاز بنێردرێتە دەرەوە، ئەوروپیەکانیش بایەخی زۆر گرنگ بە گـازی کوردستان دەدەن، ئـەوان گـازی کـوردسـتـان بـۆ سەرکەوتنی پـڕۆژەی نابوکۆش بە گرنگ دەزانـن، چونکە ئازەربایجان گـازی خـۆی بە تورکیا دەفرۆشێتو تورکمانستانو کازاغستانیش بۆندیان لەگەڵ روسیادا هەیە، ئەوەی بۆ ئەوروپییەکان دەمێنێتەوە تەنیا کوردستانە، بەڵام تائێستا هیچ پایپلانێک نییە بۆ تورکیا.

کـەیـوان سیوەیلی، راوێـژکـاری تەکنۆلۆژی کۆمپانیای تایبەتی کوردی (کـار) رایگەیاند: باشیی بارودۆخی ئاسایشی کوردستان کلیلی پێشخستنی کوردستانە، سیوەیلی، بـەردەوام دەبێتو دەڵـێـت: (ئێمە چەند ساڵێکە هیچ تەقینەوەیەکمان نەدیوە)، جێگە نەوتییەکانیش بەشێوازێکی زۆر چڕ دەپارێزرێن، لە کێڵگەی نەوتی هەولێر، کە (DNO) خەریکی دەرهێنانی نەوتە تیایدا، ئاسایش (٢٤) سەعات لەوێیە بۆ پاراستنی ئەو کێڵگەیە، بەڵام لەکاتێکدا کە بارودۆخی ئاسایش لە کوردستاندا زۆرباشە، بارودۆخی سیاسیی روو لە خراپبوون دەکات. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی عێراق زۆر ناکۆکن لەسەر ئەوەی کە کـێ دەبێت کۆنترۆڵـی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بکات؟، لەکاتێکدا ئاشتی هـەورامـی، پێیوایە: کە دەستووری عێراقی ساڵـی (٢٠٠٥) رێگە بە کوردستان دەدات بۆند لەگەڵ کۆنسێرنە بیانییەکاندا ببەستێت، حکومەتی عێراقی هەموو ئەو بۆندانەی کە دوای ساڵـی (٢٠٠٧) بەستراون، بە نارەسمیی دەناسێت، ئەوەی لە کوردستاندا بۆ نەوت بگەڕێت دەچێتە سەر لیستـی رەشی حکومەتی عێراقیو چیتریش ناتوانێت لە بازاڕی نەوتی عێراقدا کاربکات.

نەوتی کوردستان لەلایەن حکومەتی نـاوەنـدی عێراقییەوە مامەڵە لەگەڵ داهاتەکانیدا دەکرێتو پارەکانی ئەو نەوتە دەچێتە ناو خەزێنەی وڵاتی عێراقەوەو لە (١٪)شی دەگوێزرێتەوە بۆ کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی عێراقی رێگە بەهیچ کۆنسێرنێک نـادات لە کوردستاندا کاربکەن، کۆنسێرنێکی زۆری نەوتی روو لە کوردستان دەکەنو ئەوانیش بەگەرمیی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـانـەوە پێشوازیی دەکرێن، ئـەوەی کە لێرەشدا جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە، کە نزیکەی دوو ساڵ دەبێت کە فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی عێراقی وتوێژ لەسەر ئەوە دەکەن، کە یاسایەکی نەوتی نیشتمانیی دەربکەن، بـەڵام تائێستاش نەیانتوانیوە بگەنە ئەنجامێکو خۆیان یەک بخەن لەسەر ئەو یاسایە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە تائێستاش نەزانرێت کە کـێ پارەی ئەو کۆنسێرنە نەوتیانە دەدات لە کوردستاندا کاردەکەن.

بۆ حکومەتی عێراقی، ئەوە هەر نەوت نییە کە بووەتە مایەی نیگەرانیی، بگرە زیاتر لە نەوت، (یەکێتیی خاکی عێراق)ە، حکومەتی عێراقی لەوە دەترسێت سامانی نەوتیو گازی ببێتە بناغەیەک بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کە بەو سەربەخۆییە بگات کە چەندین ساڵـە هەوڵـی بۆ دەدات.


Das wilde Kurdistan im Ölboom

کوردەکان ناتوانن ئەو ئەشکەنجانەی کە لەلایەن رژێمی سەدامەوە چەشتوویانە لەبیری بکەن.

مەسعود عەبدولخالق، سیاسەتمەدارو سەرنووسەری رۆژنامەی (Standard) دەڵێت: «ئێمە هیچ باشییەکمان لەلایەن بەغداوە نەدیوە، سەدام هەزارەها کوردی لە ماڵەکانیان دەرکردو نەوتەکەمانی دزی، بەداهاتی نەوتی کەرکوکیش جەنگی دژی ئێمە کرد، ئەمە دەبێت خۆی دووبارە نەکاتەوە».

داهاتە نەوتییەکانی کوردستان بڕوای دەسەڵاتدارانی بەخۆیان زیادکردووەو قورساییەکی دیکەی پـێـداون، بەڵام هەرێمی کوردستان بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت پێویستی بە پایپلانییەکانی عێراقە، عێراقیش پێویستییەکی زۆری بەو پارانە هەیە، کە لەڕێگەی نەوتفرۆشییەوە دەستی دەکەون، لە (٩٦٪)ی داهاتەکانی عێراق، داهاتی نەوتیین، کە نرخی نەوت نزم دەبێتەوە، زۆربـەی هەرە زۆری ئەو پڕۆژانەی کە لەبەردەستدا دەبن دەوەستێنرێن، ئەمە لە ساڵـی (٢٠٠٩)دا روویدا.

(Normann) بێزاریی خۆی سەبارەت بە خراپیی بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدادا دەرنابڕێت، ئەو دەڵێت: «ئێمە پێویستیمان بەئێشی قورسە بیکەین»و ئەم وشانەی خۆشی وەک نارەزایەتی لە بارودۆخی هەرێم نابینێت، لەکاتێکدا کە کەنەدییەکان نەوتی خۆیان لەناو زیـخـاودا دەردەهێننو روسییەکانیش چەند ساڵێکە ناوچە سەهۆڵبەندییەکانی خۆیان هەڵدەکەنن بەئومێدی ئـەوەی کە بە نەوت بگەن، کەچی لە کوردستاندا بەئاسانی بە نەوت دەگەیت.

لەهیچ جێگەیەکی دیکەی دونیادا ئاسانتر بە نـەوت ناگەیت، وەک لە کوردستاندا، بۆیە چەند کۆمپانیای نەوتی بیانی بەئومێدی ئـەوەن، کە چانسی ئەوەیان هەبێت لە هەرێمی کوردستاندا بتوانن بـەدوای نەوتدا بگەڕێنو وەبەرهێنان بکەن.

# کۆمپانیایەکی ئیماراتیی (١٥) دۆنم زەوی هاوڵاتیان داگیردەکات



ئاری لوقمان: قادر کەرەم

کۆمپانیای دانەغازی ئیماراتیو کرز هندی ئەمریکی، زیاتر لە (١٥) دۆنم زەوی گوندی کۆرمۆر داگیر دەکەنو تائێستا قەرەبوو نەکراونەتەوە.

دانیشتووانی گوندی کۆرمۆری سەربە ناحیەی قـادرکـەرەم، بەهۆی کارکردنی هەردوو کۆمپانیای دانە غازی ئیماراتیو کرز هندی ئەمریکییەوە، نیگەرانو لە هەمان کاتدا نزیکەی (١٥) دۆنم زەوی کشتوکاڵیی گوندەکەیان لەلایەن کۆمپانیاکەوە داگیرکراوە قەرەبوونەکراوەتەوە.

هاوڵاتی فاتمە حەسەن ئەحمەد، دانیشتووی گوندەکە بە رۆژنامەی وت: لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)وە ئەو کۆمپانیانە کاردەکەن لەم سنوورەدا، بەڵام تائێستا سوودیان نەبووە بۆ خەڵکی ناوچەکەو گەشەپێدانی گوندەکان.

ئەمە لەکاتێکدایە کێشەی خراپیی رێگەوبانو نەبوونی نەخۆشخانەو خراپیی قوتابخانەی گوندەکەیان هەیە.

هاوڵاتی محەمەد رەحیم، دانیشتووی هەمان گوند داوای لە کۆمپانیاکانو حکومەتی هەرێمیش کاری پێویست بۆ گوندەکەیان ئەنجام بدەن، لەبەرئەوەی دۆزینەوەی نەوتو گاز لە هەر شوێنێکدا دەبێت سوودی هەبێت بۆگەشەپێدانی ئەو ناوچەیە.

لەهەمانکاتدا کە دانیشتووانی گوندەکە داوای خزمەتگوزارییو قـەرەبـووکـردنـەوەی زەوییەکانی گوندەکەیان دەکـەنو کرێکارانی ئەو کۆمپانیایەش بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایی، خۆپیشاندانیان ئەنجامدا بۆ گۆڕانکاریکردن لە زۆریـی سەعاتی کارکردن لە (١٢)ەوە بۆ (١٠) سەعاتو نەهێشتنی جیاوازیی لەنێوان کرێکارانی کوردو بیانیدا.

رۆژنامە لـەدوای هەوڵێکی زۆر بەپێویستی زانـی روونـکـردنـەوەی زیاتر وەرگرێت لەلایەنی کۆمپانیا، یاخود لایەنی حکومەتی هەرێم، بەڵام ئامادەنەبوون هیچ روونکردنەوەیەک لەو بارەیەوە بدەن.

گوندی کۆرمۆر، دەکەوێتە باشوورو خۆرئاوای ناحیەی قادرکەرەمەوەو دانیشتووانەکەی نزیکەی (١٧) ماڵ دەبێتو (٢٠٠) کەس لە گوندەکەدا نیشتەجێن، ماوەی (٧) ساڵە کۆمپانیای دانەغاز سەرقاڵی هەڵکەندنو دەرهێنانی غازە لەو گوندەدا.

هێشتا ناوەندەکانی خوێندن لەلایەن دوو ڕێکخراوی سەر بە دەسەڵاتەوە قۆرخکراون 16

# تورکیا هێزێکی تایبەت لەسەر سنوور دادەمەزرێنێت

ئا: شاڵاو فەتاح

ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ڕایگەیاند: لە جیاتی هێزە ئاساییەکان، تورکیا هێزێکی تایبەت دادەمەزرێنێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارە یاخییەکانی پەکەکە لەسەر سنوور.

لە کۆبوونەوەیەکی پارتی دادو گەشەدا لە ئەنکەرەی پایتەخت، ئەردۆغان باسی لەوەکرد، کە ستافێکی بەئەزموونی جەنەراڵ بۆ ماوەی پێنج ساڵ، یان زیاتر ڕێبەرایەتیی ئەو هێزە دەکاتو هێزەکەش وەک بەشێک لە هێزەکانی سوپای تورکیا (TSK) لەقەڵەمدەدرێت. ئەردۆغان وتی، «کار لەسەر ئەوە دەکەین کە ڕاهێنانی ئەو هێزانەی ڕووبەڕووی تیرۆر دەبنەوە، زیاتر بکەینو ئەو هێزانە بەئەزموونتر بکەین».

ئەردۆغان،باسی لەوەکردکە تورکیا ڕێگەی دیکەش بۆ پاراستنی ئاسایشی سنوورەکانی دەگرێتەبەرو سەرچاوەی پێویستیان هەیە بۆ شەڕکردن دژی تیرۆریزمو لەگەڵ هەریەکە لە ڕێکخراوی یەکێتیی ئەوروپا، ئەمریکا، ڕووسیا، ئێران، عێراقو سووریا قسەکراوەو تورکیا پێشبینی ئەوە دەکات کە پەکەکە لەم هاوینەدا هێرشەکانی چڕتربکاتەوە.

دامەزراندنی یەکەیەکی تایبەتی سەربازیی لەسەر سنوورەکان، دەنگدانەوەی ئەوەی دروستکرد کە حکومەتەکەی ئەردۆغان خەریکی دروستکردنی سوپایەکی تایبەتە لەسەر سنوور، بەڵام ئەردۆغان لە هەمان کۆبوونەوەدا ئەوەی ڕەتکردەوە کە سوپایەکی تایبەت دروستبکاتو وتی: «ئەمە سوپایەکی جیاواز، یان تایبەت نییە وەک لە میدیادا باسدەکرێت، بەڵکو ئەمە تەنیا یەکەیەکی سەربازیی تایبەتە لەسەر سنوور، گرنگیی بوونی ئەم یەکەیەش لە هێرشەکانی ئەمدواییەی پەکەکە بۆ سەر هێزەکانی سوپای تورکیا دەرکەوت».

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، ئەردۆغان ڕوونیکردەوە کە بە نیازن لە ماوەی ساڵێکدا پلانەکە جێبەجێبکەن.

## کێ کۆنترۆڵی هێزەکە دەکات؟

ئەوەی لەنێوان سوپاو حکومەتدا یەکلایی نەبووەتەوە، ئەوەیە کە کێ کۆنترۆڵی ئەو هێزە دەکات، ئەردۆغان پشتیوانیی تەواوی پارتە تورکییەکانی هەیە لە شەڕکردن دژی تیرۆریزمدا. گشت سەرۆک پارتەکان ئەوەیان دووپاتکردووەتەوە کە دەیانەوێت بە هێزێکی تایبەت دژی تیرۆر بجەنگن وەک ئەوەی لە بەریتانیاو ئیسپانیا هەیە.

دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی مەهەپەش ڕەتیکردەوە، کە کۆبوونەوە لەگەڵ ئەردۆغان ئەنجامبدات، ئایدیای هێزێکی تایبەتی قبوڵبوو، بەڵام سووربوو لەسەر ئەوەی ناوبنرێت، بە «یەکەی تایبەت» بۆ ئەوەی ئەو هێزە نەبێتە بەدیلی هێزەکانی سوپای تورکیا (تەسەکە)، لەبەرامبەردا حکومەتی تورکیا ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەم هێزە بەدیلی (تەسەکە) بێتو دووپاتیکردەوە کە هێزەکە هیچ دابەشبوونێک لە سوپادا دروست ناکات.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە کە کێ کۆنترۆڵی ئەم هێزە بکات، دوای کۆبوونەوەکەی لەگەڵ کلیچدار ئۆغلۆی سەرۆکی جەهەپەدا، ئەردۆغان وتی: هێشتا بڕیارمان نەداوە کە هێزەکان، لقێکی هێزەکانی سوپای تورکیا بن، یاخود بەشێک بن لە پۆلیسی نیشتمانی. کلیچدار ئۆغلۆ، لە کۆبوونەوەکەدا پێداگریی لەسەر گرنگیی کۆنترۆڵکردنی سوپایەکی تایبەت کردبووەوە، بەڵام ئەوەی ئەردۆغان دەخوازێت، هێزێکە کە لەژێر کۆنترۆڵی دوولایەنەی سوپای تورکیاو پۆلیسی نیشتمانیشدا بێت.

تاکە هێزێکی سیاسیی کە دژی بیرۆکەی دامەزراندنی هێز ێکی تایبەتە، پارتی پرۆکوردی ئاشتی دیموکراتییە (بەدەپە) کە پێیوایە، ئەو هەنگاوە دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵەی هەنگاوی ساڵی (١٩٩٠)ە لە دامەزراندنی هێزێکی تایبەت لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا. ئەردۆغان، ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە بۆ دووبارە نەکردنەوەی هەمان هەڵەکانی پێشوو، پێویستە کۆبوونەوەی نێوان گشت دامودەزگاکان بەردەوامبێت.

بەپێی پلانی حکومەت بۆ کارکردن لەو هێزەدا، هەر سەربازێک لە یەکەی تایبەت، گرێبەستی پێنج ساڵ سەربازییکردن بۆ ئەو سوپایە ئیمزا دەکاتو تا تەمەنی (٣٢)ساڵیش گونجاوە بۆ سەربازیکردن لەو سوپایەدا، بەڵام ئەوانەی لە تەمەنی (٢٥)ساڵیدا گرێبەست پڕدەکەنەوە، دەتوانن دوو خولی پێنج ساڵی درێژە بە سەربازیکردن بدەن.

تورکیا ماوەی (٢٦)ساڵە شەڕی هێزەکانی پەکەکە دەکات کە لەلایەن ئەمریکاوە بە هێزێکی تیرۆریست ناوزەدکراوەو تا ئێستاش لە شەڕی نێوان ئەم دوو هێزەدا، نزیکەی (٤٠)هەزار قوربانیی هەبووەو بەمدواییانەش چەکدارەکانی پەکەکە چەند هێرشێکی خوێناوییان بۆ سەر سەربازەکانی سوپای تورکیا ئەنجامداو لە وەڵامدا سوپای تورکیا، لە هەوڵێکی سەربازیی- دیبلۆماسی ناوخۆییو هەرێمیو نێودەوڵەتیدایە بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی پەکەکە. لە ٦/١ی ئەمساڵدا، پەکەکە کۆتایی بە ئاگربەستی یەکلایەنەی خۆی هێناو هێرشەکانی بەرپرسانی سەربازییو سیاسیی تورکیای نیگەرانکردووە، تەنانەت ئیلکەر باشبوغی سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا، لە لێدوانێکیدا، دوای ئاماژەکردن بە دزەکردنی چەکدارانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستانەوە، وتی: «ئیدی قسە تەواوبوو»، پرۆژەی دروستکردنی هێزێکی تایبەتیش پرۆژەی حکومەتە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە.



**زانیاری لە (ئاژانسی هەواڵی شینخوای چینیو تودەیس زەمانی تورکی)یەوە وەرگیراوە**

# دادگایەکی فیدراڵی ئەمریکا داوا لە وەزارەتی دەرەوە دەکات بە دۆسیەی موجاهیدینی خەلقدا بچێتەوە

ڕۆژنامە

ناوزەدکردنی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێرانی وەک گرووپێکی تیرۆریستی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە، کێشە دەنێتەوەو دادگای فیدراڵیش داوا لە وەزارەتی ناوبراو دەکات کە بە بڕیارەکەدا بچێتەوە.

وەزارتی دەرەوەی ئەمریکا وەک نەریتی ساڵانەی خۆی لیستی گرووپە «تیرۆریستییەکان» لە جیهاندا بڵاودەکاتەوە، کە بەلای حکومەتی واشنتۆنەوە ئەو ڕێکخراوانە بە گرووپی تیرۆریستی لە قەڵەم دەدرێن، کە کاری کوشتنو ئاژاوەگێڕیی، یان هاندانی ئەو جۆرە کارانە ئەنجامدەدەن لەو چوارچێوەیەشدا هەفتەی ڕابردوو وەزارەتی دەرەوە گرووپی موجاهیدینی خەلقی ئێرانی وەک گرووپێکی تیرۆریستی ناوزەدکرد.

لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە کێشەی ناوزەدکردن، یان نەکردنی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، کە بنکەیان لە ناوچەی ئەشرەفی سەر بە پارێزگای دیالەی عێراق هەیە، بووەتە مایەی ناکۆکیی لەنێوان وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو دادگای فیدراڵیو دوایین جاریش لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێرانی داوایان کرد، کە ناویان لە لیستی گرووپە تیرۆریستییەکاندا دەربهێنرێت، ئەمساڵیش لەپاش ئەوەی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە بە گرووپێکی تیرۆریستی ناوزەدکرا، ڕێکخراوی ناوبراو لە دادگای فیدراڵیی ئەمریکا لە ناوچەی کۆڵۆمبیا داوای لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کرد، کە بەو بڕیارەیدا بچێتەوەو دەرفەت بە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق بدات، کە بەرگریی لەخۆی بکات، ئەمەش لەپاش ئەوە دێت، کە لە ساڵی (٢٠٠٨)دا دادگای ئەوروپا بڕیارێکی یەکێتیی ئەوروپای ڕەتکردەوە سەبارەت بە ناوزەدکردنی موجاهیدینی خەلق بە گرووپێکی تیرۆریستی، کە بەهۆیەوە سەرجەم پارەی ڕێکخراوەکەو ئەندامانی بلۆک کرابوون.

ئەم ململانێیەی نێوان وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاو دادگای فیدراڵیی لەسەر ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لەکاتێکدایە، کە حکومەتی واشنتۆنو هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی گوشاری توندیان بۆ سەر ئێران دروستکردووە لە چەندین لایەنی ئابووریو سیاسییو بارزگانی جیاجیاوە بۆ دەستبەرداربوون لە بەرنامە ئەتۆمییەکانی، کە ئەمەریکاو ئەوروپا بە مەترسیی دادەنێنو ئێرانیش ڕەتیدەکاتەوە.

# هیومان ڕایتس ووچ داوای ماف دەکات بۆ کوردەکانی سوریا

ئا: شاڵاو فەتاح

(هیومان ڕایتس ووچ) لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا دەربارەی سوریاو لەژێر ناونیشانی «دەیەیەکی لەدەستچوو: مافی مرۆڤ لە سوریا لە یەکەمین دە ساڵی حوکمی بەشار ئەسەددا»، باس لە کۆمەڵێک تەحەدا دەکات، کە ڕووبەڕووی مافی مرۆڤ لە سوریا دەبنەوە.

ڕاپۆرتەکە لە (٣٥) پەڕە پێکهاتووەو دابەشکراوە بەسەر پێنج بەشی سەرەکیدا، لەوانە: سەرکوتکردنی مافی چالاکی نواندنی سیاسییو مرۆیی، کۆتو بەند لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین، ئەشکەنجەدان، مامەڵەکردن لەگەڵ کورددا، دوا بەشیش بۆ کێشەی بێسەروشوێنبوونو دیارنەمان تەرخانکراوە.

بەشار ئەسەد لەماوەی دەیەیەکدا نەیتوانی بەڵێنەکانی بۆ فراوانکردنی مافی مرۆڤو باشترکردنی ڕیکۆردی حکومەتەکەی لەو بوارەدا بێنێتەجێ. سارا لی ویتسۆن، بەڕێوەبەری بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ، لەبارەی ڕاپۆرتەکەوە دەڵێت: «تەنانەت ئەگەر بەشار ئەسەد ڕیفۆرمخواز بێتو لەبەر هێزە تەقلیدییەکان نەتوانێت یاخود هەر سەرکردەیەکی دیکەی سوڵتەوی عەرەب بێتو نەتوانێت ڕەخنە وەربگرێت، ئەوا بۆ خەڵکی سوریا هەر وەک یەکەو ئاکامەکەی بریتییە لە نەبوونی ئازادییو نەبوونی ماف».

لە وتاری دەستبەکاربوونیداو لە (١٧)ی تەمموزی (٢٠٠٠)دا ئەسەد باسی لە پێویستیبوونی بیرکردنەوەی ئیبداعی، شەفافیەتو دیموکراسی کرد، بەڵام ماوەی لێبووردەیی ئەسەد کورت بوو، زیندانەکانی سوریا دووبارە پڕبوونەوە لە زیندانی سیاسیی، ڕۆژنامەنووسو چالاکوانی بواری مافی مرۆڤ، بۆ نموونە هەر بەمدواییانە سوریا دوو چالاکوانی بواری مافی مرۆڤی بە سێ ساڵ حوکمداوە، تەنیا لەبەر ڕەخنەگرتنیان لە ڕەوشی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە، ئاژانسی هەواڵگریی، موخابەراتی تۆقێنەر خەڵکی بەبێ ئاگادارکردنەوەو مۆڵەت دەستگیردەکاتو بەبێ پاراستنیش ئەشکەنجەیان دەدات، سانسۆر هەیەو فراوانبووە بۆ یاساغکردنی سایتە جەماوەرییەکانی وەک فەیسبووک، یوتوبو بلۆگەر، لەساڵی (٢٠٠٥)دا ئەسەد پەیمانی بە ڕۆژنامەنووسان دا کە ماوەی داهاتوو ماوەی سەربەخۆیی پارتە سیاسییەکان دەبێت، بەڵام هێشتاش سوریا تاک حیزبییەو تەنیا حیزبی بەعس دەتوانێت ئازادانە کاربکات، سارا وتی: «هەر هیوایەک هەبووبێت بە کرانەوەی سیاسیی لە سەردەمی ئەسەددا، نەماوە».

کەمینەی کوردی، کە دەخەمڵێنرێن بە (١٠٪)ی دانیشتووانی سوریا، لە مافە بنەڕەتییەکانیان بێبەشکراون، وەک مافی فێرکردن بە کوردی لە خوێندنگاکانداو مافی ئاهەنگێڕانی بۆنە کوردییەکانی وەک نەورۆز (ساڵی نوێی کوردی). سەرکوتکردنی ئاشکرای کوردەکان زیادیکرد لەدوای ئەوەی کوردەکان چەند خۆپیشاندانێکی بنکەفراوانیان ئەنجامدا، هەندێک لەو خۆپیشاندانانە توندوتیژیی لێکەوتەوە، سەرباری پەیمانی چەندبارەی ئەسەد بۆیان، هێشتاش (٣٠٠) هەزار کوردی بێ ناسنامە چاوەڕوانن کێشەکەیان چارەسەر بێتو مافی هاوڵاتیبوونیان پێبدرێت.

لە پەنجاکانەوە حکومەتە سورییەکان سیاسەتی سەرکوتکردنی شوناسی کوردیان پەیڕەوکردووە بە بیانووی ئەوەی هەڕەشەن بۆ سەر یەکێتیی عەرەب لە سوریا، حکومەتی دیمەشقیش سیاسەتی یاساغکردنی چالاکییە سیاسییو کلتوورییەکان لەنێو کوردەکاندا پەیڕەودەکات.

هیومان ڕایتس ووچ دۆکیۆمێنتی سەرکوتکردنی لانیکەم چواردە کۆبوونەوەی سیاسییو کلتووریی کوردەکانی لایە لەدوای ساڵی (٢٠٠٦)ەوە، جیا لەوەش هێزەکانی ئاسایش سیاسەتوانانی کورد دەستگیردەکاتو دەیانێرێت بۆ دادگای سەربازییو بە تۆمەتی «بێهێزکردنی هەستی نیشتمانیی» دادگاییان دەکات.

لەدووەمین وتاری دەستپێکی حوکمیداو لەساڵی (٢٠٠٧)دا ئەسەد جارێکی دی پەیمانی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە بێ ناسنامەکانی دایەوە، بەتایبەت ئەوانەی کە مافی هاوڵاتیبوونیان نییە، لەکاتێکدا ئەندامانی دیکەی هەمان خێزان مافی هاوڵاتیبوونی پێدراوە، ئەو باسی لە بوونی یاسایەک کردو لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: «ڕاوێژەکان تەواودەبنو کاتێکیش تەواوبوون یاساکە ئامادە دەبێت». سێ ساڵ دواترو دوای نەمانی بەربەستە سیاسییەکان، هیچ یاسایەک دیار نییەو کێشەی کوردەکانیش چارەسەر نەکراوە.

## پێشنیازەکان بۆ بەشار ئەسەد

پێکهێنانی کۆمیتەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵام کۆمیتەکە ئەندامی پارتە سیاسییە کوردییەکانی تێدابێت. یەکلاییکردنەوەی دۆخی هەموو ئەو کوردانەی لە سوریا لەدایکبوون، بەڵام تائێستا بێ نیشتمانن، ناساندنو لابردنی ئەو یاساو سیاسەتانەی جیاکاریی بەرامبەر بە کوردەکان تێدایەو پێداچوونەوە بە بڕیارە حکومییەکاندا. سەلماندنی ئەوەی کە کوردەکانی سوریا مافی ئەزموونکردنی کلتوورو زمانی خۆیان هەیە. بەهەمانشێوە دابینکردنی مافی ئازادیی ڕادەربڕینو ئازادیی ئاهەنگێڕانی بۆنە کلتوورییەکانو فێربوونی کوردی لە خوێندنگەکاندا، داوەتکردنی نوێنەرێکی سەربەخۆی نەتەوەیەکگرتووەکان، پسپۆڕ لە بواری کێشەی کەمینە بۆ سەردانکردنی سوریا.

# بازرگانیی بە تەندروستی خەڵکەوە دەکرێت

# ریکلامکردن بۆ دکتۆرو دەرمان، دەبێتە دیاردە

راپۆرتی:
ئارام محەمەد، هێمن محەمەد

ریکلامکردن بۆ دکتۆرو داوو دەرمان لە کەناڵەکانی راگەیاندندا پەرەیسەندووەو وەزارەتـــی تەندروستیش بە بڕیارێک شەرعییەت بە سازدانی ئەو ریکلامانە دەدات‌و پسپۆڕانیش داوا دەکەن سەندیکای پزیشکان لەو رووەوە رۆڵی خۆی بگێڕێت.

دوای هاتنی ژمارەیەک تەندروستکاری عــەرەب‌و بیانیی بۆ هــەرێم، دیــاردەی ریکلامکردن بۆ کەرتی تەندروستی گەیاندە ئاستیک کە وەزارەتی تەندروستی رێنمایی تایبەت بە ریکلام دەربکات.

بەپێی نـووسـراوی ژمـارە ٦٤٩٥ی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان کە رۆژی ٢٠١٠/٦/٩ دەرچــووەو ئیمزای تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستی لەسەرە، ئاماژە کراوە بۆ ریکلامکردنی هەرجۆرە دەرمــان یا ئامادەکراوێکی پزیشکی، کە پێویستە رەزامەندی وەزارەتی تەندروستی‌و بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن وەربگیرێت ئەمە لەکاتێکدایە کە لە مادە ١٧ی یاسای ساڵی ١٩٧٠ تەندروستیدا هاتووە، نابێت ریکلام بۆ دەرمان بکرێت جگە لە بواری زانستی پزیشکی یاخود دەرمانسازی، هەروەها لە مادەی ١٨ی هەمان یاسادا هاتووە نابێت ریکلام بکرێت بۆ ئامادەکراوی تایبەت کە ببێتە هۆی چەواشەکردنی هاوڵاتییان‌و نەریتە گشتییەکان.

سەبارەت بە دیاردەی ریکلامکردن بۆ دکتۆرو دەرمان، د. خالس قادر بەڕێوەبەری راگەیاندن لە وەزارەتـــی تەندروستی بۆ رۆژنامە وتی: «بەپێی رێنماییەکان ریکلام بۆ دکتۆر تەنها ئاماژە بەوە بکرێت کە پسپۆڕە لەو بوارەدا، نابێت باسی ئەوە بکرێت چەند کەسی چارەسەرکردووە چەند نەشتەرگەری ئەنجامداوە».

د. خالس وتیشی: «هەندێ لە راگەیاندنەکان پابەند نەبوون بە رێنماییەکان، تائێستا سەرپێچی زۆرەو کەسیش سزا نەدراوە بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ سەندیکا ئاگادار بێت، چونکە پەیوەندیی بەوانەوە هەیە».

هاوڵاتییانیش لە بڵاوکردنەوەی ئەو ریکلامانە نیگەرانن، بەوپێیەی بە ریکلامکردن بۆ دکتۆرێکی بیانی لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلیدا متمانەی هاوڵاتییان بە دکتۆرەکانی نەخۆشخانە حکومییەکان ناهێڵێت.

عەلی ئەحمەد وەک هاوڵاتییەک بڕوای وایە کە هەموو شتێک ریکلامی بۆ بکرێت، نابێت کەرتی تەندروستی بکرێتە بازرگانی چونکە «پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە».

شەوانە لە کەناڵە ناوخۆییەکان دەیبینم زۆرجـار ریکلام بۆ دەرمانی جۆراوجۆر دەکرێت، ریکلام بۆ هاتنی دکتۆری بیانی دەکرێت.

هەندێکیتریش چاودێریکردنی پرۆسەی ریکلامکردن لە کەرتی تەندروستیدا بە ئەرکی سەندیکای پزیشکان دەزانن، د. خالید علی بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی هەولێر باس لەوە دەکات، کە بابەتی ریکلامکردن زیـاتـر دەکـەوێـتـە سـنـووری کارەکانی سەندیکای پزیشکانەوە زیاتر پەیوەندی بەو سەندیکایەوە هەیە.

هــاوکــات، د. ئــازاد مەنتک، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو و دڵ سەبارەت بەم بابەتە بۆ رۆژنامە وتی: «لەگەڵ ئەوەدا نیم ریکلام بۆ دکتۆرو دەرمان بکرێت، داواکاریشم سەندیکای پزیشکان رێگەچارەیەک بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە دابنێ‌و رێگە نەدا بەبێ رەزامەندیی ریکلام بکرێت».

# کۆمپانیای نۆکان مانگانە کرێ لە پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل وەردەگرێت

راپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر

کۆمپانیای نۆکان مانگانە (٣٠٠) دۆلار لە خاوەن پێشانگاکانی کڕین‌و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە کەنەکەوە وەردەگرێت، بەبێ پێشکەشکردنی هیچ خزمەتگوزارییەک لەبەرامبەر ئەو پارەیەدا.

خاوەنی پێشانگایەکی کڕین‌و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کە نەیویست ناوی خۆی بڵێت بۆ رۆژنامە وتی: «مانگانە (٣٠٠) دۆلار دەدەین بە کۆمپانیای نۆکان، پارەکەش بە سێ مانگ جارێک دەیدەین، کە دەکاتە (٩٠٠) دۆلار، ســەرەڕای ئــەوەی کە ئێمە مانگانە پارە دەدەین، بەڵام تائێستا کۆمپانیای نۆکان‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچ هاوکارییەکیان نەکردووین.

ئاماژەی بەوەشکرد: خراپیی شەقامەکانی ناو پێشانگاکە بەجۆرێکە هەندێک شەقامی بە تەواوەتی وێران بووە، ناو پێشانگاکان بووەتە زبڵدان‌و بێزاری کردووین، کە پێویستە ئۆتۆمبێلی شـارەوانـی بێتە پێشانگاکەو پاشماوەکان فڕێبدات.

ژمارەی پێشانگاکانی کڕین‌و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە کەنەکەوە نزیکەی (١٠٠) پێشەنگایەو دەکەوێتە دەروازەی شاری سلێمانییەوە لە گەڕەکی راپەڕین، بە سێ مانگ جارێک هەر پێشانگایەو (٩٠٠) دۆلاری ئەمریکییان لەلایەن کۆمپانیای نۆکانی سەر بە ئیدارەی گشتیی یەکێتییەوە لێوەردەگیرێت.

ســەرەڕای خراپیی کــارەبــا، خاوەنی پێشانگاکان ئاماژە بەوەدەکەن: کۆمپانیای نۆکان رێگرە لەبەردەم دانانی موەلیدە، هەروەک داواکاریشن کە بنکەیەکی پۆلیسیان بۆ دابنرێت لەبەر زۆریــی کێشە لەناو پێشانگاکان لە ئەنجامی کڕین‌و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەوە.

لەگەڵ وەرگرتنی پارەی مانگانە لەلایەن کۆمپانیای نۆکان‌و ژووری بازرگانی‌و پیشەسازیی سلێمانییەوە، تائێستا هیچ پرۆژەیەکی ئاوو ئـاوەڕۆو رێگاوبان بۆ پێشانگاکانی کەنەکەوە ئەنجامنەدراوەو خاوەنەکانیشیان جگە لە پـرۆژە، داوای سـەوزاریـی‌و پـرۆژەی خزمەتگوزاریی دەکەن.

خاوەن پێشانگایەکی دیکە بۆ رۆژنامە وتی: «لەسەر ئەرکی خۆمان ئاوەڕۆمان راکێشاوە، لەکاتێکدا ئەگەر بمانەوێت پێشەنگاکانمان جوان بکەین‌و سیمایەکی جوانی هەبێت هاوکاریی مادیمان ناکرێت، هەروەها مانگانە پیشانگاکان هەڵسەنگاندنیان بۆ ناکرێت تا لەسەر ئەو بنەمایە باج‌و کرێیان لێوەربگیرێت».

ژیـان رەسـوڵ، بـەڕێـوەبـەری بەشی ئیشتیراکات لـە ژووری بازرگانیی‌و پیشەسازیی سلێمانی، بۆ رۆژنامە وتی: «لەسەر ئێمەیە موڵەتیان بۆ بکەین، تا کاری کڕین‌و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکان بە رەسمیی بکرێت‌و یاسایی بێت، زۆرێـک لە خاوەن پێشانگاکان تائێستا مۆڵەتیان دەرنەکردووەو چەندجارێک ئاگادارمان کردوونەتەوە، بەڵام بەداخەوە نەهاتوون».

مۆڵەتی بازرگانیی پێشانگاکانی کڕین‌و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بەپێی کۆمەڵێک مەرجەو ساڵانە (١٥٠) هەزار دیناریان لێوەردەگیرێت.

رۆژنامە چەندجارێک سەردانی بەشی مولکایەتی سەر بە کۆمپانیای نۆکانی کردو پەیوەندیی بە بەشە جیاجیاکانی کۆمپانیاکەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوون لەوبارەیەوە هیچ زانیارییەک بـە رۆژنامە بدەن.



# (٣٨٤) گوندی پارێزگای هەولێر کارەبای نیشتمانییان نییە

هەنگاو هاشم




لە سنووری پارێزگای هەولێر، تاوەکو ئێستا (٣٨٤) گوند لە کارەبای نیشتمانیی بێبەشن، لەکاتێکدا بەڕێوەبەرێتی دابەشکردنی کارەبای هەولێر دەتوانێت بەپێی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کارەبایان بۆ دابین بکات.

حسێن حــەمــەد، بــەڕێــوەبــەری دابەشکردنی کارەبای پارێزگای هەولێر، بە رۆژنــامــەی راگەیاند: لە سنووری پارێزگای هەولێر (٣٨٤) گوند کارەبای نیشتمانییان نییە، کە ئەمەش رێژەیەکی زۆرە.

ئــامــاژەی بــەوەشــدا: بەشێکی ئەم گوندانە موەلیدەی تایبەتی خۆیان هەیەو بەشێکیشیان هیچ کارەبایەکیان نییە.

بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای پارێزگای هەولێر، وتیشی: هەوڵدەدەین لەمساڵدا کارەبا بگەیەنین بە هەندێک گوند، بەڵام بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کاریگەریی دەبێت لەسەر گەیاندنی کارەبای نیشتمانیی بۆ ئەو شوێنانەی کە تائێستا کارەبایان بۆ نەچووە، چونکە بەپێی ئەم بودجەیە دەتوانین کارەبا بگەیەنین.

جێگای ئاماژە بۆکردنە، سنووری پارێزگای هەولێر پێکهاتووە لە (٩) قەزاو (٣٤) ناحیە، سەرجەمی گوندەکانی سەر بەم پارێزگایەش نزیکەی (١١١٦) گوند دەبن.

# «ئەو کەسانەی کاری قورس دەکەن، دەتوانن لە رەمەزاندا بە رۆژوو نەبن»

راپۆرتی:
شارا عەبدولڕەحمان

یەکێتیی زانایانی ئاینیی پێشنیاز دەکات، ئەو کەسانەی کە کاری قورسی رۆژانە دەکەن، بە رۆژوو نەبن‌و بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەی فەتوا ئاگادار دەکەنەوە.

جەعفەر گوانی، بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئاینیی، ئــەوەی بۆ رۆژنامە روونــکــردەوە، کــە بەهۆی ئەوەی مانگی پیرۆزی رەمەزان لەمساڵدا دەکەوێتە گەرمای هاوینەوە، پێشنیازیان کردووە، کە ئەو کەسانەی بژێویی ژیانیان کاری قورسی رۆژانەیە (وەک کرێکاریی)، بتوانن لەو مانگەدا بە رۆژوو نەبن، وتیشی: «کۆمەڵێک فەتوا هەیە تائێستا خەڵک دوودڵە لە بارەیانەوەو پێویستە قسەیان لەسەر بکرێت، بۆیە بە باشمان زانی پێش هاتنی مانگی پیرۆزی رەمــەزان هەموو ئــەو شتانە دیاری بکەین‌و بیدەینە لیژنەی باڵای فەتوا، تا ئەوانیش لە رووی شەرعەوە فەتوای لەبارەوە بدەن، یەکێکیش لەو شتانە مەسەلەی بە رۆژووبوونی ئەو کەسانەیە کە رۆژانە کاری قورس دەکەن، ئەگەر بەڕۆژوو بن رەنگە نەتوانن بژێویی رۆژانەیان دابینبکەن».

یەکێتیی زانایانی ئاینیی بەباشی دەزانن لەپێش رەمەزاندا لیژنەی باڵای فەتوا قسە لەسەر حاڵەتەکانی بەڕۆژوونەبوونی خەڵکی بکەن، لەنێویشیاندا مەسەلەی (نەخۆشیی، سەفەر، بێنوێژیی ئافرەتان)، هاوکات ئەو کارانەش کە ماندووبوونی رۆژانەی تێدایە، هەروەک گوانی وتــی: «ئــەوە هۆشیاریدانێکە بە خەڵک‌و خزمەتکردنیانە لە رووی شــەرعــەوە، تا بتوانن بەبێ دوودڵیی ئەو مانگە پیرۆزە بەڕێبکەن».

ســەبــارەت بە راگەیاندنی فەتوا لەوبارەیەوە، مەلا یاسین، ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان، ئاماژەی بــەوەدا: تائێستا پێشنیازەکەی یەکێتیی زانایانیان بەدەستنەگەیشتووەو قسەیان لەبارەی فەتوایەکی لەوجۆرەوە نەکردووە، بەڵام وتی: «بەپێی شەرع ئەو کەسەی کە کــاری قورسی رۆژانـــەی هەیەو ئەگەر بــەڕۆژوو بێت رەنـگـە بـژێـویـی ژیـانـی پێ دابیننەکرێت، دەتوانێت بەڕۆژوو نەبێت، بەڵام بەو مەرجەی کە نییەتی بەڕۆژووبوون بێنێت‌و پارشێو بکات‌و لە رۆژدا هەر کاتێک ناچاربوو رۆژووەکەی بشکێنێت، نەک هەر لە بنەڕەتەوە بەڕۆژوو نەبێت».

بەپێی وتەی ئەو ئەندامەی لیژنەی فەتوا، ئەو حاڵەتە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە کــاری قــورســەوە سەرقاڵن، وەک کرێکارو جوتیارو تەنانەت خوێندکاریش ئەگەر بزانێت نەشکاندنی رۆژوەکــەی زیان بە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی دەگەیەنێت‌و چەند کارێکی دیکەش.

بــەمــەبــەســتــی لەجیاتی بەڕۆژووبوونیش مەلا یاسین وتی: «ئەو کەسانە ئەوەندەیان لــەســەرە کــە لەکاتێکدا کە بــۆ خــۆیــان گــونـجـاو بێت رۆژووەکەیان بگرنەوەو هیچ پێویست بەوە ناکات کە نانی هــەژار بــدەن، چونکە پێدانی نانی هــەژار بۆ کەسانێکە کە نەخۆشیی بەردەوامیان هەیە، یان پیرن‌و بەهیچ جۆرێک توانای بەڕۆژووبوونیان نییە».

وردەکاریی «بەهەدەردانی سامانی گشتیی» لە ڕێگای تاسڵوجە – سلێمانیدا 18

«لە دژی دەستێوەردانی حیزبیی لە ناوەندەکانی خوێندندا، ڕێپێوان دەکەین»

# هێشتا ناوەندەکانی خوێندن لەلایەن دوو ڕێکخراوی سەر بە دەسەڵاتەوە قۆرخکراون

ڕاپۆرتی: سیروان عەول

ڕێکخراوە قوتابیی‌و خوێندکارییەکانی دەرەوەی دەسەڵات، نیگەرانن لە قۆرخکردنی ناوەندەکانی خوێندن لەلایەن کۆمەڵەی خـوێـنـدکـاران‌و یەکێتیی قوتابییانەوەو هەڕەشەی هەڵوێستوەرگرتن دەکەن.

هـاوکـات، پێیانوایە کە فیدراسیۆنی ڕێکخراوە قوتابیی‌و خوێندکارییەکان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار دروستبووە، نەک بۆ خزمەتکردنی خوێندکاران.

ئەرسەلان حەسەن، بەرپرسی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابییانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تا ئێستا ناوەندەکانی خوێندن لەلایەن هەردوو ڕێکخراوی سەر بە دەسەڵاتەوە قۆرخکراون‌و بۆ مەبەستی سیاسیی بەکاریاندەهێنن، تەنانەت زۆربەی بەڕێوەبەری خوێندنگاو پەروەردەکان لە هەردوو حیزبی دەسەڵات پێکهاتوون، هەر ئەمەشە وایکردووە کە ئەوان بە ویستی خۆیان کاربکەن‌و ئێمە نەتوانین خولی بەهێزکردن لە ناو خوێندگاکاندا بکەینەوە.

وتیشی: «ئێمە لە ڕێکخراوەکەمان، هـەوڵـمـانـداوەو داوەدەکـەیـن کـە چیتر ناوەندەکانی خوێندن بەکارنەهێنرێن بۆ کاری ڕیکخراوەیی‌و بەڵێنیشمان بە خوێندکاران داوە کە لە ساڵی ئایندەدا، ڕێپێوان سازدەکەین لە دژی دەستێوەردانی حیزبیی لە ناوەندەکانی خوێندندا».

ئەنجامدانی کاری ڕێکخراوەیی‌و حیزبایەتی لە ناوەندەکانی خوێندندا، لە ڕابـردوودا‌و تا ئێستاش، کاریگەریی خراپی لەسەر ڕەوشی خوێندن دروستکردووەو بە یەکێک لە ڕێگرەکانی بـەردەم پێشخستنی بواری پەروەردە لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

ئیحسان زەلمی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی ڕێکخراوی قوتابییانی کوردستان، پێیوایە: دەستێوەردانی حیزبیی، کاریگەریی خراپی لەسەر خوێندن دروستکردووەو خوێندکاران سەرقاڵ دەکات‌و تەنانەت لە بۆنەو مەراسیمە حیزبییەکاندا، دەوامـی خوێندنگاکان ڕادەگیرێت‌و خوێندکاران دەبرێنە دەرەوەی خوێندنگا.

ئەوەیشی خستەڕوو: تا ئێستا نەتوانراوە دەستی حیزب لەناو ناوەندەکانی خوێندندا ببـڕدرێت‌و داوامـانـکـردووە کە دەوامـی خوێندکاران ڕانەگیرێت بۆ بۆنەو کاری حیزبیی، ئەم داوایەشمان بردووەتە پەرلەمان.

هاوکات، سەلمان محەمەد، بەرپرسی لقی سلێمانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان، ئـەوە دەخـاتـەڕوو: ئێمە وەک ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان، لە پشت پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کاردەکەین‌و نەشمانتوانیوە خۆمان لەو تەوقە سیاسییە ڕزگاربکەین،کارکردنیشمان لەناو خوێندگاکاندا بۆ پەرەدان بووە بە قوتابییان.

وتیشی: «تا ئێستاش پـەروەردە ڕێگر نەبووە لە کاروچالاکییەکانمان‌و بەوپەڕی فەخرەوە ڕێـزی لێگرتووین‌و هاوکاریی تەواوی کردووین».

لە ساڵی (٢٠٠٣)دا چەند ڕێکخراوێک، فـیـدراسـیـۆنـی ڕێـکـخـراوە قـوتـابـیـ‌و خوێندکارییەکانیان پێکهێنا، کە (١٣)ڕێکخراو تێیدا ئەندامبوون، کە ئامانجی سەرەکییان بریتیبوو لە داکۆکیکردن لە مافەکانی خوێندکاران، بەڵام بە هۆی دەستێوەردانی حیزبییەوە، تا ئێستا فیدراسیۆنەکە بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوەو چەند ڕێخکراوێکیش لێی کشاونەتەوە، جگە لەوەی کە زیاتر لە ساڵێکە کۆنەبووەتەوە.

هـەروەک ئەرسەلان حەسەن، ئاماژەی بۆ دەکـات: «ئامانجمان لە دروستکردنی فیدراسیۆن، کارکردن بوو لەسەر یەکدەنگیی‌و یەکهەڵوێستیی‌و داکۆکیکردن لە مافەکانی قوتابییان، بـەڵام بەهۆی دەستێوەردانی حیزبییەوە، ئەم فیدراسیۆنە لە ئاست خزمەتی خوێندکاراندا نەبووەو ئەوەندەی مومارەسەی کاری سیاسیی دەکـات، ئەوەندە خزمەتی قوتابییان ناکات‌و داکۆکیی لە مافەکانیان ناکات».

> "تا ئێستا نەتوانراوە دەستی حیزب لەناو ناوەندەکانی خوێندندا ببڕدرێت"

زۆرجار بەرپرسانی حکومەت‌و پەروەردە، باس لە بنبڕکردنی دەستێوەردانی حیزبیی لە ناوەندەکانی خوێندندا دەکەن، بەڵام تا ئێستا حیزب‌و بەرژەوەندیی حیزب، باڵادەستی کایەکانی نـاو پـەروەردەیـەو نەتوانراوە دەستی حیزب لە ناوەندەکانی خوێندندا دووربخرێتەوە.

سەفین دزەیـی، وەزیـری پـەروەردەی هەرێمی کوردستان، پێشتر بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەگەر بوترێت حکومەت بەدەرە لە حیزب، نەخێر، بەڵام لە کاروباری ڕۆژانەدا لە ڕووی ئینتیماو لە ڕووی کاریگەریی سلبی لەسەر کاروبارەکان، بەهیچ شێوەیەک نابێت تەداخولات هەبێت، پەیامەکەی منیش بۆئەوەیە کە ئەو جۆرە تەداخولاتانە نەبێت، چونکە جاری وا هەیە، بە ناڕاستەوخۆش تەدواخولات هەیە، بەڵام پەروەردە موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانەو تەنیا موڵکی لایەنێک نییە، پێویستە دوور لە هەر جۆرە ئینتیماو لایەنگرییەک بۆ حیزبایەتی کاروباری خۆی بەڕێوەببات.

سەبارەت بە کردنەوەی خولی بەهێزکردن لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە، کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد: پێموانییە ئەمە پەیوەندیی بە حیزبیبوونی خوێندکارانەوە هەبێت، چونکە ڕێکخراوەکانی خوێندکاران‌و قوتابییان، هەڵساون بە کارئاسانیی بۆ خوێندکاران.

---



## عەزیمە نەجمەدین، ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان:

# پەروەردە لە ئاستێکی زۆر نزمدایەو گۆڕانکارییەکان لە پاشەکشەدان

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**عەزیمە نەجمەدین، ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زاستی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە: پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە ئاستێکی زۆر نزم‌و دواکەوتوودایەو گۆڕانکارییەکانی پەروەردە لە پاشەکشەدان.**

**ئەو کە ماوەی (٢٠)ساڵ وەک مامۆستا کاریکردووەو (٦) ساڵیش بەڕێوەبەری خوێندنگا بووە، لەم چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەدا، ئەوە دەخاتەڕوو، حیزب ڕێگرە لە گۆڕانکاریی بواری پەروەردەداو دەڵێت: «تا دەستێوەردانی سیاسیی‌و حیزبیی لەناو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بمێنێت، تا خوێندن سەربەخۆ نەکرێت، هیچ هەنگاوێک بەرەو پێشەوە ناچێت‌و خوێندن هەر بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە».**

**ڕۆژنامە: تا چەند پێتوایە کە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا، دواکەوتووە؟**



عەزیمە نەجمەدین

ڕەوشی پـەروەردەو خوێندن لە ئاستێکی زۆر خراپدایە، بەتایبەتی زانکۆکان بە سیستمێکی تەقلیدیی‌و دواکەوتوو کاردەکەن، چ لە ڕووی زانستی‌و چ لە ڕووی ئیدارییەوە، گەندەڵیی‌و دەسەڵاتی حیزب کایەکانی خوێندنی داگیرکردووە، ئەمەش کارەساتە کە بەمشێوەیە کار لەسەر پەروەردەو خوێندن دەکرێت.

لە سەرەتاوە ئومێدێکمان هەبوو کە گۆڕانکارییەکانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنە هۆی پێشخشتنی پەروەردە، بەڵام وا دەرنەچوو، ئێستا گۆڕانکارییەکان لە پاشەکشەدان‌و زۆربەی بڕیارەکانی سیستمی نوێی خوێندن جێبەجێ نەکراون‌و ڕاگیراون. ئێمە لە لیژنەی پـەروەردەی پەرلەمان، سەردانی زۆربەی ناوەندەکانی خوێندنمان لە هەموو ئاستەکاندا کـردووەو بۆمان دەرکەوتووە کە ئاستی زانستی قوتابیی‌و خوێندکار دابەزیوە، ئاستی زانستیی مامۆستایان نزمەو خوێندن لەم وڵاتـەدا دواکەوتووەو لە پاشەکشەدایەو بەرەو ئاقارێکی زۆر خراپ دەڕوات.

**ڕۆژنامە: دەستێوەردانی حیزبیی، هۆکارە بۆ دواکەوتنی پەروەردەو خوێندن؟**

*دەستێوەردانی حیزبیی، هەموو کەلێنێکی پـەروەردەی گرتووەتەوە، زۆر زەحمەتە لە پەروەردەدا گۆڕانکاریی بکرێت، چونکە حیزب بڕیاردەری پەروەردەیە، بچووکترین گۆڕانکاریی بکرێت، حیزب دەبێتە ڕێگرو ناهێڵێت، تا دەستێوەردانی سیاسیی‌و حیزبیی لەناو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بمێنێت، تا خوێندن سەربەخۆ نەکرێت، هەرگیز بەرەو پێشەوە نـاڕوات، ئەگەر وەزارەتی پـــەروەردەو وەزارەتـــی خوێندنی باڵاو بەتایبەتی هەردوو وەزیر، سەربەخۆیانە کارنەکەن بۆ دوورخستنەوەی دەستی حیزب لەناو پەروەردەو خوێندندا، هیچ هەنگاوێک بـەرەو پێشەوە ناچێت‌و خوێندن هەر بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە، دەستێوەردانی حیزبیی فـەوزایـەکـی گـەورەی ئیداریی دروسـتـکـردووە، بۆنموونە پـەروەردەی سلێمانی‌و هەولێر بەجیا کاردەکەن‌و تا ئێستا جیاوازی لە مووچەو پلەو پۆستەکان لە نێوان هەولێرو سلێمانیدا هەیە.

> "تا دەستێوەردانی سیاسیی‌و حیزبیی لەناو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بمێنێت، تا خوێندن سەربەخۆ نەکرێت، هەرگیز بەرەو پێشەوە ناڕوات"

**ڕۆژنامە: بۆچی سیستمە نوێیەکە جێبەجێ ناکرێت؟**

* پـێـش کـۆنـگـرەی پـەرەوردەیـی‌و تا ئێستاش، زەمینەسازیی بۆ گۆڕینی سیستمی خوێندن نەکرابوو، بەتایبەتی ژێرخانی پەروەردەیی کە لەگەڵ سیستمی نوێدا ناگونجێت، بیناکانی خوێندن زۆر کۆنن، ئاستی مامۆستایان نزمە، نەبوونی پێداویستییەکانی خوێندن، تا ئێستا (٦٠) قوتابی لە پۆلێکدا دەخوێنن، ئەمە سەرەڕای ڕێگرییەکانی حیزبە باڵادەستەکان.

**ڕۆژنامە: ئێوە لە پەرلەمان‌و بەتایبەت لە لیژنەی پـــەروەردە، چیتانکردووە بۆ دەربازبوونی پـــەروەردەو خوێندن لەو قەیرانە؟**

* ئێمە، دوو ئەرکی سەرەکیمان هەیە، یەکەمیان چاودێریکردن‌و بەدواداچوونی ڕەوشی پـەروەردەو خوێندنە، دووەمیان دانانی یاسایە لەو بـوارەدا، لەسەرەتای ئەمساڵدا سـەردانـی زانکۆو پەیمانگاو بـەڕێـوەبـەرێـتـیـی پـــەروەردەی شـارو شارۆچکەکانمان کـردووەو بە وردیـی چاودێریی ڕەوشی پەروەردەو خوێندنمان کـردووەو بەدواداچوونمان بۆ کێشەکان کردووە، هەروەها لە ئێستادا دوو پڕۆژەیاسا لەبەردەستماندایەو کاریان لەسەر دەکەین، پڕۆژەیاسایەکیان تایبەتە بە زانکۆ ئەهلییەکان، ئەوی تریان تایبەتە بە چۆنێتیی وەرگرتنی قوتابییان لە زانکۆو پەیمانگاکاندا، جگەلەوە لە میانەی سەردانەکانماندا، ڕاپۆرتێکمان لەسەر کێشەکان ئامادەکردووە.

**ڕۆژنامە: کاری ئێوە تەنیا سەردانیکردنی ناوەندەکانی خوێندنە، لەکاتێکدا پێویستە ئێوە بەشێکبن لە پێشخستنی پـەروەردەو خوێندن؟**

* لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان لە چەند لایەنێکی جیاواز (یەکێتی ٣ ئەندام، پارتی٣ ئەندام، گۆڕان ٣ ئەندام، کۆمەڵ ١ ئەندام، مەسیحی ١ ئەندام) پێکهاتووە، ئەگەر ئێمە بەویژدانەوەو دوور لە هەموو ئینتیمایەکی حیزبیی کار لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بکەین، دەتوانین بەشێکبین لە چارەسەرکردنی کێشەکان‌و پێشخشتنی پرۆسەکە، بەڵام تا ئێستا بەپێی پێویست نەبووین‌و خەڵکیش گلەییان لە ئێمە هەیە.

**ڕۆژنـامـە: دەوتـرێـت، پەیوەندیی نێوان وەزارەتـی پـەروەردەو لیژنەکەتان، پەیوەندییەکی شەخسییە، ئەمە بۆ؟**

* پەیوەندیی لیژنەکەی ئێمەو وەزارەتی پەروەردە، پەیوەندییەکی شەخسیی نێوان وەزیرو سەرۆکی لیژنەکەیە، تا ئێستا چەندین جار داوامان لە سەرۆکی لیژنەکە کردووە، بۆ بانگگردنی وەزیری پەروەردە، سەرۆکی لیژنەکە پێی ڕاگەیاندووین کە خۆی لەگەڵ وەزیردا قسەی کردووە.

> "پەیوەندیی لیژنەکەی ئێمەو وەزارەتی پەروەردە پەیوەندییەکی شەخسیی نێوان وەزیرو سەرۆکی لیژنەکەیە"




# (٢٥٠)ماڵی چوارقوڕنە داواکارییان هەیە

ئامانج ئیسماعیل

دانیشتووانی گەڕەکی کوردستانی ناحیەی چوارقوڕنە بەدەست نەبوونی خزمەتگوزارییەوە گرفتارن‌و نیگەرانن لەوەی حکومەت وەڵامی داواکانیان ناداتەوە، بەڕێوەبەری ناحیەکەش رایدەگەیەنێت تائێستا بودجەی (٢٠١٠)یـان پێنەگەیشتووە.

مستەفا محەمەد، یەکێکە لە دانیشتووانی ئەم گەڕەکەو بە رۆژنامەی راگەیاند: «زیاد لە (٢٥٠) ماڵین‌و بێبەشین لە چەندین خزمەتگوزاریی، وەکو؛ نەبوونی ئاوەڕۆو کەمیی ئاوی پێویستی خـواردنـەوەو نەبوونی رێگاوبان‌و شۆستەو جادەو تەواونەکردنی باخچەکانی گەڕەکەکەمان، کە ماوەی ساڵێکە دەرگای باخچەکان شکاون‌و تائێستاچاکنەکراوەتەوەونەمامی‌تێدانەڕوێنراوەو پاسەوان‌و ئاویان بۆ دابیننەکراوە».

مزەفەر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ناحیەو سەرۆکی شارەوانیی چوارقوڕنە بە وەکالەت، ئاماژەی بەوەکرد: لە دروستکردنی باخچەکەوە هەتا سەوزکردنی پێویستی بە بودجەیە، ئەگەر لەبەردەست نەبێت ناتوانین هیچ بکەین‌و تائێستاش بودجەی ساڵی (٢٠١٠)مان بەدەست نەگەیشتووە.

سەبارەت بە داواکاریی گەڕەکی کوردستانی، بەڕێوەبەری ناحیەکە وتی: «ناتوانین بەشێوەیەکی کتوپڕ سەرجەم داواکانیان جێبەجێ بکەین».

# "داوادەکەین بەڵێنەکەتان ببەنە سەر"

**بۆ بەڕێز/ سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**بۆ بەڕێز/ سەرۆکی حکومەتی هەرێم**
**بەڕێز/ وەزیری خوێندنی باڵا**
**بەڕێز/ سەرۆکی زانکۆی سلێمانی**

ئێمە خوێندکاران‌و قوتابییانی کۆلێژی ئەندازیاریی شارستانی- ئاودێریی زانکۆی سلێمانی، لە یەکەم رۆژی وەرگرتنمانەوە هەتا رۆژی دەرچوونمان ناونیشانی کۆلێژەکەمان‌و سەرجەم باج‌و نووسراوەکان بەناوی شارستانی- ئاودێرییەوە بوون.

بابەتەکانی خوێندمان (٧٥٪) زیاتر تایبەت بوون بە هەندەسەی مەدەنی‌و جیاوازییان نەبووە لەگەڵ بابەتەکانی کۆلێژی ئەندازیاری شارستانی.

بێگومان بەڕێزتان ئاگادارن لـێـیـان کـردوویـن بـە کێشەو دەیانەوێت بە ناحەق دوور لە هەموو یاسایەک ناونیشانەکەمان بگۆڕن بە (ئاودێریی)، ئێمە پێمانوایە لەکاتێکدا حەقیانە، کە بابەتەکانی خوێندنمان تەنیا بابەتی ئاودێریی بوونایە، یان هەر لە سەرەتاوە ئاگاداریان بکردینایەتەوە.

ئێستا دوای ئەوەی کە بەڵێنیان پێداین ناونیشانەکە بۆ دەرچووانی ساڵانی رابردوو هەتا دەرچووانی (٢٠٠٩-٢٠١٠) بـگـێـڕنـەوەو بڕوانامەکانیان بە شارستانی- ئاودێریی بکەن، بـەڵام جارێکی تریش بەڵێنەکەیان نەبردەسەر.

بۆیە ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەین هەریەکەتان بەپێی جێگاو دەسـەڵاتـی خۆتان مەهێڵن ئەو ناحەقییەمان لەگەڵدا بکرێت‌و رەنج‌و هیواو ئاواتی چەند ساڵەمان بەهەدەر بدرێت، لەگەڵ ئەوەدا ئێمە چاوەڕوانی رێزلێنان‌و دامەزراندن بووین، تەنیا (دە) یەکەمەکانیش هیچیان بۆ نەکردن، بۆیە ئێستا چـاوەڕوانـی هیممەت‌و فەرمانی بەڕێزتان دەکەین.

هیوادارین پێویست بەوە نەکات رێگا شارستانییە جیاوازەکانی دیکە بگرینەبەر.

**خوێندکاران‌و قوتابییانی کۆلێژی ئەندازیاری شارستانی- ئاودێریی زانکۆی سلێمانی**
**٢٠١٠/٧/٥**

# "ناوێرین راستیی بدرکێنین"

**دەربارەی ژیان‌و رەوشی زیندانییانی مەعەسکەر سەلام (سەد رەحمەت لە کفن دز)**

لە مەعەسکەر سەلام، بەناو بەڕێوەبەرێتی چاکسازیی کـۆمـەڵایـەتـی هـەیـە، بـەڵام ئەوەی بڵێی چاکسازیی تیا بەدی ناکرێت، ئەوەی بڵێی بەشی کۆمەڵایەتی‌و یاسایی هیچ بوونێکی نییەو هەر لێپرسراوێکی حکومیی، کە دێت بۆ سەردانی ئەو بەندیخانەیە، بەندییەکان ناوێرن راستیی بدرکێنن لـەبـەرئـەوەی لە دواییەکەی دەترسن لە لێدان بە کێبل‌و بەکارهێنانی کارەبای دەستی‌و شەق‌و سووکایەتی پێکردن، ئەمەش ماوەیەکە سـەریـهـەڵـداوە، کـە ئـەو بەڕێوەبەرەیان بۆ دابینکردووە، کە لە ئاسایشەوە نێردراوە بـەنـاوی (عەقید ش.ع.ت)، کەسایەتییەکی توندڕەوەو هەر پاسەوانێک سەرو ئاسنێک‌و کەلەپچەیەکیان داوەتـــێ، دەبێت دائیم بەلاقیانەوە بێت بۆ لێدانی سجنەکان، ئاسنەکە موتەحەریکە بچووک دەبێتەو لە کیفێکی سەوزدایە، ئێستاکە ئەو زیندانییانەی چاکسازیی گـەوران لە بێزاریدا دەژین‌و حاڵەتی دەروونـیـی زیاتر بـووە، قەسابخانەی دانـاوە نـەک هاتبێت چاکسازیی بکات، کاتێک دەچێتە سەر شـاشـەی تـەلـەفـزیـۆن وا قسە دەکـات، کە سجن هیچ کەموکوڕییەکی نییە، کاتێک دەزانـێ لێپرسراوێک، یان کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دەچێتە سجن، خێرا (ئینفرادیی) ژوورە تەنیاییەکان چۆڵ دەکات، بۆ ئەوەی نەڵێن سجنی ئینفرادیی هەیە، جا لەولاوە کەمـیی ئاو بەڕێژەیەکی ئێجگار زۆر، کە چـارەسـەری ناکەن بۆیان، بڕینی مـووچـەی زیندانی لەبەرچی بوو؟ هۆی ئەوە بوو کە کاتـی دەنگدانەکە (٩٧٪)ی دەنگی بۆ دەسەڵات نەدابوو.

**زیندانییانی مەعەسکەر سەلام**

# ناوکێلان هەڕەشە دەکات

ئەحمەدباڵەکی

دانیشتووانی گوندی ناوکێلانی سەر بە قـەزای چۆمان، هەڕەشەی خۆپیشاندان دەکەن‌و رێگەی حاجی ئۆمەران دەگرن، ئەگەر کەموکورتی کارەبایان بۆ چارەسەر نەکرێت.

فەرهەنگ فاخری گوندنشین، بە نـاوی دانیشتووانی گوندەکەیانەوە کە لە (٤٠)ماڵ پێکهاتووە، وتی: ئەگەر بۆماوەیەکی کورت، داخوازییەکانمان بۆ جێبەجێ نەکەن، ئەوا خۆپیشاندان دەکەین.

داخوازییەکانیان بریتین لە پاککردنەوەو کۆنکرێتکردن کوچەو کۆڵانەکانیان‌و گەیشتنی کارەبای نیشتمانییە پێیان.

لەوبارەیەوە، عەبدولواحید گوانی، قایمقامی قەزای چۆمان، بە رۆژنامەی راگەیاند: چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاریمان بۆ بردوون، بەڵام بە نیسبەت کارەباوە، مافی خۆیانە کە داوای بکەن.

وتیشی: بەڵێنیان پێدەدەین کە بە ماوەیەکی کورت، موەلیدەکەیان بۆ چاک بکەینەوە، تا کارەبای نیشتمانییان بۆ دابین دەکەین.

# تەقەکردن لە دۆڵی شاوڕێ

شاسوار مامە

تەقەکردنی نادیار لە گوندەکانی دۆڵی شاوڕێ لە سنووری ناحیەی سەرکەپکان ماوەیەکە سەریهەڵداوەتەوەو هێمنی‌و ئارامیی نـاوچـەکـەی شـێـوانـدووەو تائێستاش هیچ کەسێک بە تۆمەتی ئەنجامدانی ئەو کارانە دەستگیرنەکراوە.

لەوبارەیەوە هاوڵاتییەکی گوندی بەردانگە، کە نەیویست ناوی بهێنرێت بە رۆژنـامـەی راگـەیـانـد: ماوەیەکە بە بەردەوامیی لە گوندی بەردانگە شەوانە تەقە لە چەند ماڵێک دەکرێت، وتیشی: «ئەو تەقەکردنانە پەیوەندیی بەو کێشە کۆمەڵایەتییانەوە هەیە کە لە رابردوودا یاسا چارەسەری نەکردوون‌و هێشتوویەتییەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێن».

ئەو هاوڵاتییە ئاماژەی بەوەشکرد: بـەهـۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە چەندینجار ئاگر لە خانوو و گەنم‌و جۆی هاوڵاتییان بەرداوە.

لـەو بـارەیـەوە هـیـوا قـەرەنـی، بەڕێوەبەری ناحیەی سەرکەپکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: تەقەکردنی نادیار کە شەوانە ئەنجامدەدرێت، ئارامیی ناوچەکەی تێکداوەو ئەوان لێکۆڵینەوەیان بـەردەوامـەو تائێستاش کەسیان دەستگیرنەکردووە، وتیشی: «بەهۆی ئەوەی هاوڵاتییان هاوکاریمان ناکەن‌و هیچ کەسێکیش سکاڵای تۆمار نەکردووە، تائێستا نەمانتوانیوە ئەنجامدەرانی ئەو کارانە دەستگیر بکەین.

# بەقاچاخبردنی نەوت

**لەدوایین راپۆرتیدا لەسەر هەرێمی کوردستان، رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی، باسی لە هەناردەکردنی بەقاچاخی نەوت کرد لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران‌و خەملاندنی بۆ کردووە کە ساڵانە، بایی سەدان ملیۆن دۆلار نەوت دەنێردرێتە ئێرانەوەو لە زاری پەرلەمانتارێکی کوردستانەوە، ئاماژەی بەوەشکردووە: کاتێک باسی نەوت دێتە پێشەوە «هەرێمی کوردستان، دورگەیەکە کە کەس حوکمی ناکات»، بە رای تۆ: ١- پارەی ئەو نەوتە دەچێتە گیرفانی کێوە؟ ٢- بۆچی بەرهەمی نەوتی کوردستان‌و گرێبەستە نەوتییەکان ئاشکرا ناکرێن؟ ٣. تا چەند کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت سەر بە دووحیزبە دەسەڵاتدارەکەن؟**

**ناسح-هەڵەبجە**

بە رای من، ئەم مەسەلەیە قسەی ناوێت، هەموو دێریک لەم بارەیەوە زۆر بڵێییەو وەرن با هەموومان پێکەوە بڕۆینە سەر شەقام‌و رێگا لە تەنکەرەکان بگرین، ئەمە باشترین چارەسەرە، ئێوە دەڵێن چی؟

**سەردەم عەلی**

ئەوەی دەڕواتە دەرەوە، پاشماوەکانی بەرهەمهێنانی گازوایلە، نەک نەوتی خاو، ئەمەش لە رێگای وەزارەتی نەوتەوە بە رێگایەکی ئوسوڵی دەڕوات‌و پارەکەشی بۆ حیسابێکی وەزارەتی دارایی دەڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا مومیکنە هەندێکجار هەندێک کاری قاچاخی دزە بکات، بەڵام بەو قەبارەیە نییە کە باسی لێوە دەکرێت.

**شەنکار عەبدوڵڵا**

بەقاچاخبردنی نەوت، بە هەر پاساوێک بێت، ناشەرعییەو پێویستە هەموو خەڵکی کوردستان لێی بێنەدەنگ، بەتایبەتی ئۆپۆزسیۆن، هەموو هەوڵەکانی چڕبکاتەوەو ئەم بێدەنگییە بشکێنێت.

**دانا تەیب مەنمی**

من راپۆرتەکەم بە ئینگلیزی‌و بە کوردیش خوێندەوە، ناشزانم تا چەند راستە، بەڵام خۆزگە دەخوازم داهاتی ئەو نەوت- بەقاچاخبردنە بۆ خزمەتی هاوڵاتییان‌و هەژاران‌و بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان تەرخانبکرایە، نەک بچێتە گیرفانی چەند بەرپرسێکەوە!

**بێستون بابان**

پێشینان دەڵێن: «خویەک گرتت بە شیری، تەرکی ناکەیت بە پیری»، هەر لەسەرەتاوە کە ئەم حکومەتە دروست بوو، چییان تاڵان نەکرد، شۆفڵ، تەلی کارەبا، قیر....هتد، دواتریش کە داهاتی بەشەنەوتی عێراقیان بەرکەوت، وەک برا بەشیانکرد. ئەمان ویستان ببنە سەرمایەداری زۆر گەورە، بەڵام نەک لە رێگای بازاڕو بەرهەمهێنانەوە، بەڵکو لەڕێی تاڵانکردنەوە.

**بۆ ژمارەی داهاتوو:**

**شەوی ١٥ / ١٦ی ئەم مانگە لە کارەساتێکی ئاگرکەوتنەوەدا زیاتر لە ٥٠ هاوڵاتی بیانی‌و ناوخۆیی بونە قوربانیی، بەپێی زانیارییەکان کەمترخەمیی لە زۆر لاینەوە هەبووە.**

**بەرای تۆ:**
**١. تاچەند حکومەت لە کەموکوریی دروستکردنی تەلارەکاندا کەمتەرخەمە؟**
**٢. بۆچی گرنگیی بە سیستمی ئاگرکوژاندنەوە نەدراوە؟**
**٣. تاچەند حکومەت دەتوانێت بەر بە کارەساتی لەناوکاو سروشتی بگرێت؟**
**٤. هەر بۆچوونێکی تر.**

**راو بۆچوونەکانتان لەڕێی ئەم ناونیشانانەوە بە رۆژنامە دەگات:**
**١. دوانگەی سبەی** (www.sbeiy.com)
**٢. ئیمەیلی:** nawxo.rozhnama@yahoo.com

# داواکاریی چەند گەڕەکێک، لە نامەیەکی کراوەدا

**داواکاریی گەڕەکەکانی (زانکۆ، سۆران، ئازادیی ئەحمەد ئاوا، بروسکی یەک، بروسکی دوو، بەری فڕۆکەخانە، بە گشتیی) لە راپەڕین**
**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
**بۆ/ بەڕێزان..**

- سـەرۆکـی پـەرلـەمـانـی هەرێمی کوردستان
- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
- مەکتەبی مافـی مرۆڤ
- لێپرسراوی رێکخراوی مافی مرۆڤ
- پارێزگاری سلێمانی
- ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
- قایمقامی قەزای مەرکەزی سلێمانی
- بەڕێوەبەری ناحیەی بەکرەجۆ
- بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکانی سلێمانی
- سەرۆکی شارەوانی راپەڕین
- لێپرسراوی مەڵبەندی (٢١)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- لێپرسراوی لقـی (٢١)ی پارتی دیموکراتی کوردستان
- بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی سلێمانی
- منداڵپارێزی کوردستان
- کەناڵەکانی راگەیاندن
- رۆژنامەکان

پێویستییەکان:

١- ئێمە لە ساڵـی (٢٠٠٤)ەوە هەوڵدەدەین بۆ رێگەوبان، لە ساڵـی (٢٠٠٦) چەورێژی چاکیان بۆ کردین، بەڵام لە (٢٠٠٩) بەهۆی ئاوەڕۆوە تێکچوو، دوای ئەوە قوڕڕێژێکیان بۆ کردین بەناوی چـەوڕێـژەوە، ئەویش زۆربـەی شەقامەکانیان نـەکـردووەو بە هاوین تۆزو خۆڵ‌و بە زستان قوڕو چڵپاو، داواکارین قیرتاومان بۆ بکرێت.

٢- ئاوەڕۆکان مەنهۆڵەکانیان نەماوە، یان شکاوە، بۆن بڵاو دەبێتەوەو نەخۆشیی تەنگی پـێ هەڵچنیوین‌و مێشوولە خواردووینی.

٣- ئاوی زۆربەی کۆڵانەکان کزەو ناچێتە ناو تەنکی سەربان‌و ئەگەری خراپتریش هەیە، چونکە دانیشتووان زیاد دەکات‌و چەند بۆرییەک لە ٢٠٠٩/١١/٤ەوە شکاون.

٤- تاکە گـەڕەکـە، کـە ئـەو هەموو دانیشتووانەی هەبێت‌و پاسـی بۆ دابین نەکرابێت، دەبێت (٢-٣)کـم ببڕدرێت، تا دەگەیتە شەقامی سەرەکیی تاسلوجە، کەچی پاسیش نییە، بە گەرماو سەرماو قوڕو تۆزو خۆڵ منداڵ‌و نەخۆش‌و پیرو پەککەوتە دەبێت چی بکەن؟!

٥- نەبوونی تاسە بۆ هێورکردنەوەی ئۆتۆمبێلە تیژڕەوەکان لەسەر شەقامی گشتیی، بەتایبەتی لەبەردەم یوتێرنەکان‌و شوێنی پەڕینەوەی هاوڵاتییاندا، تائێستا چەندەها کەس بوونەتە قوربانیی‌و ئۆباڵیان بەملی حکومەتی هەرێم‌و بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانییە، کە (٦) ساڵە ئەمڕۆو بەیانیمان پێدەکات.

٦- نەبوونی پارک‌و باخچەو سەوزایی‌و یاریی منداڵان‌و شوێنی گەنجان، کە ئێمەش منداڵەکانمان وەک منداڵـی گەڕەکەکانی دیکەیە.

٧- نەبوونی بنکەی تەندروستی.

٨- نەبوونی ئامادەیی کوڕان‌و کچان، کە دەبێت خوێندکاران بپەڕنەوە، کە چەند زەحمەت‌و ترسناکە.

٩- بنبڕکردنی ئـاوی بـاران‌و لافـاو، کە لە شاخی سورگەوە دێتە خـوارەوەو شەقامی گشتیی تاسلوجە دەبڕێت‌و دەڕژێتە نـاو کـۆڵان‌و ماڵەکانی ئێمەوەو ترس‌و دڵەڕاوکێمان بۆ پەیدا دەکات.

١٠- دروستکردنی دایەنگە بۆ منداڵانی فەرمانبەران.

١١- دروستکردنی چەند ریزە دوکانێک لە شوێنی جیاجیادا بۆ دابینکردنی پێداویستیی رۆژانـــەی خەڵکی وەک: (نانەواخانەو سەمونخانەو..هتد).

١٢- رشاندنی دەرمانی قەلاچۆکردنی سەگی بەرەڵڵاو مارو دووپشک‌و مێش‌و مەگەزو مێشوولە، چونکە ژیانیان لـێ تاڵکردووین.

بەڕێزان گەڕەکەکانمان کەوتوونەتە پێشەوەی شاری سلێمانی‌و گەشتیاران، کە دەگەنە سلێمانی لەپێشدا ئێرە دەبینن‌و سلێمانی پـێ هەڵدەسەنگێنن، پێشکەوتووە یان نا، بۆ ئەوەی گەنجانی گەڕەکەکەمان هیواو خواستەکانیان وردوخاش نەکرێت‌و منداڵەکانمان چـاویـان کـردەوە قـوڕو تۆزو خۆڵ بەچاوە جـوان‌و ناسکەکانیان ئاشنا نەکەین‌و پەککەوتەکان‌و پیرەکانی گەڕەکەکەمان رێزیان لێبگیرێت‌و کەرامەتی هەمووان لەنێو کۆمەڵگەدا پارێزراو بێت، دووبارە داوا لە بەڕێزتان دەکەین بێبەشمان نەکەن لە بەخشندەیی‌و سۆزو یارمەتیتان لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

دانیشتووانی گەڕەکەکانی: (زانکۆ، سۆران، ئازادیی ئەحمەدئاوا، بروسکی یەک، بروسکی دوو، بەری فڕۆکەخانە، بەگشتیی لە راپەڕین).

نەبوونی بودجە، یانەکانی سلێمانی بەرەو داخستن دەبات 20

# وردەکاریی «بەهەدەردانی سامانی گشتیی» لە رێگای تاسڵوجە- سلێمانیدا



ئەم پرۆژەیە بۆ جارێکی تریش هەڵوەشاوەتەوەو نوێدەکرێتەوە

فۆتۆ: رۆژنامە

راپۆرتی:
زمناکۆ ئیسماعیل،
لاڤە بەشارەت،
ئاریان حەسەن

پرۆژەی جەزرەی نێوان سلێمانی تاسڵوجە بۆ جاری سێیەمە کاری چاکسازیی تێدادەکرێتو زیاتر لە (٢٤) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، لەکاتێکدا کۆی پرۆژەکە بەتەواوەتی جێبەجێناکرێتو چەند بەشێکی دەهیلرێتەوە.

پرۆژەی نوێکردنەوەی ناوەندی شەقامی سەرەکیی تاسڵوجە-سلێمانی، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوە بودجەی بۆ تەرخانکراوەو شارەوانیی سلێمانیو بەرێوەبەرێتی باخچەکان سەرپەرشتی دەکەنو لە قۆناغی یەکەمدا (١٥) ملیارو (٦٤٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو (٣٠٠) رۆژیش بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە دانراوەو بەکۆی قۆناغەکانیش (٢٣) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دیناری تێدەچێت.

کارەکانی ئەمجارە بریتییە لە؛ دانانی تۆرێکی رووناککردنەوە لە سلێمانییەوە بۆ تاسڵوجەو دروستکردنو دیزاینی لایەنی کشتوکاڵیو رواندنی ئەو رووەکانەی کەمتر ئاوی پێویستە.

ئەندازیار هۆشیار تۆفیق، سەرۆکی بۆردی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە وتی: «ئەم پرۆژەیە بە تەنیا چاکسازییە لە جەزرەکەدا، رێرەوی پەرینەوەی تێناکەوێت، بەڵام بیر لەوەش کراوەتەوە کە رێرەوی پەرینەوەی بۆ دروستبکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش بیرۆکەیەک دراوە بە شارەوانیی سلێمانی.

شەقامی سەرەکیی تاسڵوجە-سلێمانی بۆ جاری سێیەمە بودجەی بۆ تەرخاندەکرێتو نوێدەکرێتەوە، کە پێشترو بە دووجارو دوو بودجەی جیاواز پرۆژەکانی سەوزکردنو دروستکردنی شۆستەو باخچەو رووناککردنەوەی بۆ ئەنجامدراوە.

هیوا حەمە ساڵح محەمەد، جێگری لێپرسراوی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی، وتی: «پرۆژەی جەزری نێوەندی تاسڵوجە سلێمانی، پێشتر لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بودجەی بۆ خەرجکراوەو بە سەرپەرشتی شارەوانیی سلێمانی، لەگەڵ بەرێوەبەرێتی باخچەکان جێبەجێدەکرێت، بۆ ئێستای کاری ئەو پرۆژەیە نزیکەی (١٥) ملیارو (٦٤٠) ملیۆن دیناری چاپی عێراقی بۆ تەرخانکراوە، کە بە ماوەی (٣٠٠) رۆژ جێبەجێدەکرێت».

ئەمەش لەکاتێکدا کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو پرۆژەیە دەڵێن: «لە جاری دووەمی چاککردنی ئەو پرۆژەیە، بڕی (٨) ملیار دیناری تێچووە، جگە لەوەی کە بڕی تێچوونی جاری یەکەمی چاکسازیکردن لەو پرۆژەیەدا تائێستا روون نییە چەندی تێچووە».

پرۆژەکە کە هەر جارەو بە هۆکارێک لایەنە پەیوەندیدارەکان کاری هەڵوەشاندنەوەی تێدا دەکەن، درێژییەکەی دەگاتە (١٤) کیلۆمەترو (٨٠٠) مەترەو شاری سلێمانی بە دەوروبەرەوە دەبەستێتەوە.

ئەندازیار ئازاد رەسوڵ، بەرێوەبەری ناوەندی نەخشەدانانی سەر بە شارەوانیی سلێمانی، وتی: «دوو پردی پیادەی بۆ پەڕینەوە تێدادەکرێت، لەگەڵ دانانی ئێندەرچەینجێک، کە ئەوەش زانکۆی سلێمانیو زانکۆی ئەمریکیو راپەڕینو فرۆکەخانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام دەکەوێتە قۆناغێکی دیکەی دوای تەواوبوونی ئەم پرۆژەیە».

وتیشی: «ئەو پرۆژەیە قۆناغی دیزاینی تەواوبووە، دەرخستەی بۆ کراوەو خەملێنراوە».

بەڕای ئابووریناسانیش چەندجار پارە تەرخانکردن بۆ پرۆژەیەک بە هەدەردانی سامانی گشتییو نەبوونی بەرنامەو پلانێکی دارێژراوە لەلایەن حکومەتەوە، کە لە سەرەتای پرۆژەکە بیر لە تەواوی پێداویستییەکان ناکرێتەوە.

د.خالید حەیدەر، مامۆستای کۆلێژی ئابووریی زانکۆی سلێمانی، دەڵێت: «بڕیاری چاککردنو هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی جەزری ناوەراستی شەقامی سلێمانی-تاسڵوجە، بڕیارێکی دروست نییە، چونکە ئەو بڕە پارەیەی کە خەرجکراوە لەو پرۆژەیەدا، بەهەدەردانی سامانی گشتییە، لەجیاتی ئەوەی ئەو بڕە پارەیە خەرجبکرێت بۆ ئەو شوێنەی کە سێجار پارەکەی بەفیرۆدراوە، دەتوانرێت یەک جار چاکسازیی تێدابکرێتو بودجەی دوای ئەوە بۆ پرۆژەیەکی دیکە تەرخانبکرێت، بەڵام بەوشێوەیەی ئێستا، ئەمە وادەکات بڕی بودجەیەکی گەورە لە پرۆژەیەکی چەندجارە هەڵوەشێنراوەدا بەهەدەر بدرێت».

دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی ئەم پرۆژە نوێیە لەدوای تەواوبوونی بەمەبەستی دروستکردنی ئەندەرپاسو ئینتەرچەینج، د.خالید دەڵێت: «بۆ پێشتر ئەو بڕیارەیان نەدا، ئایا ئەو کەسانەی کە ئێستا ئەو بڕیارەیان داوە بۆ دروستکردنی ئەو پرۆژانە، بۆ پێشتر بڕیاری دروستکردنی ئەو پرۆژانە نادەن».

لەبەرامبەردا هیوا حەمە ساڵح، جێگری لێپرسراوی پرۆژەکانی سلێمانی، وتی: «هەڵوەشاندنەوەی شکاندنی بڕێک لەو باخچەیە لەدوای دروستکردنی ئەندەرپاسو ئیندەرچەینج ئاساییە، چونکە لەو باوەڕەدا نیم ئەوەندەی هەڵوەشاندنەوە تێبکەوێت، پێدەچێت بە تەنیا (١٠-٢٠) یان (٣٠) مەترێکی تێبکەوێت».

سەبارەت بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە بە چەند قۆناغێکو هێشتنەوەی ئەندەرپاسو ئینتەرجەینج بۆ جارێکی ترو جێبەجێنەکردنی لە سەرەتای پرۆژەکەوە، ئەندازیار ئازاد رەسوڵ وتی: «هەندێک کار هەیە ئاساییە، ئەگەر پرۆژەیەک بکەین نازانین دوای پێنج ساڵی دیکە چی گۆڕانکارییەکی تێدا دەکرێت. وتیشی: «ئەو ئیندەرچەینجەی کە زانکۆی سلێمانیو زانکۆی ئەمریکیو فرۆکەخانە دەبەستێتەوە بەیەکەوە، بودجەکەی نزیکەی (٣٠) ملیار دینار دەبێت».

کامەران حەمە ساڵح، بەرێوەبەری گشتیی باخچەکان، کە پێشتر ئەندامی بۆردی جێبەجێکاری پرۆژەی باخچەی جەزرەی نێوەندی تاسڵوجە بووە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو باخچەیە جەزرەیەکی (١٢) کیلۆمەتر بوو، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم پرۆژەیە نەبوونی ئاو بوو، (٨) بیرمان بۆ هەڵکەند بە قووڵایی (١٥٠) مەتر، تەنیا (٣) بیری ئاوی تێدابوو، چونکە ساڵی (٢٠٠٨) ئەم پرۆژەیەمان کرد، ئەوکاتەش وشکەساڵیی بوو لە هەرێمی کوردستاندا، دواتر چووین تەنکەری مەدەنیمان گرت بۆئەوەی چیمەنەکان ئاو بدات، چونکە ئەو چیمەنەی دامانابوو چیمەنی هەمیشە سەوز بوو پێویستبوو هەموو رۆژێک ئاو بدرێت، بەڵام ئەم تەنکەرانەش سوودیان نەبوو، ئێمە چەندجارێک داوامانکرد ئەو جەزرەیە کەمبکرێتەوە، لە ئێستاشدا ئەگەر کەمنەکرێتەوە، پرۆژەکە هەر بە کەموکوڕیی دەمێنێتەوە، کێشەیەکی دیکەی ئەم جەزرەیە نەبوونی ئینارە بوو، داوامانکرد کە ئینارەی بۆ دابنرێت بۆئەوەی هەموو جەزرەکە رووناک بکاتەوە، بەڵام هەر وەکو خۆی مایەوە».

جگەلە هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی جەزرە وەستەی تاسڵوجە لە ئێستادا، جەزرە وەسەتی شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمودیش هەڵدەوەشێنرێتەوەو دووبارە دروستدەکرێتەوە.

کامەران حەمە ساڵح ئاماژەی بەوەکرد: ناوەڕاستی شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (٤٠٠) ملیۆنی تێچووە پێشتر لەسەر بودجەی ئەنجومەنی پارێزگا جێبەجێکراوەو ئەم جەزرەیەش چەند کێشەیەکی هەبوو، یەکێک لە کێشەکانی نەبوونی ئاوی پێویستو خراپیی سیستمی ئاودێرییەکەی بوو لەگەڵ نەبوونی کارەبا بۆ رووناککردنەوەو هەروەها هیچ فوارەیەکی تێدانەبوو، لەم دیزاینە تازەیەدا (٢١) فوارەی تێدایەو رێژەی سەوزاییش کەمدەکرێتەوە، بۆ نوێکردنەوەو چاککردنەوەی پرۆژەکەش بڕی (٢٤) ملیاری بۆ تەرخانکراوە».

# ئاوی خواردنەوەی چۆمان لە پشکنین دەرناچێت



راپۆرتی: ئەحمەد باڵەکی

رۆشنبیرانو مامۆستایانو پیاوانی ئایینی قەزای چۆمان لە کەمپەینێکدا داوای گۆڕینی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی قەزاکەیان دەکەن، چونکە ئاوەکەیان بە پیس دەزانن‌و بە هەڕەشەی دەزانن بۆسەر تەندروستییان.

کەمال حسێن، یەکێک لە رێکخەرانی کەمپەینەکە باس لەوەدەکات: ئەم کەمپەینەمان پێکهێناوە بۆئەوەی بەدواداچوون بکەین بۆ گۆڕینی سەرچاوەی ئاوەکەمان، چونکە ئەم ئاوە ئەگەر وابڕوات تووشی نەخۆشیمان دەکات.

ناوبراو وتیشی: «من خۆم بە چاوی خۆم کرمو مشکم تێیدا بینیوە».

بەپێی رووپێوی کۆمەڵایەتی خێزان لە عێراقدا، کە لەساڵی (٢٠٠٧) بانکی نێودەوڵەتییو وەزارەتی پلاندانانی عێراقو دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئامادەیان کردووە (٩٦,١)ی تاکەکانی هەرێمی کوردستان ئاوێک بۆ خواردنەوە بەکاردەهێنن، کە هیچ چارەسەرێکی پالاوتنی بۆ نەدۆزراوەتەوە پێش بەکارهێنانی.

د.عەبدولڕەحمان حسێن، پزیشک لە بەرێوەبەرێتی تەندروستی چۆمان، بۆ رۆژنامەی پشتڕاستکردەوە، کە سەرچاوەی ئەو ئاوەی کە بۆ چۆمان دێت هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نییەو نە کلۆری تێدەکرێتو نە پالاوگەی بۆ دانراوە.

بەرێوەبەرێتی تەندروستیی چۆمان دوای ئەوەی چەند پشکنینێکیان بۆ ئاوی خواردنەوەی چۆمان کردووەو ئاوەکە لە پشکنینەکان دەرنەچووە.

محەمەد میر، بەرێوەبەری ئاوی چۆمان، لەبارەی پیسبوونی سەرچاوەی ئاوی چۆمانەوە بۆ رۆژنامە وتی: «لەساڵی رابردووەوە بیرمان لە گۆڕینی سەرچاوەی ئەم ئاوە کردووەتەوە، بەڵام بەهۆی بارانبارینو بەفرەوە، کە ئەم شوێنە ناوچەیەکی شاخاوییە، نەمانتوانی کاری تێدا بکەین، ئێستاش کاری تێدادەکەینو وا بڕیاریشە بۆ ماوەی مانگێک تەواوی بکەین.

بەرێوەبەرێتی ئاوی چۆمان لە ئێستادا سەرپەرشتی پرۆژەی گۆڕینی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی چۆمان دەکات، کە (٣٠٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە.

دووساڵ لەمەوبەر سەرچاوەی ئاوی چۆمان لە پرژێ لەلایەن ئەمریکییەکانو حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە بڕی (٢) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دۆلار جێبەجێکرا، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی بارینی بارانێکی زۆر لە ناوچەی باڵەکایەتی سەرچاوەی ئەم ئاوە تێکچووەو ئاوەکەش پیسبووە.




# سەرۆک کۆماری عێراق!



**مەجید ساڵح**

لە پاش هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و دەرکەوتنی دەرئەنجامەکانی‌و دەستپێکردنی وتووێژەکانی پێکهێنانی حکومەت لەلایەن هێزە سیاسییەکانی عێراقەوە، ئەوەی لە راگەیاندنە عەرەبی‌و عێراقی‌و کوردییەکانەوە دەیبیستین ئەوەیە، کە «کوردەکان پێ لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق دادەگرن‌و ئامادەنین دەستبەرداری ببن».

لە هەموو ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ سیاسەتمەدارو پەرلەمانتارو رۆشنبیرانی ئێمەدا دەکرێت، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تەوەری سەرەکی باسەکە دەچێتە سەر ئەوەی کورد هەر پۆستی سەرۆک کۆماری دەوێت‌و لێی خۆش نابێت، بەشێوەیەک ئێستا رای گشتیی عێراقی‌و عەرەبی، کێشەی کورد لە عێراقدا تەنیا بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار دەبینن‌و پێیانوایە: ئەگەر سەرۆک کۆماریی بدرێت بە کورد، ئیتر کێشەی کورد لەم وڵاتەدا کۆتایی پێدێت، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە بەهۆی راگەیاندنەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە خەریکە ئەو بۆچوونە لە کوردستانیشدا تەشەنە دەسەنێت‌و گەلی باشووری کوردستان خواستە سەرەکییەکانیان لەبیر دەکەن‌و وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماریی بۆ کورد لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بە گرنگتر دەزانن.

ئـەوەی راستی بێت، وەرگرتنی پۆستی ســەرۆک کۆمار لـەم خولە پەرلەمانییەدا هەنگاوێکی گرنگەو کەس نکۆڵی لێناکات، چونکە ئەگەر ئەمجارەش ئەو پۆستە بەر کورد بکەوێت، دەکرێت لە داهاتوودا ببێتە نەریت، بەڵام بەپێی دەستووری نوێی عێراق، سەرۆک کۆمار پۆستێکی رەمزییەو دەسەڵاتەکانی بایی ئەوە نییە کورد خۆی پێوە سەرقاڵ بکات‌و ئەو خواستانەی لەبیر بکات کە دەریایەک خوێن‌و فرمێسکی بۆ رشتووەو داروبەردی کوردستانی لەپێناودا سووتاوە.

گریمان ئـەوە عـەرەبـەکـان بـە شیعەو سوننەیانەوە رازی بوون سـەرۆک کۆماری عێراق بدەن بە کورد، بەڵام ئەزموونی شەش ساڵی رابردوو ئەوەمان بۆ دەردەخات سەرۆک کۆماریی چارەسەری دەردەکانی کورد نییە لە عێراق، خۆ لەساڵی (٢٠٠٧) کاتێک مادەی (١٤٠) کۆتایی پێهات‌و نەتوانرا برگەکانی لە کات‌و ساتی خۆیدا جێبەجێبکرێت، سەرۆک کۆماری عێراق کورد بوو!، سەڵاحیەتەکانیشی (بە ڤیتۆکردنی یاساکانی پەرلەمان‌و بریارەکانی حکومەتیشەوە) گەلێک زۆرتر بوو لەو سەرۆک کۆمارەی کە بریارە پاش ماوەیەکی دی دەستبەکاربێت، چیمان چنییەوە لە خولی سەرۆک کۆماریی پێشوو تاوەکو لە داهاتوودا بیچنینەوە؟!.

بە بۆچوونی من، پێداگرتنی کورد لەسەر پۆستی سەرۆک کۆماریی بەم گروتینەی ئێستاو لەبیرکردنی خواستە سەرەکییەکانی کورد لە کوردستانی باشوور، کێشەی کورد لەبەردەم رای گشتیی جیهانی‌و عەرەبی بچووک دەکاتەوە، کێشەکە لە کێشەی نەتەوەیەک، کە دەیەوێت بە ئاشتی‌و ئارامیی لە وڵاتێکدا بژی کە جینۆساید نەکرێت، دەکاتە کێشەی کۆمەڵێک سیاسەتمەدار، کە بەدوای پۆست‌و مەنسەبدا دەگەرێن، ئەگەر پێیان درا، وڵات شامی شەریفەو ئەگەریش بێبەشکران لێی، شۆڤێنییەت‌و بەعسیزم باڵادەستە تێیدا.

# حیکایەتی نەوتی هەرێم



**پشتیوان ئەحمەد**

دەستووری عێراق بەشێوەیەکی گشتیی لـە قـازانـجـی خـەڵـکی کوردستانی عێراقە، لەبەرئەوەی موشەریعی کورد شانبەشانی شیعە رۆڵـی سـەرەکییان لە دارشتنیدا بینی، عەرەبی سوننە لە کۆتاییەکەیدا چەند تێبینییەکیان خستە سەر، لەوانە مادەی (١٤٢)، بۆیە دەبێت دەسەڵاتی کوردستانیی پتر لەلایەنەکانی دیکە پشت بە دەستوورەکە ببەستێت، بەڵام بەداخەوە لە واقیعدا وانییە، یەکێک لەو پێشێلکارییانەی دەسەڵات لە هەرێم کردی‌و دەیکات، ئیمزاکردنی بۆندی نەوتییەو ناردنە دەرەوەیەتی بەبـێ ئاگاداری حکومەتی فیدراڵـیـی لە بەغدا، ئەز وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق- خولـی یەکەم، هەرزوو دژی ئەو بۆندە نەوتییانە هاتمە گۆ، نەک بەزمانی عەرەبـی‌و لە بەغدا، بەڵکە لەنێو هاورێکانم لە هاوپەیمانیی کوردستانی‌و لەسەر لاپەرەکانی رۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان لەوانە: (چاودێر، هاوڵاتـی، رۆژنامە، میدیاو ئاوێنە) مەبەستیشم لەو کارە ئەوەبوو، کە دەبێت روون‌و راستگۆبین لەگەڵ میللەتەکەمانداو نابێت هەوڵـی چەواشەکردنیان بدەین.

لە مەسەلەی نەوت‌و وەبەرهێنانی، دەستوور زۆر روونەو لە مادەکانی (١١١)و (١١٢) ئـامـاژەی پێداوە، مادەی (١١٢)، کە لە یەکەم‌و دووەم پێکهاتووە، هەرگیز باسی ئەوەی نەکردووە هەرێمێک، یان پارێزگایەک بـۆی هەیە بە ئـــارەزووی خۆی بۆندی نەوتی ئیمزا بکات، بەڵکو لە یەکەم‌و دووەمی ئەو مادەیە ئاماژە بەوە دەکات: دەبێت ئەو پرۆسیسە بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵـی ئەنجام بدرێت، لە دەستووری هیچ وڵاتێکی فیدراڵـیی، حەق نـەدراوە بـە هەرێمێک، یـاخـود کانتۆنێک بەئارەزووی خۆی بۆند ئیمزا بکات‌و بازرگانیی پێوە بکات.

ئەم بۆندانەی هەرێم گەورەترین کێشەی لـە عـێـراق دروسـتـکـرد، وایکرد لە دۆستەکانمان، ئەوانەی خەمخۆری کوردو فیدراڵـیی بوون لە هەردووکیان پەژیوان ببنەوە، لەوانە وائل عەبدوللەتیف، ئەندامی پەرلەمان‌و ئەندامی پێشووی مەجلیسـی حوکم‌و شارەزا لە بواری یاسا، دەیوت: ئەگەر ئەوەی ئێوە دەیکەن فیدراڵییەتە ئەوە ئێمە رایدەگەیەنین، کە پەژیوانین لەم فیدراڵییەتە، جارێکیان مەهدی حافز، رووناکبیرو ئابووریناس‌و نووسەر لە هۆڵـی پەرلەمان دەستیکرد بە پارانەوە لە کورد، کە واز لەو بۆندانە بهێنن. ئێستاکە بە بەرچاوی دونیاوە رۆژانە سەدان تەنکەر ریزدەگرن‌و لە خاڵە سنوورییەکانی باشماخ‌و پەروێزخان‌و ئەوانی دیکەوە، نەوتی هەرێم رەوانەی ئێران دەکەن.

خـەڵـکـی کـوردسـتـان نـازانـن ئـەم نەوتە ئاودیو دەکـرێـت، کـێ دەیکات‌و بۆ کاملا دەروات‌و بە چەند دەفـرۆشـرێـت‌و پـارەکـەی دەچێتە کوێ؟! لەکاتێکدا گرنگترین بابەت لە پەیرەوکردنی سیستمی دیموکراتی شەفافیەتە، چونکە دیموکراسی لە پێناسە سادەکەیدا، دەسەڵاتی گەلە، بۆیە دەبێت گەلـی کوردستان ئاگای لە وردەکاریی ئەم کێشەیە هەبێت، وەلـێ بـەداخـەوە نە گەلەکەمان بەگشتیی‌و نە ئۆپۆزسیۆن‌و میدیای سەربەخۆ بەتایبەتی ئاگایان لەم کارە نییە!!

لـە وەڵامـێـکـی رۆژنـامـەی هاوڵاتی* ئاشتی هەورامی، وەزیری موخەزرەمی سامانە سروشتییەکان رەوانەکردنی نەوت بۆ ئێران دەخاتە ئەستۆی حکومەتی عێراق، دواییش دەڵـێـت: (هـەرچـەنـدە لەروانگەی دەستوورییەوە مافی ئەوەمان هەیە موشتەقاتی نەوت بە تەنکەر بنێرینە دەرەوە) دیـارە بەرێزی مەبەستی دەسـتـووری عـێـراقـە، چونکە لە هەرێم تائێستا دەستوورمان نییە، لەکاتێکدا دەستووری عێراق هیچ رێگەیەکی بە هەرێمێک، یاخود پارێزگایەک نـەداوە بەئارەزووی خۆی هەستێت بە ناردنەدەرەوەی نەوت بەموشتەقاتەکەیەوە، دەستوور لەم بارەیەوە روونە، مادەی (١١٠) دەڵێت: (بازرگانی دەرەوەی سیادی (التجارە الخارجیە السیادیە) لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵییە) دیارە بازرگانی سیادی، مەبەستی نەوت‌و کانزاکانە نەوەکو خواردەمەنی، یان شتومەک.

کاتێکیش لە بەسرە ئـەو کارە ئـەنـجـامـدرا، مالیکی بەهێزێکی زەبەلاحەوە رووەو بەسرە بووەوەو بارودۆخی ئەوێی چاککردەوە، بەڵام لە بەرامبەردا باجی قورسیشی دا، لەوانە دژایەتیکردنی ئێران‌و سوپای مەهدی مسۆگەر کرد.

پێش هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧ بەرپرسێکی حیزبێکی کوردستانی سەردانی مالیکی دەکـات، هەندێک گلەیی لێدەکات، لەوەی کەمتەرخەم بووە بەرامبەر خواستەکانی کوردو جێبەجێکردنی دەستوور، لەوەڵامدا مالیکی بیست سەرپێچـی دەستووری لەلایەن سـەرکردایەتی کـوردەوە ئەژمار کردووە، لەوانە وتوویەتی: ئەمە راستە رۆژانە هەزاران تەنکەر نـەوت لـە هـەرێـمـەوە ئـاودیـوی ئێران دەکـرێـت بەبـێ ئاگاداریی دەسەڵاتی فیدراڵـیی؟ کەچی وەزیری سامانەسروشتییەکانی حکومەتی هـەرێـم دەڵـێـت: ئـەو نـەوتـەی لە هەرێمەوە ئاودیوی ئێران دەکرێت کـاری حکومەتی عـێـراقـە، بـەڵام لـەراپـۆرتـەکـەی نیویۆرک تایمز وتوویەتی: ئەو نەوتەی دەبرێتە ئێران لەلایەن هەفتا پـاڵاوگـەوە بەرهەم دەهێنرێت، لەهەمانکاتدا موعتەسەم ئەکرەم، بریکاری وەزارەتی نەوتی عـێـراق، دەڵـێـت: وەزارەتـەکـەیـان هیچ زانیاریی نییە لەبارەی ناردنە دەرەوەی ئـەو نەوتە، ئاشکراشە کاک موعتەسەم سەر بە کوتلەی دەسەڵاتە، نەک ئۆپۆزسیۆن.

گریمان قسەکانی جەنابـی وەزیر راستەو ئەو نەوتە لە عێراقی عەرەبەوە دێت‌و لە هەرێمەوە بەقاچاخ رەوانەی ئێران دەکرێت. حکومەتی هەرێم چۆن رێگە لەو کارە دزێوە ناگرێت؟

نوێنەرانی کـورد لە دەسەڵاتی فیدراڵـیی لە بەغدا بۆ هەڵوێست دەرنابرن‌و بۆ هەڵوێست وەرناگرن؟ بۆ روونکردنەوە نادەن؟ ئاخر ئەوان ئاگایان لە ئەولاو ئەملا هەیە؟؟

* هـاوڵاتـی: ژمـــارە (٦٤٥) چوارشەممە ٢٠١٠/٧/١٤

# حیزبی بەر سێبەر



**داهێن هاشم**

لەم رۆژانەدا باسی میدیای سێبەرو ئەو سامانەی لەمجۆرە میدیایەدا بەبێ هیچ یاساو هۆکارێکی رازیکەر خەرجدەکرێت، سەرنجمان بۆ قسەکردن لە سێبەرەکەو هەموو ئەوانەش رادەکێشێت، کە لەم سێبەرەدا مۆڵدراون.

سایەو سێبەر لە دەسەڵاتێکی دیموکراسیدا پێویستە بە یاساو پێوەرەکانی رێکخستن‌و سیستم بۆ هەمووانی وەک یەک بێت، بەپێچەوانەوە لە نەبوونی دەسەڵاتێکی دیموکراسی‌و یاساو دادپەروەریدا بەشێکی زۆری تاک‌و دامـەزراوەکـان لە سایەی سێبەریدا وەدەردەنرێت، سێبەری دەسەڵات دەبێتە مەیدانێکی فراوان بۆ لەشکرێکی گەورەی مشەخۆر لەوانەی دەبنە پاسەوان‌و پارێزەری دەسەڵات.

ئەو سێبەرەی کە ئێمە رەخنەی دەکەین بەوەی، کە سەدان کەناڵی میدیا بەبێ پێوەری یاسایی کۆمەک دەکات، سێبەرێکە جگە لە لەشکرە راگەیاندنەکەی، جۆرەها لەشکری دیکەی لەخۆگرتووە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو کۆمەکەی کە بۆ میدیاکەی دەیکات کارەساتێکی گەورەترە، لە سەروو لەشکری میدیاوە، ژمارەیەکی زۆر حیزبی سیاسی‌و رێکخراوی رۆشنبیریی هەیە، کە بودجەو بارەگاکانیان نزیکە لە ژمارەی ئەندام‌و چالاکییەکانیان لەم سێبەرەدا، لەشکری حیزبی سێبەر یان حیزبی بەر سێبەر بابەتی ئەوەیە قسەی لەبارەوە بکرێت.

حیزبی سیاسیی، لە کۆمەڵگەی تەندروستدا کۆمەڵێک ئەرکی گرنگی لە ئەستۆیەو بە بەرنامەیەکی سیاسیی راگەیاندراو کاریان بۆ دەکات، حیزبێک ئەگەر بەشدار نەبێت لە دەسەڵاتی حکومەتدا لانیکەم یەکێک لە ئەرکەکانی چاودێریکردنی دەزگاکانی دەسەڵاتی سیاسی‌و هەوڵدانە بۆ چاکسازیی‌و دۆزینەوەی رێگای باشتری پەرەپێدانی هۆشیاریی سیاسیی، ئابووریی‌و بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن بە ئامانجی گرتنەدەستی دەسەڵات.

یەکێک لە پێناسە باوەکان دەربارەی حیزبی سیاسیی ئەوەیە: (گروپێکی رێکوپێکەو خاوەن سەربەخۆیی خۆیەتی‌و هەڵدەستێت بە دیاریکردنی پاڵێوراوەکانی‌و دەچێتە هەڵبژاردنەوە، بەهیوای بەدەستهێنانی پلەوپایەکانە لە حکومەتداو کۆنترۆڵکردنی نەخشەو پلانەکانی حکومەت)، یان وەک روبـەرد م.ماکیفر دەڵێت: حیزب ئامرازی دیموکراسی نوێیە.

حیزب لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا ئامرازە نەک ئامانج، هەوڵدەدات چارەسەری خەم‌و گرفتەکانی کۆمەڵگە بکاتە ئەرک‌و ئامانجی خۆی، نەک خۆی ببێتە ئەرک بەسەر کۆمەڵگەوە.

بەپێی بەڵگەنامەیەک کە ماوەیەک لەمەوبەر بڵاوکرایەوە، ژمارەی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان (٣٩) حیزبەو تێکرای بودجەی مانگانەیان (٨٥) ملیۆن دۆلارە بە یەکێتی‌و پارتییەوە، بێگومان بەشێک لەو حیزبانە ناچنە ناو چوارچێوەی هیچ پێناسەیەکی حیزبەو لە بودجەی گشتیی وڵاتیشدا بەبێ یاسا کۆمەک دەکرێن، چونکە دروستکردنی ئەم حیزبانەش وەک ئەو میدیایەی ناوی سێبەرە، ئامانجی دەسەڵاتە، دەکرێت ئەوانیش بە حیزبی سێبەر یان حیزبی بەر سێبەر بناسێنرێن.

حیزبی سێبەر، بە ئامانجی رووکەشکردنی دیموکراسی، نیشاندانی سیمای فرەحیزبی لە وڵاتدا دروستکراون، ئەم حیزبانە کە بریتین لە گروپێکی چەند کەسی لەشێوەی حیزبە گەورەکان هەیکەلیان بۆ دانراوەو سەرۆک‌و سەرکردایەتییان هەیە، سەرۆک خۆی خاوەنی یەکەم‌و کۆتایی ئەو گروپەیە، کە بە حیزب دەناسرێت‌و مۆڵەت‌و بودجەی مانگانە لە حکومەت وەردەگرێت، ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات‌و ئەو کەسانەیە کە لە دەوری کۆبوونەتەوە، لەکاتی نەمانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکاندا بەهۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی فیکریی لێکهەڵدەوەشێن، ئینجا سری پڕ لە کارەساتیان دەکەوێتە بازارەوە.

سـەرۆک لەناو ئەو دەستەو تاقمانەدا جیاواز لە سەرۆکی باوک بێ کێشەترین کائینی سیاسییە، چونکە ئەو نە بیردەکاتەوە نە بریاریش دەدات، لە جیاتی ئەو بیردەکرێتەوەو بریارەکانیش دراون، یەکێک لە ئارەزووەکانی سەرۆک، لێدوان‌و قسەی ساردە بۆ میدیاکان، تەنانەت نەشرەی مەکتەبێکی ناوەندیش داوای لێبکات بێ دوودڵیی ئەم ئارەزووەی بەدی دێنێت، لە پرۆسە دیموکراسییەکان‌و ململانێی هەڵبژاردنەکاندا ئارەزووی تەوافوقی سیاسیی بەبێ مەرج لەگەڵ دەسەڵاتدا دەکات‌و بە هەموو مەرجێکیش رازییە.

ئاخر حیزبێک لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا بە قەدەر ژمارەی مووچەخۆرەکانی خۆی دەنگی نەهێنابێت، حیزبێک لەو هەموو کێشە ئیداریی‌و سیاسییەی لەم وڵاتەدا هەیە هیچ رۆڵ‌و هەڵوێستێکی نەبێت، زەروورەتی حیزبێکی لەمشێوەیە چییە؟، چ رەوایە لە بودجەی گشتیی وڵات سەدان ملیۆن دینار وەربگرێت‌و قروقەپ هەڵیلوشێت.

سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: لە هەرێمی کوردستان دروستکردنی حیزب جۆرە کاسبییەکە کۆمەڵێک کەس فێری بوون.

کاتێک باسی بودجەی زۆری میدیای سێبەر هاتە ئاراوە، یەکێک لە راوێژکارەکانی سەرۆکی حکومەت ئەمەی بە دەرفەتێک زانی بۆ پێداچوونەوە بەو هەڵەیەی کە چەندین ساڵە درێژەی هەیە.

دەرفەت لەبەردەم حکومەت زۆرە بۆ چاکسازیی‌و ریفۆرمی سیاسیی، بەتایبەتی لەدوای سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنەوە، زۆرجـار دەبیستین هێزەکانی دەسەڵات بانگەشەی چاکسازیی دەکەن‌و لەبارەی نارەزایەتییەکانی خەڵک‌و هۆکارەکانی پرسیار دەکەن، بەڵام تا سێبەری ئەم دەسەڵاتە ئاوا پربکرێت لە گەندەڵیی‌و گرتنەخۆی گروپی مشەخۆری بێبەرهەم، ئـەوا نە چـاوەرێـی چاکسازیی‌و نە چاوەرێـی کەمبوونەوەی نارەزایەتییەکانیش دەکرێت.

پەکەکەو قەندیل دوو چەمکی هاوتای یەکن لە شۆڕش‌و خۆڕاگریدا 22

# حیزب، وەرزشیشی پەکخست

راپۆرتی: هەنگاو هاشم ، هەولێر

لە هەرێمی کوردستان، وەرزشیش لەلایەن حیزبەوە قۆرغکراوەو مامۆستایەکی زانکۆش ئاماژە بەوە دەکات؛ دەستوەردانی حیزب، وەرزشی تووشی «شەلەل» کردووە.

کارزان جەوهەر، یەکێکە لە وەرزشوانە میللییەکانی شاری هەولێر، بە رۆژنامەی راگەیاند: وەرزش لەلایەن حیزبەوە دەستی بەسەرداگیراوە، بەجۆرێک کە ئەگەر بێت‌و بمانەوێت یاری بکەین، لەو یاریگا بچووکانەی کە لە گەڕەکەکاندا دروستکراون، دەبێت ببین بە حیزبیی، ئەگینا مافی یاریکردنمان لەو یاریگایانەدا نییە.

باس لەوەشدەکات؛ ئەگەر بمانەوێت یاری بکەین لەو یاریگایانەی کە دروستکراون، دەبێت تیمێک پێکبهێنین‌و ژمارەمان (٢٥) کەس بێت‌و بیانبەین بۆ رێکخراوێکی پارتی، فۆرمی بەشداربوونمان بۆ پڕبکەنەوەو بمانکەن بەحیزبیی.

رێکخراوەکانی سەر بە حیزبیش، ئەوە ناشارنەوە کە بۆ یاریکردن لە یاریگاکاندا مەرجی پڕکردنەوەی فۆرمیی ئەندامێتییان هەیە.

لەبەرامبەردا، ئومێد خۆشناو، بەرپرسی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، وتی: لەشاری هەولێر کۆمەڵێک یاریگا هەن کە لە شوێنە حکومییەکاندان، هەروەها یەکێتیی لاوان (٢٢)یاریگای فریزی (٦) یاریزانی‌و (٩)یاریگای (١١)یاریزانی خۆڵ‌و (٢)یاریگای (١١)یاریزانی فریزی دەستکردی هەیە، کە بەشێک لەم یاریگایانە لەلایەن یەکێتیی لاوان‌و بەشێکیان لەلایەن حکومەتەوە دروستکراون‌و یەکێتیی لاوان سەرپەرشتییان دەکات.

وتیشی: ئەگەر هەر تیپێک بیەوێت یاری لەم یاریگایانەدا بکات‌و مۆڵەتی تیپ وەربگرێت، لەپێناوی یاری لەم یاریگایانەدا، بە راشکاوی پێی دەڵێین، پێویستە فۆڕمی بەشداربوون لە یەکێتیی لاوان پڕبکەنەوە، کە یەکێکە لە مەرجەکانی مۆڵەت وەرگرتن، هەروەها پێویستە ئەم تیپە (٢٢)یاریزان‌و (٣) دەستەی کارگێڕیی هەبێت.

پسپۆڕانی وەرزشیش پێیانوایە، دروستکردنی یاریگا وەرزشییەکان لەلایەن حکومەتەوە، بۆ بەحیزبیکردنی وەرزشکارانە.

رزگار مەجید، مامۆستای پەروەردەی وەرزش لە زانکۆی کۆیە، دەڵێت: ئەو یاریگا بچووکانەی کە دروستکراون بۆ مەبەستی راکێشانی وەرزشدۆستانن بۆ بەحیزبیبوون، بەجۆرێک کە ئەگەر ئەندام نەبیت لەیەکێک لەحیزبەکاندا، بۆت نییە بەشداریی لەخولەکاندا بکەیت، هەروەها دەستێوەردانی حیزب لە وەرزش وایکردووە لە هەرێمی کوردستان وەرزش تووشی شەلەل ببێت، بەهۆی ئەوەی حیزب دەست لە وەرزش وەردەدات‌و رێگە بەهەموو کەس نادات لەم بوارەدا بەشدار بێت، دەبینین چەند کەسێک لە یانە گەورەکانی تۆپی پێی کوردستان کوردن، ئەوانی تر بیانین.

ئاماژە بەوەشدەکات: وەرزش لەکوردستان دابەشکراوە بۆ سەر هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، تەنانەت لە زانکۆو کۆلێژەکانی پەروەردەی وەرزشی، حیزب دەستکاریی هەموو کارەکانی وەرزش دەکات، ئەگەر بێت‌و کەسێکی بەتوانا بیەوێت ماستەرو دکتۆرا بخوێنێت، ئەگەر لەلایەن کۆمیتەو لقی زانکۆکانەوە پەسند نەکرێت، وەرناگیرێت، بۆیە تا ئێستا وەرزش پێش نەکەوتووە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ، وتیشی: لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، شەرعییەتی نییە، لەبەرئەوەی پەرلەمانی کوردستان دان بە لیژنەی ئۆلۆمپیدا نانێت، چونکە هیچ یاساو نووسراوێک نییە کە چۆنێتیی لیژنەی ئۆلۆمپی روونبکاتەوە، چونکە داڕشتنی لیژنەی ئۆلۆمپی لەسەر بنەمای حیزبییەو پلەو یەکێتییە وەزرشییەکانیان لەنێو خۆیاندا دابەشکردووە.

هێمن فەرید، یەکێک لە وەرزشکارەکانی شاری هەولێرە، کە خاوەنی (١٢)میدالیای زێڕەو (٤٢)جار لەسەر ئاستی کوردستان یەکەم بووەو هەروەها (١٢)جار لەسەر ئاستی عێراق یەکەم بووەو (٥٠) بڕوانامەی نێودەڵەتی هەیە، بە رۆژنامەی راگەیاند: وەرزش بە ئیتیفاقی هەردوو حیزبی دەسەڵاتە، بۆنموونە لیژنەی ئۆلۆمپی لەسەرەتای دروستبوونییەوە بە رێککەوتنی یەکێتی‌و پارتی دانراو دروستبوو، (٣) یەکێتیی وەرزشی هەن، سەرۆکەکانیان هەموو بە تەزکیەی حیزبیی دانراون.

هەروەها تیشکیش دەخاتە سەر ئەوەی کە لەهەموو دنیادا لیژنەی ئۆلۆمپی لە رێگەی هەڵبژاردنەوە نوێنەرەکانی دەستنیشاندەکرێت، بەڵام لێرە ئەگەر کەسیک حیزب پاڵپشتی نەکات، بەهیچ جۆرێک ناتوانێت پۆستێکی وەرزشی وەربگرێت، ئێستا بەدەیان وەرزشکارمان لەماڵەوە دانیشتوون‌و لەبەرئەوەی حیزبیی نیین، پلەیان پێنادرێت، بۆیە بەهرەکانیان دەبەنە ژێرگڵ، کەچی عێراق لەوبارە ناخۆشەی کە تێیدایە، بەڵام بە هەڵبژاردن ئەندامەکانیان دانراون.

هێمن، ئەوەشی خستەڕوو: یاریزان‌و راهێنەری زۆرباشترو بەرچاوتر هەن، بەڵام جێگایان نابێتەوە لەناو لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستاندا، چونکە لەسەر بنەمای حیزبیی خەڵک دادەنرێت، نەک لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی‌و پسپۆڕیی.

> یەکێتیی لاوانی پارتی، دەستی بەسەر (٣٣)یاریگادا گرتووە

# نەبوونی بودجە، یانەکانی سلێمانی بەرەو داخستن دەبات

راپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر

یانە وەرزشییەکانی سلێمانی بەهۆی نەبوون‌و کەمیی ئەو بودجەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆیان تەرخاندەکات، ناتوانن بەشداریی پاڵەوانێتی‌و خولەکان بکەن‌و هەندێکیشیان بەرەو داخستن دەچن.

ئاوات ئەحمەد، راهێنەری تۆپی دەستی یانەی وەرزشیی سلێمانی، پێیوایە: جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان بودجەی یانە وەرزشییەکانی سلێمانی‌و هەولێرو دهۆک، دەڵێت: «ئەوان بودجەکەیان خەیاڵییەو لەلایەن حیزبەوە یارمەتییەکی باش دەکرێن‌و گرێبەستی یاریزانەکانیان خەیاڵییەو یاریگاو هۆڵی داخراویان بۆ کراوە».

حیزبە باڵادەستەکانی هەرێم وەک زۆر بواری دیکە دەستیان خستووەتە ناو بواری وەرزشەوە لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش لە رێگەی سەرۆکی یانەکانەوە، کە زۆربەی سەرۆک یانەکانی هەرێم پۆستێکی حیزبیشیان هەیەو تەنیا کۆمەکی ئەو یانانە دەکەن کە لە خۆیانەوە نزیکن.

سەلاح محەمەد کەریم، ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە یانەکانی سلێمانی جیاواز لە شارەکانی دیکەی هەرێم بەدەست کەمیی بودجەوە دەناڵێنن‌و دەڵێت: «یانەکان بودجەیان کەمەو لەبەر بێبەرنامەیی یانەکان بودجەکەیان بەشی یاریزانەکانیان ناکات، ئەمەش تووشی قەرزارییان دەکات».

لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە (٦٥) یانە بوونی هەیە، لەو رێژەیەش (٢٧) یانەیان دەکەوێتە سنووری پارێزگای سلێمانییەوە، سەلاح محەمەد باس لەوەش دەکات، کە رێژەیەکی باشیان یاریگایان هەیە، جگە لە یانەکانی (عەربەت‌و کفری‌و شارەزوورو سەرچنارو چەند یانەیەکی دیکە.

یانەی بەختیاری یەکێکە لە یانەکانی شاری سلێمانی‌و مانگانە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە (٣) ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزار دیناری بۆ تەرخانکرابوو، بەڵام لە مانگی (٢٠٠٩/٨) دا بودجەکەیان راگیراوە.

نەجات عەبدولڕەحمان، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی یانەی بەختیاری، باس لەوە دەکات، کە بودجەکەیان لەسەر ئەوە بڕدراوە کە یانەکەیان یاریگای نییە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: «یانە هەبووە وەک ئێمە یاریگای نەبووەو بودجەکەشی نەبڕدراوە، چونکە حیزب پشتیوانیی کردووە».

کەمیی بودجە وای لە یانەکانی سلێمانی کردووە کە نەتوانن بەشداریی هەندێک پاڵەوانێتی‌و خولی وەرزشی بکەن، کە لەسەر ئاستی عێراق بکرێت، یان لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، ئەمەش ئاستی یانەکانی دابەزاندووە.

نەجات عەبدولڕەحمان ئاستی یانەکان دەبەستێتەوە بەو هاوکارییە مادییەی حکومەتی هەرێم بۆ یانەکانی تەرخاندەکات‌و دەڵێت: «یانە هەیە یاریگای هەیە، بێگومان ئاستی بەرەو بێشەوە دەڕوات، بەڵام ئێمە بودجەکەمان (٣) ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزارە نازانین پارەی یاریزانی لێبدەین، یان منداڵی وەرزشکار پێبگەیەنین، ئایا یاریگا بە ئەو پارەیە دروستدەکرێت؟».

راهێنەری تۆپی دەستی یانەی وەرزشی سلێمانیش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە نەبوونی یاریگاش کێشەیەکی گەورەی یانەکانەو باس لەوە دەکات: یانەکانی سلێمانی زۆربەیان بێبەشن لە یاریگای داخراو، بۆیە لە وەرزی زستاندا تەنیا لە رۆژە خۆشەکاندا دەتوانن راهێنان بکەن.

یانەکانی سلێمانی چاویان بڕیوەتە یانەی وەرزشی هەولێرو دهۆک، کە ئێستا لەسەر ئاستی عێراق یانەی هەولێر لە پلەی یەکەمدایە، هۆکاری ئەم پێشکەوتنەشی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو پشتیوانییە داراییەی لەم یانەیە دەکرێت.

ئەندامەکەی مەکتەبی تەنفیزیی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، پێیوایە: یانەکانی سلێمانیش لەلایەن حکومەتەوە هاوکارییان کراوەو دەڵێت: ناتوانین بڵێین ئیشیان بۆ نەکراوە، بەڵام ئەوان گلەییان ئەوەیە کە پارەکەیان کەمە لەچاو ئەوەی بەشداریی پاڵەوانێتییەکان دەکەن.

لەبارەی ئاستی یانەی هەولێرو ئەو پشتیوانییە داراییەی لێیدەکرێت، مامۆستا سەلاح دەڵێت: «یانەی هەولێر بەهۆی بەشداریکردنی لە پاڵەوانێتی عێراق‌و ئاسیا، یارمەتییەکی زۆری لەلایەن حیزبەوە دەدرێت، هەروەها یانەی دهۆکیش بەهەمانشێوە».

حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە لەلایەن وەزارەتی وەرزش‌و لاوانەوە بودجە بۆ یانەکانی هەرێمی کوردستان تەرخاندەکات، کە بودجەکانیش لەنێوان (٣-٣٠) ملیۆن دیناردایە، کە ئەمەش بەشی کارەکانیان ناکات.

لە هەموو کەس زیاتر یاریزانی یانەکان زەرەرمەند دەبن لە کەمیی بودجەی یانەکانیان، لەم رووەشەوە ئاکۆ عومەر، یاریزانی یاری تۆپی دەست لە یانەی سلێمانی، داوادەکات یانەکان لەژێر دەستی حکومەت‌و حیزب بێنە دەرەوەو لەلایەن کەسانی ئەهلی‌و سەرمایەدارەوە بەڕێوەببرێن.

> «یانە هەبووە وەک ئێمە یاریگای نەبووەو بودجەکەشی نەبڕدراوە چونکە حیزب پشتیوانیی کردووە»



# پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە بەرژەوەندیی کێدان؟

ئازاد کەریم

بێویژدانییە ئەگەر پێمانوابێت، ئەو دەیان هەزار یەکەی نیشتەجێبوونەی لەماوەی یەک دوو سالی رابردوودا لەلایەن کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرەوە دروستکراون، ئاسۆیەکیان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بەدیارنەخستووەو

لەوەش بێویژدانیتر ئەوەیە کە پێمانوابێت، سەرجەمی ئەو پرۆژانە تەنها لە بەرژەوەندیی چەند کەسێکی دیاریکراو دروستکراون‌و هیچ سوودێکیان بەچینی هەژاران‌و کەمدەرامەتان نەگەیاندووە.

ئەوەی هانیدام کە ئەم چەند دێرە بنووسم، سەرنجی هەندێک پسپۆڕی ئابووریی‌و هەندێک کەسە، کە رەنگە پسپۆڕیش نەبن کە جاروبار لە رێگەی چاوپێکەوتن‌و وتارەکانیانەوە لە رۆژنامەکاندا لەسەر پرۆژەکانی بواری نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بڵاوی دەکەنەوەو هەندێکیان بەبێ قولبوونەوەو لێکۆڵینەوەیەکی جدیی لەسەر ئاستی ئەو پرۆژانە، هێڵێکی راست‌و چەپ بەسەر سەرجەم پرۆژەکاندا دەهێنن‌و پێیانوایە، تەنها شتێک کە ئەو پرۆژانە نەیانتوانیوە بیکەن، چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوونە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، زۆربەی ئەو بەرێزانەی کە لەبارەی ئەو پرۆژانەوە دەنووسن، تەنها نموونەی چەند پرۆژەیەکی دیاریکراو دەهێننەوە کە نرخەکانیان بۆ کەسانی هەژارو کەمدەرامەت دەست نادات‌و زیاتر بۆ چینی مامناوەندو بەرەو ژووورە، بەبێ ئاماژەدان بەو دەیان هەزار یەکەی نیشتەجێبوونەی کە لەماوەی کەمتر لە دوو سالی رابردوودا لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە دروستکراون، کە هەزاران کەسی هەژارو کرێچی‌و کورو کچی گەنجی دەستگیراندار سوودیان لێ بینیون.

ئایا ئەگەر خێزانێک بە پێشەکی تەنها (٢٢٠٠ دۆلار) ببێتە خاوەن شوقەیەکی تەواوو پڕمواسەفات‌و نوێ‌و باقی پارەی شوقەکەش، کە تەنها پارەی زەوییەکەی دەکات، بەقیستی دە ساڵ بداتەوە، بۆچی ناتوانین بڵێین چینی هەژاران سوودیان لەو یەکانە وەرنەگرتووە؟ کە مانگانەی قیستەکانیان نیوەی کرێی خانوویەکی کۆنە کە مانگی (٢٠٠ ـ ٣٠٠ دۆلار) دەدەن.

ئایە ئەگەر خێزانێک بەدرێژایی دە ساڵی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی، لەکرێچێتیدا ژیابێت‌و ئێستاش بستێک زەوی شک نەبات لەم هەرێمەداکە بڵێت، ئەوە زەوی منە، بۆچی خراپە کەمتر لەو کرێیەی دەیدا بەخاوەن خانوو، ئێستا بیدات بە کۆمپانیایەک کە شوقەیەکی بۆ دروستکردووەو بۆخۆشی ببێت بەخاوەنی تەواوەتی شوقەکە؟

ئەمە جگە لەوەی کە بەهۆی ئەو کێبڕکێیەی لەنێوان کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە هاتووەتە کایەوە، زۆربەی کۆمپانیاکان بەنیازن لەمەودوا بەبێ پێشەکی شوقە بدەن بە هاوڵاتییان.

بەبۆچوونی من، کێشەکە لەوەدایە کە بەشێکی ئەو ئابووریناسە بەرێزانەی لەسەر ئەم بوارە دەوەستن، تەنها سەرنجیان لەسەر لایەکی هاوکێشەکەیە، کە ئەویش ئەو قازانجە مادییەیە کە خاوەن یەکەکانی وەبەرهێنان لەو پرۆژانە دەستیان دەکەوێت‌و کەمتر لەسەر لاکەی تری هاوکێشەکە دەوەستن، کە ئەویش سوودمەندبوونی ئەو دەیان هەزار کرێچی‌و دەزگیراندارەیە کە هەر بەراستی هەندێکیان وەک فریادڕەس لەو پرۆژانە دەڕوانن.

لێرەدا رستەیەکی کتێبی (Common sense ecomomics)ی هەر سێ ئابووریناسی ئەمریکی (دکتۆر جەیمس گۆرتنی‌و ریچارد سترۆپ‌و دوایت لی) م بیردێتەوە، کە راستکردنەوەیەکی زۆر جوانی ئەو هاوکێشەیەمان پیشاندەدەن‌و لەشوێنێکی کتێبەکەدا ئاماژە بەوە دەکەن، ئەو کەسانەی هەوڵی زیادکردنی سەرمایەی خۆیان دەدەن، بە ناڕاستەوخۆ سەرمایەی خەلکانی دیکەش زیاد دەکەن، چونکە ئەوان بە پرۆژەکانیان هەلی کارکردن بۆ ژمارەیەک خەلکی زۆر دابیندەکەن‌و بەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی دەکەن، سوودێکی گەورە بەکەسانی تر دەگەیەنن‌و بەمشێوەیەش کاریگەرییەکەیان بەشێوەی شەپۆلێکی بازنەیی بڵاودەبێتەوە، نەک ئاڕاستەی تیرێکی راستڕەو.(١)

لەلایەکی ترەوە، ناکرێت ئەوە نادیدە بگرین کە زۆرێکی ئەو پرۆژە نیشتەجێبوونانەی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا لەلایەن کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرەوە دروستکراون، جگە لەو بەرەوپێشچوونەی کە لە بواری نیشتەجێبووندا هێناویانەتە کایەوە، گۆڕانکارییەکی نەوعیشیان لەشێوەی ژیان‌و کلتوورو فەرهەنگی ئەو کەسانە دروستکردووە کە تیایدا نیشتەجێبوون، کە ئەمەیان بۆ خۆی پێویستی بەتوێژینەوەیەکی سەربەخۆو تێروتەسەلە.

لێرەدا دەمەوێت تیشک بخەمە سەر خاڵێکی تری گرنگ سەبارەت بە سوودی ئەم پرۆژانە جگە لە زیادکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، ئەویش بەگەڕخستنی سەرمایەیەکی زۆرو دەستی کارێکی زۆرە کە لە هەندێک کۆمپانیادا هەزاران کرێکارو وەستاو بەلێندەر کاردەکەن.

ئەمە سەرباری جوانکردنی سیمای شار، هەر بۆ نموونە ئەگەر هەر کەسێک سەیرێکی ئەو گەڕەکانە بکات کە (٢٠ ساڵە) حکومەت زەوی دابەشکردووە بەسەر هاوڵاتییانداو تا ئێستا خزمەتگوزارییان نییەو لەسەر شێوازێکی زۆر نامۆدێرن دروستکراون، لەولاشەوە سەیرێکی پرۆژە وەبەرهێنەرەکان بکات، ئەوە بێگومان جیاوازی ئەو دوو جۆرە کارە دەبینێت.

لێرەدا، دەمەوێت بەتایبەتی لەسەر خاڵێکی تری گرنگی شاری سلێمانی قسە بکەم، بەو پێیەی خۆم لەم شارەدا دەژیم، ئەویش بەرەودواچوونی ئەم شارەیە لە رووی جوانکاریی‌و بونیادنان‌و تەلارسازیی‌و خزمەتگوزارییەوە، چونکە هەر کەسێک لەم شارە کاردەکات، هەزارو یەک توانج‌و گلەیی‌و رەخنەی ئاڕاستە دەکەن، بەشێوەیەک کە زۆر کەم دەوڵەمەندو وەبەرهێنەر لە شاری سلێمانی کاردەکەن‌و زۆربەیان دەڕۆنە دەرەوەی ئەم شارەو پێموایە، بەو جۆرە رەخنانەی ئێستا لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەیانبینین کە باش‌و خراپ، خزمەتگوزارو پارەخۆر بەیەک چاو سەیر دەکەن، ئەوەندەی تر وەبەرهێنەران لەم شارە دووردەخەنەوە.

azadhawlaty@gmail.com

**(١) کتێبی (ئابووریی بەزمانی سادە)، نووسینی (دکتۆر جەیمس گۆرتنی‌و ریچارد سترۆپ‌و دوایت لی)، وەرگێڕانی بۆ کوردی (بەختیار کەریم).**

# خواستی گەل، داواکاری گشتییە

سەیفەدین مەنمی

لەهەر وڵاتێکی ئەم جیهانەدا، داواکاری گشتیی دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرجەستەبوونی دادوەریی‌و دیموکراسی‌و دیموکراسییەت‌و بنبڕکردنی گەندەڵی‌و نەهێشتنی تاوانەکانی کۆمەڵگە لە بوارەکانی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی، چونکە ئەرکی داواکاری گشتیی بریتییە لە بەدواداچوونی سەرجەم ئەو کەموکورتییانە، یان ئەو ناعەدالەتی‌و ناشەفافییەتانەی لە دامودەزگاو دامەزراوەکانی وڵاتدا روودەدەن، بەتایبەتی ئەو سەرپێچی‌و پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر بە مافەکانی تاک‌و کۆمەڵگە دەکرێن‌و سنوورەکانی یاسا دەبەزێنن، لەگەڵ ئەوەشدا دوور لەچاوی عەدالەت‌و لێپرسینەوەی یاسایی، وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن. کەواتە رەتکردنەوەی پرۆژەیاسای داواکاری گشتیی لە پەرلەمانی کوردستاندا، شەرعیەتدانە بەو هەموو سەرپێچی‌و پێشێلکارییانەی لە وڵاتدا روودەدەن‌و سیمای وڵات‌و نەتەوە ناشیرین دەکەن.

دەبوایە پەرلەمانی کوردستان بە ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتەوە، زۆر بە گەرمی پێشوازییان لەوەها پرۆژەیەک بکردایەو بەجدیی هەوڵی هەموارکردن‌و تێپەڕاندنیان بدایە، چونکە یاسایەکی لەم چەشنە دەبێتە هۆی پاراستنی هەموو بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان‌و بڕینەوەی دەستی تاوانکاران لەهەر بوارێکدا بێت بۆ چەسپاندن‌و بەرجەستەکردنی دادپەروەریی‌و راستگۆیی لەهەموو کون‌و قوژبنێکی ئەم وڵاتەدا، ئەگەر سەیری رووپەڕی رۆژنامەکان بکەین، دەبینین کە لە وڵاتدا رۆژانە چەندین پێشێلکاریی روودەدەن‌و چەندین ستەم‌و سووکایەتی بەتاکی ئەم کۆمەڵگەیە دەکرێت‌و کەسیش وەکو پێویست بەدواداچوون بۆ زوڵم‌و ستەمەکانیان ناکات‌و زۆرجاریش دۆسیەکانیان لە دادگاکاندا تۆزیان لەسەر دەنیشێت‌و لێیان ناپرسنەوە. کەواتە داواکاری گشتیی بۆ بەدواداچوون‌و تاووتوێکردنی ئەو دیاردە نایاسایی‌و ناتەندروستانە زۆر پێویستەو لەجێی خۆیدایە کە پەرلەمانی کوردستان بە پرۆژەیەکی سەنگین‌و کارێکی تەندروست لێی بڕوانێت. خۆ رەنگە چینێکی دەسەڵاتدار لەبەرپرسانی وڵات لەگەڵ تێپەڕاندنی ئەو یاسایەدا نەبن‌و لە بەرژەوەندییان نەشکێتەوەو زیان بە سەروەت‌و سامانیان بگەیەنێت، بەڵام دەبێت پەرلەمان کۆمەڵگەیەکی چەند ملیۆنی بکات بە قوربانیی حەزو ئارەزووی چەند بەرپرسێک‌و لەبەر خاتری خاترداران سیمای وڵات ناشیرین بکرێت‌و نیشتمان ببێتە وڵاتێکی پاشاگەردانی‌و کەس کەس نەخوێنێتەوە؟

کەواتە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتیی، دەبێتە هۆی پاراستنی هەموو کۆمەڵگەو لە هەر زوڵم‌و ستەمێک دەپارێزرێن‌و باڵانسی عەدالەت لەناو چین‌و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا رادەگرێت، بەڵام نەبوونی دەستەیەکی یاسایی‌و دادوەریی لەم جۆرە، جگە لەوەی کە گەندەڵی‌و پێشێلکاریی هەموو وڵات دەگرێتەوەو دەبێتە وڵاتی قەزاو قەدەر، لەهەمانکاتیشدا لە رووی شارستانی‌و ژیاری‌و کۆمەڵایەتییەوە، دەیان ساڵ لە گەلانی دیکەی ناوچەکە دووردەخاتەوە، هەربۆیە دەبێت حکومەت‌و پەرلەمان بۆ پتەوکردنی پایەگاکانی دادوەریی وڵات‌و گەشەکردنی رەوتی دیموکراسییەت‌و دادپەروەریی، هەوڵی ئەوە نەدەن کە پرۆژەیەکی وا گرنگ‌و ستراتیژی پەراوێزبخەن، بەڵکو دەبێت زۆر بە ئەمانەت‌و دووربینییەوە لە ئاکامەکانی بڕوانن‌و بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات لە رووی ئاسایش‌و ئابوورییەوە لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییە شەخسی‌و حیزبییەکانەوە سەیر بکرێن، بۆ ئەوەی ئێمەش لە رەوتی دیموکراسیەتی وڵاتانی دەوروبەر دوانەکەوین‌و گەشەی شارستانیمان پێوە دیاربێت‌و لەئاستی دیاردە دزێوو ناشیرینەکاندا دەستە ئەژنۆ نەبین‌و بەدواداچوون بۆ هەر دیاردەیەکی نایاسایی‌و هەر پێشێلکارییەکی ناتەندروست بکەین‌و رادەستی دادگایان بکەین.

بێگومان خۆ بەدوورگرتن لە هەموارکردنی پرۆژەیەکی وا گرنگ، جگە لەوەی کە وڵات تووشی دەیان‌و سەدان گرفتی سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی دەکات، لەهەمانکاتیشدا ئەوە دەسەلمێنێت کە بەرپرسانی وڵات ئەوەندە بەخەستی لەگەندەڵییەوە ئاڵاون، کە لە دەستگایەکی لەم جۆرە دەسڵەمنەوەو تووشی شۆک دەبن.

کەواتە دەبێت ئەندامانی پەرلەمان داکۆکیکاری سەرسەختی بەرژەوەندییەکانی وڵات بن‌و جێگەی متمانەی راستەقینەی جەماوەربن، چونکە پەرلەمان دەستەگوڵی هەڵبژێردراوی میللەتن بۆ ئەرک‌و بەدواداچوونی کێشەو گرفتەکانیان، ئەگەر وانەبێت، پەرلەمان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە پەرلەمان پێگەو سەرچاوەی هەموو خواست‌و داواکارییەکانی جەماوەرە.

پەرلەمان ئامادەیە کە پرۆژە یاسایەک لەسەر خەتەنەکردنی ژنان‌و جگەرەکێشان‌و مادەهۆشبەرەکان تێپەڕێنێت، بەڵام ئامادە نییە یاسای داواکاری گشتیی هەموار بکات، ئەمە لەکاتێکدا کە داواکاری گشتیی دەتوانێت بەدواداچوون بۆ گرفتەکانی ئەو یاسایانە بکات‌و هاوکار بێت بۆ چارەسەرکردنیان، بەڵام پێچەوانەکەی وا نییە. کەواتە پرۆژە یاسای داواکاری گشتیی دەبێتە پێشەنگی چارەسەرکردنی سەرجەم کەندو کۆسپ‌و کێشەو گرفتەکانی جەماوەری کوردستان، ئەی کەوابوو، خۆدزینەوە لە هەموارکردنی پرۆژەیاسایەکی وا گرنگ‌و پڕبایەخ بۆچی‌و لەپای چی؟

# «سەرۆک، نەوتەکە دەڕوات»



لەتیف فاتیح فەرەج

لەکوردەواریدا، پەندێکی باو هەیە، دەڵێت: «دۆست ئەوەیە، دەمگریێنێت»، ئەو پەندە، پەندی باووباپیری ئێمەیەو بارزانیی باوک، ئەوەی بە دۆست زانیوە کە راستیی بارودۆخی وڵاتی تێگەیاندووە، نەک ئەوەی بە فشە کوردستانی بۆ کردووە بە شامی شەریف‌و مەلیکی کوردستانیش لە وەڵامی ئەوانەدا کە وتوویانە، پیرەمێرد جنێوت پێدەدات، وتوویەتی، من‌و پیرەمێرد خاڵ‌و خوارزاین، ئەوە تەنقیدم دەکات. پێویستە سەرکردەو سەرۆک، گوێ لەو راپۆرتانە بگرن کە برینەکانیان نیشاندەدەن، پێویستە ئەو وتارو هەواڵ‌و رەخنانە بخوێننەوە کە حەقیقەتیان بەبێ ماکیاج نیشاندەدەن، نەک ئەو راپۆرت‌و نووسینانەی بە باڵایاندا هەڵدەڵێن. سەرکردەو سەرۆک، پێویستیان بە راپۆرتێک نییە بەباڵایاندا هەڵبڵێت، دیارە من پێموایە، ئێوە لەو بابەتە نین کە پێتان خۆش بێت، زووڕناژەن‌و ئەوانەتان هەبێت، بە باڵاتاندا هەڵبڵێن، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم کە هەن‌و نایانەوێت بە ئاسانی دەنگی خەڵک بگاتە ئێوەو نایانەوێت، دەنگی حەقیقی ئێوەش بگاتە خەڵک‌و ئەوان، بازرگانی شەڕو دووبەرەکی‌و ململانێن. ئەوانە، بە راپۆرتی بێناوەڕۆک، وێنەی نیشتمانێک دەکێشن کە رۆژنامەنووسەکانی تیرۆر ناکرێن‌و ئۆتێلەکانی ناسووتێنرێن، ناسووتێن، گردو دەشتودەرەکانی داگیر ناکرێن، شیش‌و گەڵابەو شۆفڵ‌و نەوت‌و ئەندامی جەستەی مرۆڤەکانی بە قاچاغ نابرێن. ئەوانە، وێنەی نیشتمانێک بۆ ئێوە دەکێشن، شارەکانی سواڵکەریان تێدا نییە، هاوڵاتییەکانی ئاوی پیس ناخۆنەوە، سنوورەکانی لەژێر بەزەیی تۆپی دراوسێکاندا نانالێنن، پێشمەرگە دێرینەکانی رەشورووت‌و برسی نیین‌و نووسەرو رۆشنبیرو رۆژنامەنووسە راستگۆکانی لەبەردەم هەڕەشەی شەق‌و نانبڕیندا نیین. ئەوانە، یۆتۆپیایەک نیشاندەدەن کە بە ئەفلاتۆنیش دروست ناکرێت‌و نایانەوێت بە تۆ بڵێن، زۆرێک لە مافیاکانی شەڕی ناوخۆ، کۆمپانیای تاڵانکردنی وڵاتیان داناوەو نایانەوێت پێت بڵێن، بارودۆخی نیشتمان باش نییەو لە بەرامبەر میدیایەکدا میدیایەکی دیکە قوتکراوەتەوە، ئەرکی بەخشینەوەی جنێوە بە هەرچی جوانیی هەیەو بە شانازییەوە راپۆرتە پڕدرۆکانیان بۆ فریودانی بەرپرسەکانی نیشتمان بەکاردەهێنن‌و بە شانازییەوە کار لەسەر ئەوە دەکەن چۆن هاوپیشەکانیان تووشی کێشەو سەرئێشە بکەن‌و خۆیشیان دەخۆن‌و دەڵەوەڕێن. ئەوان کە نەوتەکە دەڕوات، دەڵێن، ناڕوات‌و کە یارانی نیشتمان دەڵێن، دەڕوات، دەڵێن، ئەوانە دژن‌و کە نەیاران دەڵێن‌و بە بەڵگەوە نیشانی دەدەن، دەڵێن، رەشەو کە دەردەکەوێت رەش نییە، دەڵێن، لە عێراقەوە دێت‌و کە دەردەکەوێت لە عێراقەوە نایات، لیژنە دروست دەکەن، ئەمە مەتەڵە، یان شیعری سەیرو سەمەرە. ئێستا کە نەوتەکە دەڕوات، پارەکەی بۆ کوێ دەچێت، ئایا پارەکەی لە بلەو بارزان‌و شۆڕش‌و رزگاری‌و پیرزین خەرج دەکرێت، یان کەس نازانێت بەرەو کوێ دەڕوات. نەوتەکە دەڕوات‌و جادەی نێوان کەرکوک- سلێمانی بەشە زۆرەکەی، هەر جادەکەی سەردەمی بەعسە، جادەی نێوان هەولێر- دهۆک بەشی زۆری هەر جادەکەی سەردەمی بەعسە. نەوتەکە دەڕوات‌و کارەباکە هەرخراپەو نەوتەکە دەڕوات‌و هێشتا زۆربەی کەناڵە ئاسمانییەکان گرەو لەسەر ئەوە دەکەن کە زۆرترین هەژارو نەداری ئەم وڵاتە نیشان بدەن. نەوتەکە دەڕوات‌و «١٠٠» قوتابخانەی مۆدێرن لەم وڵاتەدا نییە، ئەوەی کە هەشە بەشێکی بۆ خواپێداوەکانە. نەوتەکە دەڕوات‌و شارو شارۆچکە نییە سێ چوار فەرمانگەی لە خانووی کرێدا نەبن. نەوتەکە دەڕوات‌و کەرکوک لە دڵ‌و قودسی کوردستانەوە بووە بە زبڵخانەی کوردستان.

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
serwan_rm@yahoo.com
–
هیوا جەمال
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای پەپیەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ ٧٥٠١١٨٢٣٨٣

# پرسیارو کێشەکان زۆر لە وەڵامەکان قوڵترن!



**ئازاد چالاک**

پاش راپەڕین منیش وەک زۆر کەسی دیکە لە کوردستان هیواو ئاواتێکی زۆرم لەسەر د.بەرهەم هەڵچنی بوو کە گوێم لە قسەکانی دەگـرت، دەمـوت کەسێکی دیکەی گەنج خـاوەن بڕوانامەو خاوەن پسپۆڕییو دنیادیدەو دیپلۆمات، کە دەتوانێت بە چەندین زمان وەک زمانی دایک بدوێت، روودەکاتەوە کوردستانە کلۆڵەکەی خۆمانو دەبێتە کۆڵەکەیەکی پتەوی هەڵسانەوەو بنیاتنانەوەی یەکێتیو لەبەرئەوەی ساڵانێکی زۆر لە ئەوروپاو ئەمریکا ژیانی بەسەربردووە، ئەوا بە ئەزموونەکانی ئەویو تواناو هێمنـیو دیدو بۆچوونەکانی خۆی ئەزموونی دیموکراسی ناو حیزبو ناو حکومەت بەهێزتر دەکات، لەبەر هەر هۆیەک بێت بە بۆچوونی من کە هیوادارم هەڵە بم د.بەرهەم، وەک زۆر کەسـی دیکە ئەو کارەی پێنەکراو چووە ریزی ئەو کاروانەی کە کات بەڕێدەکاتو بۆ هەموو گرێکوێرەیەک بەڵێنێک دەداو بۆ هەموو پرسیارێک وەڵامێکی ئامادەی چەندجار بیستراوی پێیە.

د.بـــەرهـــەم، لای ئەمریکییەکان کەسێکی خاوەن تواناو عەقڵێکی کراوەو خۆشەویست بوو، لای عێراقییەکانو لای لایەنە سیاسییە عەرەبەکانیش بەڕێزێکی زۆرەوە سەیر دەکراو ئەگەر قسە بهاتایە سەر کەسێکی شایستەی بەرپرس، کە لە حکومەتی پێشووی عێراقدا خاوەن توانا بێت، ئەوان پێش ئێمە د.بەرهەمیان بەنموونە دەهێنایەوە، من ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، کە ئایا ئێمە لە تێڕوانینەکانماندا هەڵە بووین، یاخود بارودۆخی کوردستانو بەرژەوەندییە هەمەلایەنەکانو ململانێکانی حیزبو کێشە ئاڵۆزەکان وایانکرد، کە بۆچوونەکانمان هەڵە دەربچنو ئەمە حالـی حیزبایەتیو سیاسەتە، چونکە گەر بتەوێ بمێنیتو پەراوێز نەخرێی هەر تەنیا یەک رێگەت بۆ دەهێڵنەوە، کە وەک پردی سیرات باریکەو هەر دەبێ بیگریتەبەر، کە ئەوەشیان دیسان بێ باجی گەورە نییە.

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمو کۆبوونەوەکەی (٧/١٦)ی یەکێتیی نووسەرانی کورد**

نایشارمەوە بەسەرسوڕمانەوە هەواڵـی ئەو داوەتکردنو بەشداریکردنەم وەرگرت، کە لەلایەن نووسینگەی بەڕێز د.بەرهەم-ەوە بە تەلەفۆن ئاراستەم کراو پێموابوو: کە هەڵەیەک هەیە، دەنا بۆ من بانگ دەکرێم بۆ ئەو کۆبوونەوەیە! دواتر زانیم کە هەر من وەک سەرنووسەر بانگ نەکراوم، بەڵکو سەرنووسەری (ئاوێنـەو هاوڵاتیو لڤین) یش بانگکراون، بەویژدانەوە دەڵێم: کە ئەمە هەنگاوێکی ژیرانەو دیموکراتیانەی د.بـەرهـەمـە، چونکە دەیـتـوانــی بێ ئامادەبوونی ئێمەش ئەو کۆبوونەوەیە بەکەمترین رەخنەو گازندە بەڕێبکات، بەڵام بیرۆکەی بەشداریکردنی میدیای ئازادو ئۆپۆزسیۆن لەو کۆبوونەوەیەدا بۆ خۆی خالێکی بەهێزو پۆزەتیڤە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم.

دەمێک بوو جگە لە کۆبوونەوەکانی لیستـی هاوپەیمانیی لە بەغدا بەشداریی هیچ جۆرە کۆبوونەوەیەکی حیزبییو غەیرە حیزبیم نەکردبوو، کۆبوونەوەکەی سـەرۆکـی حکومەتی هـەرێـم لەگەڵ یەکێتیی نووسەران لای بەندە بایەخو گرنگییەکی تایبەتی هەبوو، پێمخۆش بوو بزانم نووسەرانی کورد لە هەگبەیاندا چ خـەمو ئـازارێـکـی میللەتەکەیان هەڵگرتووەو دەیانەوێت بەدیتنی سەرۆکی حکومەتەکەیان چـی بڵێنو بە چ شێوەیەک خەمەکانیان هەڵڕێژن، پێموابوو: کە یەکەم پرسیارو دوا پرسیار باس لە فراوانکردنی مەودای ئازادیی دەربڕینی نووسەرانو رۆژنامەنووسانو دیموکراسی لە هەرێمو چاکسازیی هەمەلایەنەی ئەدای حکومەتو بەرنامەی کارکردنو خزمەتگوزارییە شـەلو ئیفلیجەکان دەبێت، نووسەران وەک کـەسـانـی رۆشـنـبـیـری خـاوەن قـەڵـەمو وشـەو هەڵوێست، پێداگریی لەسەر بەربەرەکانـێکردنی گەندەڵـییو ئاودیوکردنی نەوتو پاراستنی سەروەتو سامانی گشتیی دەکەن.

پێموابوو: نووسەران ئەو مەسەلەیە دەورووژێنن، کە دەبێ ئیتر لەمەودوا ناوی نووسەر بە کەسێک نەدرێت لەبەرئەوەی کە چەند پارچە شیعرێک، یان چەند چیرۆکێک، یان چەند وتارێکی گشتیی بۆ حیزبەکان دەنووسـێت، بەڵکو پێوەر بۆ نووسەر، چ لە زەمانی شاخو چ لەدوای راپەڕین بەو کەسانە بدرێت کە بە قەڵەمەکانیان، بە هەڵوێستیان دەست دەخەنە سەر کەموکورتییەکانو ئازایانە ئێشو ئازارەکانی هاوڵاتییان لە نووسینەکانیاندا رەنگ دەداتەوەو پێشنیازی بەجێ بۆ حکومەتو دەسـەڵاتـداران دەخەنەڕوو و ئامادەن لەسەر بیروڕای نیشتمانپەروەرانەیان هەڵوێستوەرگرنو باجەکەشی بدەن.

ئـەوەی کە بینیم لە کۆبوونەوەی نووسەران لەگەڵ (رێـزی زۆرم)، جگە لە دوو سـێ نووسەر، هەموو ئەوانی دیکە تەنیا داوایـان، عەرزەو گەڕانەوەی رێـزلـێـنـانو زیـادکـردنـی مـووچـەو خۆشگوزەرانیی نووسەران بـوو، ئیتر کێشەی زمانو رێزمانو هونەرو شانۆو ئەدەب بەگشتیی ئەمڕۆ لە چ ئاستێکدایە، ئەوە کێشەی زۆربەی زۆری نووسەرانی کورد نەبوو!

ئـەوەی لەو کۆبوونەوەیە بەچاوی خۆم بینیم ئەو ئاستە نزمەیە، کە حیزبو حکومەتو سەندیکاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مـەدەنـیو سێبەری حیزب تێیکەوتوون، کە پێویستی بە بەرخۆدانو موعجیزەیەک هەیە بـۆ چاکبوونو هەڵسانەوەیان.

نە زۆرینەی نووسەران باسـی کێشە سەرەکییەکانی کوردو هاوڵاتییانیان کردو، نە سەرۆکی حکومەتیش بابەتی ئەو کێشە زۆرانەو ئەو بارە ئاڵۆزەی لەگەڵ کردنەوە بۆ ئەوەی بزانێ بیرو هزری نووسەرانی کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان چۆن دەبینو نووسەران چی پێشنیاز دەکەن.

وەڵامی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داخوازییەکانی نووسەرانی کورد رووبـەڕووی وەزیری رۆشنبیریی هەرێم کرایەوەو وەڵامەکانی بەڕێزیشی بۆ میدیای ئازاد لەمەڕ تەسککردنەوەی مـــەودای ئـازادیـیو دیـمـوکـراسـیو تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسانو فەوزای رۆژنامەگەرییو رێزنەگرتن لە یاساو تەشەنەکردنی گەندەڵـیی خۆی لەچەند رستەیەکی کورت بینـی، کە دەیان جار بەگوێماندا دراوە، کە ئەویش:

کێشەکانـمان زۆرنو هەمـووی بە شەو و رۆژێک چارەسەر ناکرێن.

شتی زۆر کـراوە، بەڵام ئێوە تەنها کەموکورتییەکان دەبینو باسـی شتە باشەکان ناکەن.

وەرن با هەموومان پێکەوە دەست بخەینە دەستی یەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

ئەوانەی هەتا دوێنێ لەناو حیزبدا بوون بەشێکی ئەو کەموکورتییانەیان لەئەستۆدایەو هەموو گیروگرفتەکان خەتای حیزبە دەسەڵاتدارەکان نییە، بەڵکو خەتای ئەوانەشە کە ئەمڕۆ لە ئۆپۆزسیۆندان.

بەم جۆرەو بەم وەڵامانە کۆتاییهات بەکۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ یەکێتی نووسەرانی کورددا.

# پەکەکەو قەندیل، دووچەمکی هاوتای یەکن لە شۆڕشو خۆڕاگریدا

**هاوڕێ کاستڕۆ- رانیە**

## لەماوەی (٢٦)ساڵی رابردووی شەڕدا، پەکەکە چەندین رێگاچارەی دیموکراسی بردووەتە بەردەم دەوڵەتی تورک، بەڵام بێسوود بوون

بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی تورکو (٣٠٠)ساڵ لە دەسەڵاتی عوسمانییەکان، لە خۆرهەڵاتی نـاوەڕاسـت، تورکەکان بـە دیدێکی ناسیۆنالیستانەو دوور لەهەموو پێوەرەکانی بەیەکەوەژیانو خەسڵەتەکانی مرۆڤدۆستی، مامەڵە لەگەڵ نـەتـەوە جـیـاوازەکـان دەکـەنو ژیانو بەرژەوەندییەکانی تورکیان وەک نەتەوەیەکی سەردەست لە تورکیا کردووەتە شوناسی ژیـانو نەتەوەکانی تریشیان کردووەتە قوربانی، بەتایبەتیش نەتەوەی کورد، بۆیە سیاسەتی پەراوێزخوازی تورک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەک بنەمایەکی دارێـژراوو پرەنسیپی مامەڵەی لەگەڵ کراوەو بەدرێژایی مێژووی بنیادنـانـی دەوڵـــەتـی تـــورک، لـەسـالـی(١٩٢٤)و لەدوای رووخانی خەلافەتی عوسمانیو دامەزراندنی کۆماری تورکیا، درێژەیان بـە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی داوە، بەڵام بەفۆرمێکی جیاوازتر، لەبەرئەوە دەرگـای بە رووی هەموو کێشەکانی کـورددا داخستووەو دیموکراسییەتێکی پەیڕەوکردووە، کە لە بەرژەوەندیی تورکدا بێتو هاوسەنگیی لەنێوان ئیسلامیی سیاسییو عەلمانییەتدا راگرێت، بۆیە پرۆژەی کرانەوەی دیموکراسی لە تورکیا، جگە لە سیناریۆیەک بۆ چەواشەکردنی رای گشتیی، هیچی تر نەبوو، چونکە دەبینین ئەوجارەش هیچ دەرئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە، بۆیە هەرهەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی ئاشتی لە تورکیا، بە پەراوێزکردنی پەکەکە دەستپێبکاتو بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هیچ ئەنجامێکی نابێت.

لـەبـەرئـەوەی کـە رەوشـــی هـزری تورک ئامادە نەکراوە بۆ گفتوگۆکردنو بەیەکەوەژیانی نەتەوەجیاوازەکان، بەتایبەت کوردو تورک، لەکاتێکدا کە هیچ دەرفەتێکی دیموکراسی لەئارادا نەبێتو ژیـان لە چـاوەڕوانـی مـەرگـدا بێت بۆ کورد، ئایا تاکەڕێگا لەبەردەمی کورددا رێـگـای شۆڕشی سەربازیی نییە، بۆ داکۆکیکردنی لەمافی بوونی کوردایەتی؟ بۆیە لەسالی(١٩٧٨) وەک هەنگاوێک بۆ رووبەڕووبوونەوەو داکۆکیکردن لەمافی زمانی دایکو کلتووری نەتەوایەتی، پەکەکە بە رێبەرایەتیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان خۆی راگەیاندو لە سـالـی(١٩٨٤)وە تا ئەمڕۆ، شەڕ لەنێوان پەکەکەو تورکدا بەردەوامە، لەبەرئەوە لەماوەی (٢٦)ساڵی رابردووی شـەڕدا، پەکەکە چەندین رێگاچارەی دیموکراسی بردووەتە بەردەم دەوڵەتی تـورک، بـەڵام بێسوود بـوون، چونکە ئاستەنگەکانی بـەردەم ناسیۆنالیستی تورک گـەورەنو دەرفەتی ئاشتەواییو بەیەکەوەژیان نادەنو هەمیشە لە دنیای خەلافەتی عوسمانیدا دەژین، بۆیە رەوشی ئارامیی لـەم وڵاتـەدا جێگیر نابێتو چارەنووسی ژیـان کەوتووەتە دەست کۆمەڵێک سەرباز، لەبەرئەوە ئێستاش پەکەکە لە دۆخێکی بەهێزدا خەبات دەکاتو وەک هێزێکی ئامادەباش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، خاوەن پێگەیەکی گەورەی سیاسیو هێزێکی گـەورەی سەربازییە لەناوچەکەدا، هەروەها ئەوناوچانەی ئەمڕۆ پەکەکە خەباتیان تێدادەکات، لایەنێکی تری بەهێزی پەکەکە دەردەخەن، چونکە بەپێی پێوەرە سەربازییەکانو قسەی پێشمەرگەدێرینەکانی باشووری کوردستان، قەندیل بەگرنگترین ناوچە لە رووی هەڵکەوتەی سروشتیو چڕی ئەوناوچەیە، بەتایبەت لە وەرزی زستاندا وەسف دەکەنو دەڵێن، ئەستەمە مرۆڤ لـە ناوچەیە بـژیـت، جگە لـە گەریلاو پێشمەرگەو ئەوەشیان بەدوور زانی کە هیچ دوژمنێک بتوانێت بەسەرقەندیلو پەکەکەدا سەرکەوێت ئەگەر کورد خۆی نەیەوێت، چونکە گەریلا وەک هێزێکی شۆڕشگێری چالاک لەبواری سەربازیدا، ئەم ناوچەیەی کردووەتە هەرێمێکی ئارام لە ژیانی کۆمەڵایەتیو بەهێز لە رووی سەربازییەوە، ئەگەر تورکیاو ئێران لێگەڕێن، ئارامترین ناوچە دەبێت لەعێراقدا، لەبەرئەوە بەدرێژایی دەسەڵاتی پەکەکە لە قەندیل، هیچ جـۆرە توندوتیژییەکی دژی ژنـانو خۆسووتاندنو کوشتنی ژنان تۆمارنەکراوە، ئەگەر روشیدابێت لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی ئەواندا ئەنجامدراوە، ئەمەش پێوەرێکی گرنگە بۆ هاوسەنگکردنی ژیانی نێرو مێو سەرکەوتنی دەسـەڵات لەناوچەکەدا، چونکە لەناوچەکانی تـردا رۆژانـە ئەم توندوتیژییە دەبینرێت، بۆیە بە رای چاودێرانی سیاسیی، گرنگیی پەکەکە لە قەندیلو پاراستنی ئەوناوچەیە وای دەبینن، بەدرێژایی دروستبوونی حکومەتی عێراق لە سـالـی(١٩٢١)ەوە تا ئەمڕۆ، نەیانتوانیوە قەندیل کۆنترۆڵ بکەنو هێزە شۆڕشگێڕەکانی لێدەرکەن، بۆیە ئەگەر هێزێکی وەک پەکەکە لەقەندیل نەبوایە، ئەوە لـەدوای راپەڕینەوە ئەوناوچەیە دەبووە حەشارگەی مرۆڤکوژو رێکخراوە تیرۆریستەکانو وڵاتـانـی دراوسـێـش وەک وەرەقـەی فشار بەکاریاندەهێنا بۆ سەر حکومەتی کوردستان، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو خەسڵەتانەی پەکەکەو بوونیان لەقەندیل، دەبێت لەوسۆنگەوە نووسەرانو خوێندەوارانی کـورد خوێندنەوەیەکی لۆژیکییانە بۆ دۆخی سیاسیی پەکەکەو شۆڕشکردن لە کوردستانی باکوور بکەنو رەهەندەکانی بەشێوەیەکی زانستی سیاسییانە شرۆڤە بکرێن، نەک بەشێوەیەکی سۆزداریی مامەڵە لەگەڵ گەورەترین کێشەی خۆرهەڵاتی نـاوەڕاسـت بـکـەنو لـەچـوارچـێـوەی بەرژەوەندیی نووسینێکدا مامەڵە بکرێت، لـەبـەرئـەوە دۆخـی سیاسیی ئەمڕۆی باکووری کوردستان لەناو هاوکێشەیەکی بەرژەوەندیی چڕی وڵاتدا گوزەردەکات، دەبێت بەچاوێکی فراوانتر تابلۆ سیاسییەکە بخوێنرێتەوە، بۆیە هەر هەنگاوێک بۆ لـەکـەدارکـردنـی پەکەکە بهاوێژرێت، مانایەکی مەترسیدار دەخولقێنێت لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیو هەنگاوێک دەبێت بۆ بێماناکردنی شۆڕشکردن، دواجار ئەو میکانیزمانەی بۆ بچووککردنەوەی پەکەکە لەچوارچێوەی نووسینو گفتوگۆکردنی تەلەفزیۆنەکاندا دەبینرێن، کە هەندێک نووسەر لەم ماوەیەدا کردوویانەتە خەمی خۆیان، بەڵام بچووکترین کاریگەرییان نەبووە لەسەر رەوشی بیرکردنەوەی تاکی کورد، چونکە مەودای ئەمجۆرە نووسینانە تا چاپخانە بردەکەنو لەوێوە ماڵئاوایی لەئەخلاقیاتی نووسین دەکەن، لە راستیدا ئەمجۆرە نووسەرانە بەبێ گەڕانەوە بۆ رابردوویانو شوناسی سیاسییان، باس لە کێشەی پەکەکە دەکەنو بە جەستەی خۆیان، بەڵام بەهزری تورک رێگاچارە بۆ پەکەکە دادەنێن، لەکاتێکدا گەورەیی کێشەکە لەئاستی بیرکردنەوەو توانای ئەواندا نییە، چونکە ئەوان بۆ سەردانی سلێمانیو هەولێر دەبێت پرسی سیاسیی بکەن، بۆیە ئەوەشیان بۆ گەرمکردنی بـــازاڕی نووسینە، نـــەک هەڵوێستی سیاسییان، لەبەرئەوە کێشەی گەورەی پەکەکە کێشەی نەتەوەیەکی (٢٠)ملیۆنییە لە تورکیاو هەر کوردێک بۆخۆی پەکەکەیەکە لە باکووری کوردستان، بۆیە بەو ستوون نووسینە چارەسەر ناکرێت.

# تۆپو نەوت



پشكۆ ناكام

قاچاخچی، سیفەتێک نییە کە تەنها بە یەک کەس بوترێت، بەڵکو بەپێی قەوارەی ئەو کەسانەی بەو کارە (ئابووری)یە هەڵدەستن، ناودەبرێت. کە حیزبێک خەریکی قاچاخچێتی بێت، پێیدەڵێن، حیزبە قاچاخچییەکە، یان کۆمەڵێک کەس سەریان نابێت بەیەکەوەو بەو کارە ناوبانگیان هەبێت، خەڵک بە (جەماعەتە قاچاخچییەکە) ناویان دەبەن، خۆ ئەگەر حکومەتێکیش بە (قاچاخچێتی) ژیا، بە حکومەتە قاچاخچییەکە دەناسرێتو دووریش نییە بنەماڵە هەبێتو قەدەریان بەو (پیشە)یەوە بەسترابێتەوە، بۆیە بە بنەماڵە قاچاخچییەکە دەچنە تەئریخەوە.

بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەوەی تاکە کەسێک، یاخود چەند کەسێکی کەم بۆ بژێویی خۆیان بەوکارە هەستن، بەرامبەر بە حیزب، یان دەسەڵاتێک بەو کارە هەستێت، چونکە لەکاتی ئاشکرابووندا، تاکەکەسێک کە (قاچاخچییە)، باجی (پیشە)کەی جیاوازە لەوەی کە حیزب، یان حکومەتێک ڕووبەڕووی باجەکە بێتەوە، لە خراپترین حاڵەتدا کەسێکی قاچاخچی، زیندان دەکرێت، ئەی ئەگەر دەسەڵاتێک کە دوو حیزبی لەپشتەوە بێت، چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟!!

کاتێک دەسەڵاتێکی سیاسیی بە (وەعی)یەوە، قاچاخچێتی کردووە بە بەشێک لە داهاتی خۆی، ئەو داهاتەی کە لەبنەڕەتدا موڵکی گشتییەو دەبێت بۆ خەڵکو پێداویستییەکانی سەرف بکرێت، بەپێچەوانەوە تەنانەت خەڵکانی سەر بە دوو جەمسەری دەسەڵاتەکەش ئاگاداری وردەکاریی‌و چۆنێتیی سەرفکردن‌و چارەنووسی ئەو داهاتە نین، چ جای دەیان کەسی (دەستڕۆیشتووی) حکومەت ئاگاداری ئەو قاچاخچێتییە نین، یاخود ئاگادارن‌و خۆیان بێدەنگ کردووە تا (نانبڕاو) نەبن.

ئەمڕۆ لەسەر ساحەی عێراقی‌و دەرەوەش، دەسەڵاتی سیاسیی بەهۆی قاچاخچێتیکردن بە (نەوت)ی هەرێمەوە، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیارو کێشە بووەتەوە کە خۆدەربازکردنی ئاسان نییەو وەک هەموو کێشەیەکی دیکە (بۆیان ناچێتەسەر). دەسەڵاتێک بە (٩) ملیار دۆلاری بودجەو داهاتی گومرگو ئەو هەموو ئەملاولایانەی تێرنەخوات، لەپاڵ ئەوەشدا بکەوێتە قاچاخچێتی بە داهاتێکی دیکەی هەرێم کە نەوتەو بیەوێت وەک هەموو کارەکانی دیکە، خەڵکو دەرودراوسێش بەوە چاوپۆش بکات کە شتی وا ڕووی نەداوەو ئەگەر (خوانەکردە) ڕووش بدات، ئەوە بۆ خزمەتی هەرێمی کوردستانە!!!، هەر باشە دەسەڵاتی هەرێم پێمان ناڵێت کە بودجەکە کەمەو بەشی ئەو هەموو عەشاماتەی (٣) پارێزگاکەی هەرێم ناکات!، بۆیە ناچارە ئەو قاچاخچێتییە بکات بۆ ڕازیکردنی خەڵک (نەوتی خۆمان بۆ گیرفانی خۆمان)!!

یەکێک لە مەترسییەکانی گەورەبوونی ئەم کێشەیە، ئەوەیە کە لە حکومەتی ناوەندەوە بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەو نەوتەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەیکات بەو دیوا، مەزنە بکرێتو لە بودجەی هەرێم ببڕدرێت، کە ئەوەش خەڵکی باجەکەی دەدا، چونکە دەسەڵات ئەوکاتە بەبیانووی ئەو کەمکردنەوەیە، هێندەی دیکە لە خزمەتگوزاریی کەمدەکرێتەوەو هێندەی دیکەش دەخرێتە قاسە تایبەتییەکانی دەسەڵاتەوە لەژێر دروشمی (ئەزموونی بودجەی هەرێم!).

پرسیارێکی دیکەی ئەم قاچاخچێتییە ئەوەیە: باشە کە هەرێم (نەوت) بۆ ئێران ئاودیو دەکات، لەبەرامبەردا ئێران چی دەکات؟ هەموو ڕۆژانە دەبینین لەبری ئاودیوکردنی نەوتی هەرێم، ئێران (تۆپ) ئاودیو دەکاتو قوربانییە مادیی‌و ئینسانییەکان زۆر لەو تەنکەرانە گەورەترن کە ئاودیو دەکرێن.

تۆ بڵێیت دانیشتووانی بناری قەندیل‌و ناوچەکانی دیکەش، هێندە هەستی دەسەڵاتدارانی هەرێم نەبزوێنن کە بۆ جارێکیش بڕیار بدەن لەنێوان نەوتی هەرێمو تۆپی ئێراندا، ئەو خەڵکە بپارێزن؟ ئەگەرچی کەس نازانێت پارەی ئەو ئاودیوکردنە چەندەو چی لێدێت، چونکە دەچێتە خانەی (نەسریەی نەوت)ەوە، بەڵام خۆ دەکرێت قەرەبوویەکی باشی قوربانییانی ئاودیوکردنی تۆپەکانی ئێران بکرێتەوە. ئاخۆ پارەی ئەو تەنکەرانەی ڕۆژانە دەکرێن بەودیوا، بەشی ئەوە ناکات کە قوربانییەکان بخرێنە شوێنێکی ئەمان‌و دوور لە کاریگەریی وەڵامدانەوەی ئێران، بۆ ئەو (مەکرەمە)یەی دەسەڵاتی هەرێم، لەسەر حسابی داهاتی نەتەوایەتی‌و هەستی نیشتمانپەروەرانەی جلەو بەدەستەکانی حوکمی هەرێم؟

پاش داگیرکردنی (کوەیت) لەلایەن ڕژێمی سەدامەوەو پاش سەپاندنی بایکۆتکردنی فرۆشتنی نەوتی عێراق بەدەرەوە، بڕیارێک دەرچوو بەناوی (نەوت بەرامبەر بەخۆراک)، واتە ڕژێم بڕێک نەوت بفرۆشێتو بە پارەکەی خواردن بۆ خەڵکی عێراق بکرێت، ئەمەی ئەمڕۆی دەسەڵاتی هەرێم دەیکات، هەقە ناوببرێت بە (نەوت بەرامبەر بە تۆپ)، بەڵام لە پارەکەی عێراق، چەند خواردن بۆ خەڵک کڕدرا، هەر ئەوەندەش لەم قاچاخچێتییەی هەرێم، دەچێتە گیرفانی کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمەوە.









چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩